# فەرمانبەر
# ماف و ئەرکەکانی

بەپێی یاساکانی راژەی شارستانی و رێککاری فەرمانبەران و خانەنشینی یەکگرتوو هەموارکردنەکانیان

ئامادەکردن و کردنە PDF
جوان ئیبراهیم

دیندار حسین احمد دەرگەلەیی

Scanned with CamScanner

# فەرمانبەر

## ماف و ئەرکەکانی

**بەپێی یاساکانی راژەی شارستانی و رێککاری فەرمانبەران و خانەنشینی یەکگرتوو هەموارکردنەکانیان**

**دیندار حسین احمد دەرگەڵەیی**

٢٧١٢ کوردی ١٤٣٣ کۆچی ٢٠١٢ زاینی

Scanned with CamScanner

ژمارەی سپاردن: بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی
(٢٥٢٩) ساڵی( ٢٠١٢ )ی پێدراوە.

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

وَقُلِ اعْمَلُواْ فَسَيَرَى اللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُ
وَالْمُؤْمِنُونَ وَسَتُرَدُّونَ إِلَى عَالِمِ الْغَيْبِ
وَالشَّهَادَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ

التوبة آية١٠٥

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

# ناوەرۆك


پێشەکی .................................................... ١١
بەشی یەکەم : فەرمانبەرایەتی و فەرمانبەر (الوظیفة والموظف) .................. ١٥
باسی یەکەم : فەرمانبەرایەتی گشتی ( الوظیفة العامة) .................... ١٦
واتای فەرمانبەرایەتی گشتی .................................. ٢٠
واتای فەرمانبەرایەتی گشتی لە عیراق .......................... ٢٢
پێناسە فەرمانبەرایەتی گشتی (تعریف الوظیفة العامة) .................. ٢٤
باسی دووەم : فەرمانبەری گشتی (الموظف العام) .......................... ٢٥
پیناسەی فەرمانبەر ( تعریف الموظف) .......................... ٢٥
بەشی دووەم : مافەکانی فەرمانبەر(حقوق الموظف) .......................... ٢٧
باسی یەکەم : پێناسەی ماف و جۆرەکانی.................................. ٢٨
پێناسەی ماف (تعریف الحق): .................................. ٢٨
جۆرەکانی ماف .................................. ٢٨
باسی دووەم : مافی دامەزراندن (حق التعیین) .......................... ٣٠
پەیوەندی کردن بە فەرمانبەرایەتی گشتی (دامەزراندن) .................. ٣٠
یەکەم: بیردۆزەکانی گرێبەستەکان ( نظریات العقود ) .................. ٣٢
دووەم: گونجان و ڕێکخستن ( التکییف التنثیمی) .................. ٣٣
مەرجەکانی دامەزراندن .................................. ٣٤
بەلگە نامەکانی دامەزراندن .................................. ٣٩
بنەماکانی پڕکردنەوەی فەرمانبەرێتی گشتی.................................. ٤٠
دەسەلاتی دامەزراندن لە فەرمانبەرایەتیەکان.................................. ٤٢
١ - فەرمانبەرایەتی سیاسی .................................. ٤٢
٢ - فەرمانبەرایەتی تایبەت (پلە تایبەتەکان) .................................. ٤٢
٣ - فەرمانبەرایەتی گشتی .................................. ٤٣
فەرمانی دامەزراندن: .................................. ٤٣
هەلوەشاندنەوەی فەرمانی دامەزراندن.................................. ٤٤
پلەکانی فەرمانبەرایەتی و موچەو بروانامەی هەر پلەیەك: .................. ٤٤
باسی سێیەم : مافی وەرگرتنی دەرماڵەکان (حق الحصول علی المخصصات) .................. ٤٩


Scanned with CamScanner

جۆرەکانی دەرماڵە (انواع المخصصات)........................................ ٤٩
١ - دەرماڵەی هاوسەری ........................................ ٥٠
چۆنیەتی پێدانی دەرماڵەی هاوسەرگیری ........................................ ٥٠
٢ - دەرماڵەی منداڵ (مخصصات الاگفال) ........................................ ٥١
چۆنیەتی پێدانی دەرماڵەی منداڵ ........................................ ٥١
٣ - دەرماڵەی بڕوانامە ........................................ ٥٢
٤ - دەرماڵەی شوێنی جوگرافی ( مخصصات الموقع الجغرافي ) ........................................ ٥٤
٥ - دەرماڵەی پایە (منصب)........................................ ٥٥
دەرماڵەی پۆست لەوەزارەتی خوێندنی باڵا........................................ ٥٦
٦ -دەرماڵەی ترسناکی (الخگورە)........................................ ٥٦
٧ - درەماڵەی سەفەر و ئیفاد ( مخصصات السفر والايفاد ) ........................................ ٥٧
٨- دەرماڵەی دەوام کردنی زێدەکی........................................ ٥٨
٩- دەرماڵەی پیشەیی ( المخصصات المهنیە ) ........................................ ٥٩
١٠ - دەرماڵەی تایبەت ( المخصصات الخاصە ):........................................ ٦٠
باسی چوارەم: مافی دەست بەکاربوون ( حق المباشرە ) ........................................ ٦٢
دەست بەکاربوون:........................................ ٦٢
ماوەی دەست بەکاربوون ........................................ ٦٣
باسی پێنجەم : دانانی فەرمانبەر لەژێر چاودێری (وضع الموظف تحت التجربة)........................................ ٦٤
باسی شەشەم : مافی چەسپاندن ( التثبیت ) ........................................ ٦٦
مەرجەکانی چەسپاندن:........................................ ٦٦
چەند نموونەیەکی پراکتیکی لەسەر چەسپاندن ........................................ ٦٧
چەسپاندنی تەمەن:........................................ ٧١
باسی حەوتەم : دورخستنەوە لە راژە ( الاستغناء عن الخدمات ) ........................................ ٧٢
مافی تانەگرتن لەبڕیاری دوورخستنەوە لەراژە ( الطعن في قرار الاستغناء عن الخدمات ) ........................................ ٧٢
باسی هەشتەم : مافی سەرموچە (العلاوة السنوية) ........................................ ٧٤
مەرجەکانی پێدانی سەرمووچە ........................................ ٧٤
بێ بەش کردنی فەرمانبەر لە سەرموچە ........................................ ٧٧
باسی نۆیەم : مافی بەرزکردنەوەی پلەو پایە فەرمانبەر ( الترفیع والترقیە ) ........................................ ٧٩
مافی پلە بەرزکردنەوە( الترفیع ) ........................................ ٧٩
مەرجەکانی بەرزکردنەوە ........................................ ٨٠
چۆنیەتی بەرزکردنەوەی پلەی فەرمانبەر ........................................ ٨٢

Scanned with CamScanner

هۆکارەکانی دواخستنی بەرزکردنەوە (أسباب عدم ترفيع الموظف) .................. ٨٣
ماوەی چاودێری پلە برزکردنەوە .......................................... ٨٤
مافی پایە بەرزکردنەوە (الترقيە) ........................................... ٨٤
حالەتەکانی پایە بەرزکردنەوە ............................................. ٨٥
گرفتەکانی پایە بەرزکردنەوە................................................. ٨٦
مەرجەکانی پایە بەرزکردنەوە (شروط الترقية) ............................ ٨٦
باسی دەیەم : پێشخستن (القدم)............................................ ٨٧
حالەتەکانی پێشخستن (القدم)................................................. ٨٧
مەرجەکانی پێدانی پێشخستن.................................................. ٨٩
راهێنان لەسەر بەرزکردنەوەی پلە و سەرموچە .............................. ٩٠
باسی یانزەم : مافی خزمەت خستنە سەر خزمەت / اچافه الخدمه ................ ٩٤
باسی دوانزەم : مافی گواستنەوەی راژە (حق نقل الخدمات ) ......................... ٩٦
ماوەی دەست لەکار هەلگرتن و دەست بەکار بوون........................ ٩٧
حالەتەکانی گواستنەوەی راژەی فەرمانبەر................................... ٩٨
باسی سێنزەم : مافی خواستن و نەنسیب کردن( الاعاره والتنسيب) .................. ٩٩
خواستن (الإعاره) :.............................................................. ٩٩
چۆنیەتی پێدانی خواستن...................................................... ٩٩
تەنسیب کردن /التنسيب :........................................................ ١٠٠
باسی چواردەم : مافی پێشینە وەرگرتن / حق الحصول على السلف ............ ١٠٢
پێشینەی هاوسەرگیری / سلفه الزواج :........................................ ١٠٢
مەرجەکانی وەرگرتنی پێشینەی هاوسەرگیری.................................... ١٠٢
ئەو کەسانەی پێشینەی هاوسەرگیری نایان گرێتەوە ...................... ١٠٣
چۆنیەتی گەڕاندنەوەی پێشینەی هاوسەرگیری..................................... ١٠٤
پێشینەی بانکی خانووبەرە سلفه العقاری........................................ ١٠٤
رێساکانی پێدانی پێشینە........................................................ ١٠٥
باسی پازدەم : مافی مـۆلەت / حق الاجازه ..................................... ١٠٧
جۆرەکانی مۆلەت (انواع الاجازات)............................................ ١٠٧
یەکەم : مۆلەتی ئاسایی........................................................ ١٠٨
أ - مۆلەتی ئاسای بەموچەی تەواو.............................................. ١٠٨
چۆنیەتی پێدانی مۆلەتی ئاسایی................................................. ١٠٩
چەند زانیاریەك دەربارەی مۆلەتی ئاسایی .................................... ١١٠
ب – مۆلەتی ئاسای بەنیوە مووچە (إجازه بنصف راتب) ......... ١١١

Scanned with CamScanner

ج- مۆڵەتی ئاسای بەبێ مـــووچە (إجازە بدون راتب)............... ١١٢
چۆنیەتی ئەژمارکردنی مافی فەرمانبەر لەمۆڵەتی ئاسایی ...... ١١٢
چۆنیەتی هەژمارکردنی ماوەی خزمەتی فەرمانبەر............ ١١٣
دووەم : مۆڵەتی نەخۆشی / الاجازة المرضية.......................... ١١٨
چۆنیەتی وەرگرتنی مۆڵەتی نەخۆشی......................................... ١١٩
ماوەی مۆڵەتی نەخۆشی........................................................ ١٢٠
چونیەتی هەژمارکردنی مافی فەرمانبەر لەمۆڵەتی نەخۆشی و پاشەکەوت کراوی.............................................................. ١٢٣
پاداشتی پیێکانی کار.......................................................... ١٢٤
سێیەم : مۆڵەتی سك و منداڵ بوون (اجازە الحمل والولادە)............. ١٢٥
چۆنیەتی وەرگرتنی مۆڵەتی سك و منداڵ بوون.......................... ١٢٥
چوارەم: مۆڵەتی عیدە ( اجازە العدە ).................................... ١٢٧
پێنجەم : مۆڵەتی دایکایەتی (اجازە الامومە ).............................. ١٢٨
چۆنیەتی وەرگرتنی مۆڵەتی دایکایەتی.................................... ١٢٨
حالەتەکانی کۆتایی هاتنی مۆڵەتی دایکایەتی.............................. ١٢٩
شەشەم : مۆڵەتی خوێندن (الاجازە الدراسیە )............................. ١٣٠
جۆرەکانی مۆڵەتی خوێندن.................................................... ١٣١
یەکەم/مۆڵەتی خوێندن لەدەرەوەی عێراق: ................................ ١٣١
*شێوازی ناردنەدەرەوە بۆ خوێندن........................................ ١٣٣
دووەم/ مۆڵەتی خوێندن لەناوەوەی عێراق.................................. ١٣٤
حەوتەم : مۆڵەتی هاوەڵی ( اجازە المصاحبە ).............................. ١٣٦
مووچەی مۆڵەتی هاوەڵی........................................................ ١٣٧
مەرجەکانی پیێدانی مۆڵەتی هاوەڵی ......................................... ١٣٧
خزمەتی مۆڵەتی هاوەڵی ........................................................ ١٣٨
هەشتەم : مۆڵەتە تایبەتیەکان ( الاجازات الخاصە )........................ ١٣٨
مافی مۆڵەتی تایبەتی مامۆستایان لەگشت قۆناغەکانی خوێندن ........................................................................... ١٣٨
باسی پانزەم : پشووی قوتابخانەکان/پشووی خوێندن (العطل المدرسية) ............ ١٤٠
چۆنیەتی وەرگرتنی پشووی خوێندن ......................................... ١٤٠
باسی شانزەم : پشووە فەرمیەکان (العطل الرسمية)............................ ١٤٢
بەشی سێ یەم: کوتایی هاتنی پەیوەندی نێوان فەرمانبەر و فەرمانبەرایەتی ........ ١٤٤
باسی یەکەم : مافی دەست لەکارکێشانەوە ( الاستقالە )........................ ١٤٥

حالەتەکانی دەست لەکارکێشانەوە بەحوکمی یاسا ........................... ١٤٧
باسی دووەم : نەمان و یەکگرتنەوەی میلاك (حذف ودمج الملاك) ........................... ١٤٩
چارەسەرکردنی کێشەی فەرمانبەران بەهۆی نەمانی میلاك و یان یەکگرتنەوەی........................... ١٤٩
باسی سێ یەم : مافی خانەنشین کردن (التقاعد) ........................... ١٥١
ووشەو زاراوەی بەکارهاتوو لەیاسای خانەنشینی یەکگرتوو........................... ١٥١
حالەتەکانی خانەنشین کردن........................... ١٥٣
چۆنیەتی ئەژمارکردنی مووچەی خانەنشین........................... ١٥٦
حالەتەکانی (٢,٥٪) بۆ هەر سالێك لەسالآنی خزمەت: ........................... ١٥٧
حالەتەکانی (٢٪)بۆ هەر سالێك لەسالآنی خزمەت........................... ١٥٧
کەلەکەبووی مووچەی مانگانەی ماوەی خزمەتی: ........................... ١٥٧
ماوەی خزمەتی خانەنشینی : ........................... ١٥٨
چۆنیەتی هەژمارکردنی مووچەی خانەنشین بە پراکتیکی: ........................... ١٥٩
چۆنیەتی هەژمارکردنی پاداشتی خانەنشینی........................... ١٦٢
چەند نموونەیەکی پراکتیکی دەربارەی هەژمارکردنی پاداشتی خانەنشینی : ........................... ١٦٢
پاداشتی مۆلەتی پاشەکەوت کراو........................... ١٦٥
مووچەی خانەنشینی پێکانی کار ( اصابه عمل): ........................... ١٦٦
شایستەبووەکانی مووچەی خانەنشینی........................... ١٦٧
چۆنیەتی پێدانی مووچەی خانەنشینی بەشایستەبوەکانی فەرمانبەری کۆچ کردوو........................... ١٦٨
کەی مووچەی خانەنشینی دەبڕدرێت؟........................... ١٦٩
وازهێنان لەمووچەی خانەنشینی بۆ کەسێکی تر ........................... ١٧١
سندوقی خانەنشین کردن ........................... ١٧١
داهاتی سەندوقی خانەنشین کردن ........................... ١٧٢
دەست بەسەرداگرتنی مووچەی خانەنشینی ........................... ١٧٤
تانەگرتن لەبڕیاری خانەنشین کرن / الطعن في قرار التقاعد...... ١٧٥
دووبارە دامەزراندنی خانەنشین کراوەکان........................... ١٧٦
موچەی خانەنشینی تایبەت........................... ١٧٩
دەسەلاتی زیادکردنی موچەی خانەنشینی ........................... ١٨٠
هەندێك لەحوکمەکانی یاسایی خانەنشین کردن (بعض احكام قانون التقاعد) ........................... ١٨١

Scanned with CamScanner

مەرجەکانی داوای خانەنشین کردن ............................................١٨٣
مووچەی خانەنشینی پلە تایبەتیەکان و دادوەران وماموٚستایانی زانکوٚ ............................................١٨٤
**بەشی چوارەم : ئەرکەکانی فەرمانبەر / واجبات الموظف ..........................١٨٥**
باسی یەکەم : پێناسەی ئەرك وئەرکی فەرمانبەر/تعریف الواجب وواجبات الموظف ...١٨٦
پێناسەی ئەرکی فەرمانبەر ............................................١٨٦
باسی دووەم : ئەرکەکانی فەرمانبەری گشتی / واجبات الموظف العام ...................١٨٨
باسی سێیەم : ئەو هەلسوکەوتانەی کە نابێ فەرمانبەر ئەنجامیان بدات ...................١٩١
ئەو بڕگە یاساییانەی کە تایبەتن بەکارکردنی فەرمانبەر دوای کاتەکانی دەوامی فەرمی:[1] ............................................١٩٤
باسی چوارەم : بنەماکانی ڕەوشتی تایبەت بە فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی و کارمەندانی کەرتی تێکەڵاو بوٚ ساڵی ٢٠٠٦ ............................................١٩٦
**بەشی پێنجەم : سزادانی فەرمانبەران / انضباط الموظفین ..........................٢٠٣**
باسی یەکەم : سزاکان وکاریگەریان لەسەر فەرمانبەر ............................................٢٠٦
جوٚرەکانی سزایەیەکان: ............................................٢٠٧
باسی دووەم : چون ئاسەواری سزا لەسەر فەرمانبەر جێ بەجێ دەکرێ ...................٢١٥
باسی سێیەم : چونیەتی سەپاندنی سزا یەکان ............................................٢١٦
باسی چوارەم : دەسەلاتی سەپاندنی سزاکان ............................................٢١٨
دەسەلاتی سزادانی بەرێوەبەرەگشتیەکان بەرەوسەر ............................................٢١٩
باسی شەشەم : هەلوەشاندنەوەی سزاکان /الغاو العقوبات ............................................٢٢١
باسی حەوتەم : تانەگرتن لەسەر سەپاندنی سزایەکان / الطعن بقرار العقوبة ...........٢٢٣
باسی حەوتەم : دەست کێشانەوە ( سحب الید ) ............................................٢٢٥
حالەتەکانی دەست کیشانەوە: ............................................٢٢٥
چوٚنیەتی کوٚتای هاتنی دەست کیشانەوە ............................................٢٢٦
باسی هەشتەم : سوپاسنامە/ الشکر ............................................٢٢٨
سودەکانی سوپاسنامە بوٚ فەرمانبەر ............................................٢٢٨
باسی نوٚیەم : زیان لی ّسەندنەوە لە فەرمانبەر / تضمین الموظف ...................٢٣٠
سەرچاوەکان ............................................٢٣٣

Scanned with CamScanner

# پێشەکی

ان الحمد لله، نحمده، ونستعينه،ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور انفسنا،وسيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له،من يضلل فلا هادی له، ونشهد أن لا اله الا الله وحده،لاشريك له، ونشهد ان محمدا عبده ورسوله، بلغ الرسالة، وأدى الامانة ، ونصح الامة ، وأدار بحكمة، وجاهد في سبيل الحق حتى أتاه اليقين

فەرمانبەران لە کۆمەڵگای ئیمەدا توێژیکی زۆرن کە هیچ خزانێك نیە لەم هەرێمەدا کەسێکی یان زیاتری فەرمانبەر نەبێت بەڵام زۆر لەو فەرمانبەر انە شارەزای ماف و ئەرکاکانیان نین وە نازانن ئەگەر سەرپێچی ئەرکەکانیان کرد یان کردارێکیان ئەنجام دا شیاوی فەرمانبەر نەبوو وە لە بیرۆزی فەرمانبەرایەتی کەم بکاتەوە دەبێت سزا بدرێت لەسەر کردارەکەی بۆ ئەوەی رەوشتی فەرمانبەرایەتی پارێزراو بێت ، ناو بانگی فەرمانگە تەنها بۆ فەرمانبەر یان فەرمانگەگرنگ نیە بە قەدەر ئەوەی بۆ دەولەت گرنگە لەبەر ئەوەی فەرمانبەران ئەو کەسانەن دام و دەزگاکانی دەولەت بەرێوە دەبەن ئەنجام دانی ئەرکەکانیان بەباشی و رێك وپێك نیشانەی پتەوی سیستەمی بەرێوەبردنە وە سەرپێچی ئەرکەکانیان وگەندەلیان دەبێتە هۆی گەندەلی سیستەمی بەرێوە بردن لە ولات .

بە پێویستم زانی پەرتوکێك ئامادە بکەم تیایدا چەند زانیاریەکی سەرەتای پێشکەش بە فەرمانبەران و قوتابی /خوێندکارانی کولیجی بەرێوەبردن و پەیمانگاکانی کارگێری بکەم دەربارەی فەرمانبەر و فەرمانبەرایەتی و ماف و

ئەرکــەکانی فەرمانبــەر وە تیشــك بخەمــە ســەر چــونیەتی ســزادانی ئــەو کارمەندانەی دەولەت کە ئەرکەکانی فەرمانبەرایــەتیان وەك پێویســت ئــەنجام نــادەن یــان کــرداری نابــەجی دەکــەن لــەناو فەرمانگــەیان یــان لــەدەرەوەی فەرمانگەکانی کە شیاوی فەمانبەر نەبێت یان فەرمانبەر تاوان ئــەنجام بــدات بە حوکمی فەرمانبەرایەتیەکەی وە زانیاریەکانمان کۆ کردۆتەوە لــە پــەرتوکێك بەناوی ( فەرمانبەر ماف و ئەرکەکانی ) .

یاساو ریساکانی تایبەت بە فەرمانبەرو فەرمانبەرایەتی لــە گــۆران دان وە یاسای راژەی شارستانی عێراقی ژمارە ٢٤ سالی ١٩٦٥ هــەموار کــراو ســال تێناپەرێت ئەگەر چەند هەموار کردنێك بە خۆیەوە نەبینێت لــە مادەیــەك لــە مادەکانی یان چەند مادە پێکــەوە بــەلام هــەتا ئێســتا زۆر لــە مادەکــانی بــە چەسپاوی ماونەتەوە کە نیشانەی پتەوی یاســاکەن وە هــەموار کردنــە زۆریــان پەیوستن بە گۆرینی خشتەی مووچــە دەرمالــەمان وە چــەند برگەیــەکیش لــە مۆلەت وە ئەم ئاماژەیەم بۆ ئەوەی کە نووسین لــەم بــوارەدا یــان کۆکردنــەوەی زانیاری رووبەرووی ماندووبوون کەم کورتی دەبێــت زۆر جــار لــە کــاتی تــەواو بوونی باسێك هەموار کردنێ دەکرێت دەبێت دووبارە پێداچوونەوەی بــۆ بکرێــت یان لە دوای تەواو کردنی نووسین وناردنی بۆ چاپخانە هەموارکردنی نــوێ یــان رێساو رێنمای تازە دەردەچێت لە گشتگیری زانیاریەکان کــەم دەکاتــەوە وە مــن زۆر لەگەلیان ماندوو بووم وە ئارام گریش بووم لە نووســین بــۆ ئــەوەی نــوێترین زانیاری کۆ بکەمەوەی شیکردنەوەی بۆ بکەم بە ئامانجی خزمەت کردنی هاوەلە فەرمانبــەرانم و خوێنــدکار/ قوتابیــانی کــولیج و پەیمانگــەکانی بــەرێوەبردن (کارگێری).

پەرتووکەکەمان لە پێنج بەش پێك هاتووە وە هەر بەشێك لە چەند باس بەم شێوەیەی خوارەوە:

Scanned with CamScanner

بەشی یەكەم : فەرمانبەرو فەرمانبەرایەتی

بەشی دووەم : مافەكانی فەرمانبەر

بەشی سێیەم : مۆڵەتەكان

بەشی چوارەم: ئەركەكانی فەرمانبەر

بەشی پێنجەم : سزادانی فەرمانبەران

لە كۆتایدا دوو بارە لە خودای مەزن دەپارێمەوە ئەم خزمەتە بچووكەم لێ وەربگرێت وە ببێتە مایەی رازی بوونی پەروردگار وخزمەتی فەرمانبەرو قوتابی خوێندكارانم كربێت وە لە رێگای ئەوانیش خزمەتی گەل ونیشتمانم وە داوای لێبوردن دەكەم لە هەر هەلەیەك و كەم كورتیەك لە زانیاری لە بەر ئەوەی منیش مرۆڤم وەك مرۆڤانی تر پارێزراو نیم لە هەلە كردن .

دیندار حسین احمد

٢٠١٢/٦/٢٧

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

# بەشی یەکەم

# فەرمانبەرایەتی و فەرمانبەر ( الوظیفة والموظف )

لـەم بەشـەدا باسـی فەرمانبەرایـەتی گشتی وفەرمانبەری گشتی دەکەین لـە دوو باس دا بۆ تیشك خستنە سەر یـان لـە پێناسـە کردنیـان و ڕێکخسـتنی فەرمانبەرایـەتی وئـەو پەیوەندیـە یاسایی و ریکخستنەی لە نێوانیـان دا هەیـە وە بەتایبـەتیش لـە یاسـاکانی عێراقی فیدرال دا.

Scanned with CamScanner

# باسی یەکەم

## فەرمانبەرایەتی گشتی ( الوظیفة العامة )

لە سیستمی بەڕێوەبردنی دام دەزگاکانی دەولەت دەبێت پێش هەموو شتێك دەست نیشانی فەرمانبەرایەتیەکان بکرێت وە هەیکەلی ریکخستنی بۆ ئامادەبکرێت بە پێی ئەوجۆرە هەیکەلەی کە گونجاو بێت بۆ ئەنجام دانی کارەکانی رۆژانەیان و بە دیهێنانی ئامانجەکانی وەزارەت یان فەرمانگە، وە دەبێت یەکەم جار فەرمانبەرایەتی هەبێت پاشان فەرمانبەران دادەمەزرێن بۆ پرکردنەوەی فەرمانبەرایەتیەکان وە هەر لەسەر ئەو بنەمایەدا یاسای میلاك دانراوە کە دە ست نیشانی فەرمانبەرایەتیە بە تالەکان دەکات بۆ سالی دارایی داهاتوو کە بەدرێژی باسی میلاك دەکەین لەگەل مافی دامەزراندن وە گەورەترین هەڵە ئەوەیە کارگێری فەرمانبەران دابمەزرێنی بە بێ هەبوونی پلەیەکی بەتاڵ لەبەرئەوەی پێچەوانەی یاسای عێراقی ویاساکانی راژەی شارستانی ومیلاکی ولاتانی ترە.

وە هەیکەلی رێکخستن بریتیە لەو هێلکاریانەی کە پێکەوە گرێدانی یەکە چالاکیەکان لە ناو دەزگایەکان دیار دەخات وە ئەمەش دروست دەبێت لە ئەنجامی ریکخستنی چالاکیەکانی سەرەکی ولقەکانیان بە پێی یەکێك لە بنەماکانی کۆکردنەوەی چالاکیەکان کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- دابەش کردن بەپێی فەرمانبەرایەتیەکانی دەزگا (التقسیم حسب وظائف المنشأة)

بەپێی ئەم دابەش کردنە چالاکیەکانی دەزگا لێك جیا دەکرێنەوە لە سەر بنەمای پەیوەست بە فەرمانبەرایەتیەکانی دەزگا وە ئەمەش گونجاوە بۆ دەزگاکانی وەبەرهەم هێنان وپیشەسازی وەزانایانی بەڕێوەبردن فەرمانبەرایەتیەکانی دەزگا دابەشی سێ (٣) فەرمانبەر ایەتی سەرەکی دەکەن کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

أ- فەرمانبەرایەتی بەرهەم هێنان ( وظیفة الا نتاج )

ب - فەرمانبەرایەتی بەبازارکردن ( وظیفة التسویق )

ج - فەرمانبەریەتی بە دارایی کردن ( وظیفة التمویل)

**٢ - دابەش کردن بە پێی کالا یان خزمەت گوزاری( التقسیم حسب السلعة او الخدمة)**

بە پێی ئەم دابەش کردنە چالاکیەکانی پەیوەست بە هەر خزمەتێك یان کالایەك لێك جیا دەکرێنەوە وەك شارەوانی پارێزگاکان یەکە خزمەت گوزاریەکانیان دابەش دەکەن وەك بەشی خزمەت گوزاری (١ و٢ و ٣ و ... هتد.

**٣ - دابەش کردن بە پێی هەنگاوەکانی کار (التقسیم حسب مراحل العمل)**

بە پێی ئەم دابەش کردنە هەنگاوەکانی کارکردن لە هەر هەنگاوێك لێك جیا دەکرێنەوە وە بە پێی پروسەی بەرهەم هێنان یان پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری لە هەر هەنگاوێ لە هەنگاوەکانی کارکردن بۆ نمونە کارکردن لە کارگەی رستن و چنین دابەش کراوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ - بەشی پاکردنەوەی شووشتن ووشك کردنەوە.

ب - بەشی رستن

ج - بەشی چنین

د - بەشی پشکنینی بەرهەم وچاکردنەوەی

Scanned with CamScanner

هـ – بەشی بۆیە کردن

و – بەشی هەلم چەسپاندن

ز – بەشی ئوتو کردن

ح – بەشی برین وهەلکردنەوە

**٤ – دابەش کردن بە پێی جەماوەری دەزگا ( التقسيم حسب الزبائن )**

بریتیە لە دابەش کردنی چالاکیەکانی دەزگا بەپێی ئەو کەسانەی کە ئیش و کاریان لە لای دەزگا ئەنجام دەدرێت وە دەست نیشان کردنی جۆرەکانیان کە لە سەر بنەمای جۆرەکان چالاکیەکان دابەش دەکرێن، وەك بەرێوەبەرایەتی هاتووچۆ یەك لەدابەش کردنەکانی بریتیە لە:

یەکەم بەشی مۆلەتی شوفیری تایبەت.

دووەم بەشی مۆلەتی شوفێری گشتی.

سێەم بەشی مۆلەتی شوفیری بارهەلگرەکان.

چوارەم بەشی مۆلەتی شوفێری ئامێرکانی بیناسازی وریگاوبان.

پێنجەم بەشی شوفێری ماتۆر سیکل.

**٥ – دابەش کردن بەپێی شوێنی جوگرافی ( التقسيم حسب الموقع الجغرافي )**

بە پێی ئەم دابەش کردنە چالاکیەکان لێك جیا دەکرێنەوە بە پێی شوێنی ئەنجام دانی چالاکیەکان وەك نەخۆشخانەکان دابەش دەکرێن بە پێی شوێنی جوگرافی بە تایبەتی لەناو شارە گەورەکان وە هەروەها قوتابخانەکانیش .

**٦ – دابەش کردن بەپێی کات ( التقسيم حسب الوقت)**

بەپێی ئەم دابەش کردنە چالاکیەکان لێك جیا دەکرێنەوە بەپێی کاتی ئەنجام دانی چالاکی بۆ نمونە ( بەیانیان ، ئێواران یان شەو)

**٧ – دابەش کردنی تێکەلاو ( التقسيم المركب)**

Scanned with CamScanner

بە پێی ئەم دابەش کردنە زیاتر لە بنەمایەك بەکار دێت کە لـە سـەرەوە ژماردراون وەك بەکار هینانی دابەشـکردنی فەرمانبەرایـەتی و دابـەش کردنی هەنگاوەکانی کار) .

دام و دەزگاکان یەکێك یان زیاتر لەم بنەمایانـە بـەکار دێـنن بـۆ دروسـت کردن و دانانی هەیکەلی رێکخستنی دەزگاکانیـان یـان فـەرمانگاکانیان کـە کامەیان گونجاو بێت لەگەل ئەنجام دانی کارەکانی بە هیلێکی راسـت و ئاسـان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کە لـە پێنـاوی دانـراوە (دروسـت کـراوە) وە هـەر یەکێك لەم بنەمایانەی باسمان کردوون باشەوخرابەیان هەیە ( ئەرێنی و نەرێنی تایبەت بە خۆیان هەیە).[1]

دروست کردنی هەیکەلی رێکخستن دوو روکنی بنـەرەتی هەیـە یەکـەمیان دەست نیشان کردنی ئەو ئەرکانەی کە دەبێت فەرمانبەران ئەنجامیان بـدەن لـە ناو دەزگا وە لە بەرمبەریان بەرپرسیار دەبن کە پێی دەوترێت بەرپرسیاریەتی وە دووەمیان پێدانی مافی دەرهێنـانی فـەرمان و مـافی سەرپرشـتیاری لـە سـەر یەکتری بۆ ئەوەی بە گونجان لەگەل یەك کار بکەن بۆ بەدی هێنانی ئامانجـەکان کە ئەویش پێی دەلێن دەسەلات.[2]

زۆربەی ئەو ولاتانەی تازە لە گەشەکردندان گـرفتی سیسـتەمی کارگێریـان هەیە وەمرۆڤ بەردی بناغەی ئەوسیستەمەیە چونکە ولات ناتوانیت کار بکـات و بەردەوام بیت لە کارەکانی بەبی پشت بەسـتان بـە رەگـەزی مـرۆڤ وە بـاری

---

[1] د. شوقي ناجي جواد واخرون، مبادىء الادارة،دار التقني ، بغداد،١٩٨٨ ،ص ١٠٥

[2] د. جميل جودت ابو العينين ،أصول الادارة من القرأن والسنة ،دار ومكتبة الهلال ،بيروت ، ٢٠٠٢ ،ص١٣٧

Scanned with CamScanner

یاسایی و كۆمەلایەتی و رامیاری و ئابوری ری وشوین و ئاراستەی كارمندان دەست نیشان دەكات.

بۆ خزمەت كردنی ولات وە هەر لەسەر ئەو رێو شوێن و ئاراستەیەدا دوارۆژی ولات دەوەستی وە دەربارەی ئەو بیرۆكەیە دەلین[1] ( فەرمانبەران لە هەر رۆژگاریك وە لەناو هەر نەتەوەیەكی پیشكەوتوودا دارو دەستەی حوكمرانین چاك بوون یان گەندەلی حوكمرانی بەندە بەچاك بوون و گەندەلی فەرمانبەران ) .

## واتای فەرمانبەرایەتی گشتی

واتای فەرمانبەرایەتی بەندە بە تیروانینی دەولەت بۆ فەرمانبەرایەتی گشتی لەو سەردەمانەی كە تەماشای دەولەت دەكرا بە شتێكی پیرۆزو خاوەن دەسەلاتی گشتی وا پیشبینی ناكریت لەو كاتەدا دادپەروەری ویەكسانی هەبوبیت لە نیوان دەولەت و هاولاتیان چ ئەوانەی كارمەند بوبن یان هاولاتی ئاسایی بەلام بە سەر هەلدانی كومەلگا تازەكان ئەم بیرۆكەیە بەرەو نەمان و هەلوەشانەوە چوو وە واتایەكی تر شوێنی گرتەوە ئەویش روالەتی پەیوەندی لەنیوان دەولەت و هاولاتیان زۆر نزیك بۆتەوە لە روالەتی پەیوەندی لەنیوان تاكەكانی كۆمەل .

لە واتای یەكەم هاولاتی كە بوو بە فەرمانبەر حالەتی جیاواز دەبیێت لەگەل هاولاتی ئاسایی جونكە دەبیێتە سەربازیك بۆ رژێمی دكتاتوری كار دەكات وە قەرزداری دەولەتە بەبیرو هەستی وە دەبیت برواشی بەسیاسەتی دەولەت هەبیێت وە دەبیێت بە هەست و لاشەوە كار بۆ دەولەت بكات وە فەرمانبەر خاوەنی خۆی نیە بەلكو مولكی دەولەتە.

---

[1] د شاب توما منصور ، القانون الاداری ،ج١ ،مطبعة جامعة بغداد ، ١٩٧١ ،ص٢٥٦

Scanned with CamScanner

بەواتای دووەم فەرمانبەر خاوەن رۆژانەیە هەر وەك کریکارانی کەرتی تایبەت وە قەرزداری دەولەتە بەکارەکەی وە دەبێت دەولەتیش رۆژانەکەی بدات لە بری ئەو خزمەت گوزاریەی پێشکەشی کردوە وەئازادە لەژیانی سیاسی و بیرکردنەوەی وەپەیوەندیەکەشی لەگەل دەولەتدا میان رەوە.

لەنیوان ئەو دوو واتا توند رەوانەی فەرمانبەرایەتی گشتی هێندیك سیستەمی یاسایی تر هەن کە باس لەواتای فەرمانبەرایەتی گشتی دەکەن بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- واتای فەرمانبەرایەتی گشتی وەك خزمەت کردن ( واتای ئەوروپا ) :
بەبۆچونی فەرەنسیەکان ، فەرمانبەر ملکەچی سیستەمێك دەبێت کە ئەو لایەن نیە لە دانانی وە مافی تاوتۆکردنی بنەماکانی حوکمی فەرمانبەرایەتی گشتی نیە وەفەرمانبەر ئەرك و مافی جیاوازە لە هاولاتیانی تر، وە بۆچونی ئینگلزەکان وەك فەرەنسیەکان سیستەمی فەرمانبەرایەتیان بەتالە لە هەمو بنکە ناوبژیوانیەکان کەفەرمانبەرو دەولەت تاوتۆی بکەن وە بەفەرمانبەری گشتی دەلێن خزمەت کاری تاج وە لە ئەلمانیاش فەرمانبەران دەبیت پابەند بن بە خزمەت کردن بە لەخۆ بوردەی.

٢- واتای فەرمانبەرایەتی گشتی وەك پیشە( واتای ئەمریکی):
فەرمانبەرایەتی گشتی مافێکە (امتیازیکە) بەفەرمانبەر دەدرێت وە ئەمەش قەلغان نیە بۆ دەرباز بونی لەکارایەکانی دەسەلاتی جێ بەجێ کردن کە بیەویت لە دژی فەرمانبەر ئەنجامی بدات وە ئەو

مافەی بە فەرمانبەری ئەمریکی دراوە پی ی دەوتریت (چاکە)دیارە

که یه‌کێك ببێته فەرمانبەری دەولەت چاکەی لەگەل کردوە .

لەم واتایانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە فەرمانبەرایەتی گشتی لە هەمو ولاتانی پیشکەوتو بریتیەلەکۆمەلە پسپوریەکی شەرعی کە فەرمانبەر بەکاری دینێت بۆ بەدەست هێنانی بەرژەوەندی گشتی وە بە هیچ شێوەیەك لەشێوەکان بە مافێکی تایبەت داناندرێت بۆ فەرمانبەر بە ئارەزوی خۆی دەست کاری بکات.[1]

## واتای فەرمانبەرایەتی گشتی لە عیراق

بە دریژای دەسەلاتی عوسمانیەکان لە عیراق سیستەمی حوکمرانی دکتاتوریەت ودەرەبەگایەتی پەیرەو دەکرا وەك سەدەکانی ناوەراست لە ئەوروپا بەلام بەدوور لە چاکەکانی سیستەمی ئەوروپی وە بەم شێوەیە بەردەوام بو هەتا مەدحەت پاشا بو بە والی عیراق وە هێندیك ریکخستنی کارگێری ئەنجامدا وە لە هەر لیوایەك هەندێك فەرمانبەری تایبەتی دامەزراند کە لە بەرپرسە تورکەکان پێك هاتبون بۆ ئەوەی شوێنی بەگ و پاشا نیمچە نە خوێندەوارەکان بگرنەوە.

ئەم حالەتە بەردەوام بوو هەتا داگیرکردنی عیراق لەلایەن ئینکلیزەکانەوە وە لە لایەن دەسەلاتی سەربازیەوە بەرێوە دەچوو هەتا ٢٣ أب ١٩٢١ کە یەکەم حکومەتی عیراقی دامزرا وە مەلیك فیصل بو بە مەلیکی عیراق وە گەورەترین کێشەی حکومەتەکەی دانانی فەرمانبەرانی عیراقین لە جیاتی بیانیەکان کە پۆستی بالایان لە دەولەت هەبوو وە پۆستە بالایەکان دەدرا ئەو

---

[1] نفس المصدر السابق ص٢٦٢

فەرمانبەرانەی کە فەرمانبەر بون یان پلەی سەربازیان هەبو لە ژێردەسەلاتی عوسمانیەکان وە بۆ فەرمانبەرایەتیەکان مەرجی دامەزراندنی تایبەت نەبوو لەبەر نەبوونی کەسانی رۆشنبیر وە هەندێك پۆستی هەستیار درا بە شارەزا ئینگلیزەکان بەبیانۆی مەشق و راهێنان و یارمەتی دانی عێراقیەکان لەحوکمرانی ولات .

لەسالی ١٩٢٩ یەکەم یاسای رێککاری فەرمانبەران دەرچو پاشان یاسای رێککاری فەرمانبەران ژمارە ٦٩ سالی ١٩٣٦ کەیاسای سالی١٩٢٩ی هەلوەشاندەوە وە ئەم یاسایە تاکو سالی ١٩٩١ کاری پێ دەکرا وە بەیاسای ژمارە ١٤ سالی ١٩٩١ هەلوەشایەوە وە ئەم یاسایەیەکەم هەموار کردنی لە سالی ٢٠٠٨ بۆ کراوە.

وە یەکەم یاسای راژەی شارستانی لەسالی ١٩٣١ دەرچوو وە پاشان یاسای راژەی شارستانی ژمارە٦٤ سالی ١٩٣٩ شوێنی گرتەوە وە لەبەر کەم و کوری ئەم یاسایە یاسای ژمارە ٥٥ سالی ١٩٥٦ دەرچوو کە بەیاسای یەکگرتوو دادەنرا جگە لەسوپاو دادوەری نەبێت هەموو کەرتەکانی دەگرتەوە وە پاش شۆرشی ١٤ تموزی ١٩٥٨ وەگۆرانی سیستەمی فەرمانرەوایەتی لە پاشایەتی بۆ کۆماری وە گۆرینی زۆربەی یاسایەکان بۆ ئەوەی لەگەل سیستەمی حوکمرانی کۆماریدا بگونجێن یاسای راژەی شارستانی ژمارە ٢٤ سالی ١٩٦٠ دەرچوو وە یاسای ژمارە ٥٥ سالی ١٩٥٦ هەلوەشاندەوە وە تاکو ئیستا کاری پی دەکریت وە زۆر لە برگەکانی هەموار کراون وەئیسا بەیاسای ژمارە ٢٤ سالی ١٩٦٠ هەموار کراو دەناسرێت و کاری پی دەکرێت لە سەرتانسەری عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە .

فەرمانبەرایەتی گشتی لەعێراقدا پیشەیە کە پێی دەوتریت ( پیشەی فەرمانبەرایەتی ) بەلام ئەم پیشەیە جیاوازە لە پیشەکانی تر چونکە ئامانجی

ئەم پیشەیە بەدیهینانی بەرژەوەندی گشتی و سوودی گشتیە، وە لە هەندێك لە دەقە یاسایەکانی پەیوەست بە فەرمانبەرایەتی گشتی لە عێراق بۆمان دەردەکەوێت کە یاسا دانەری عێراقی فەرمانبەرایەتی گشتی وەك خزمەت کردن داناوە.

فەرمانبەرلە عیراق لەژێر سیستەمێکی سەرۆکایەتی دایە وە مافەکانی پاریزراوە لەستەمی دەسەلات وە ئەم سیستەمە لەسەر بنەمای پیشە دانراوە نەك سیاسەت[1].

## پێناسە فەرمانبەرایەتی گشتی (تعريف الوظيفة العامة)

لە یاسای عێراقیدا فەرمانبەرایەتی گشتی پێناسەکراوە بەم شێوەیەی خوارەوە وە کە ئێمەش مەبەستمانە :

**راسپاردەیەکی نیشتمانیە و خزمەتێکی کۆمەلایەتیە ئەوکەسەی پێی هەڵ دەستێت ئامانجی بەرژەوەندی گشتی و خزمەت کردنی هاولاتیانە لە بەر رۆشنایی بنەما یاساییە کار پێ کراوەکان .ئەم پێناسەیەی سەرەوە بۆ ئێمە گرنگە کە پێناسەی عێراقیە وە ئێمە کار بەم پێناسەیە دەکەین لە دام و دەزگاکانی دەولەت.**

[1] نفس المصدر السابق ،ص٢٦٥

# باسی دووەم

## فەرمانبەری گشتی ( الموظف العام )

فەرمانبەری گشتی ئەو کەسەیە کە فەرمانبەرایەتیەکی گشتی پر دەکاتەوە لە میلاکی وەزارەتێك یان فەرمانگەیەکی نەبەستراوە بە وەزارەت ، وەزاراوەی جیاواز بە کار هاتوون بۆ فەرمانبەری گشتی بو نمونە لە فەرنسا و بەلجیکا پی ی دەوتریت ( فەرمانبەری گشتی) لە ئینگلتەرا پی ی دەوترێت ( خزمەت کاری تاج ) لە سویسرا پی ی دەلێن بەکار بەری هەمیشەی ( المستخدم الدائم) وە لەعیراق پێی دەوترێت ( فەرمانبەر ).

## پیناسەی فەرمانبەر ( تعریف الموظف)

بۆ زیاتر شارزا بوون وناسینی فەرمانبەری گشتی پێناسەی چەند ولاتێك دەکەین بۆ فەرمانبەر پاشان پێناسەی عێراقی کە ئێمە مەبەستمانە:

**پیناسەی فەرەنسی :** هەرکەسێك کارێکی هەمیشەی پیَ پسپێردرێت لە خزمەت کردنی کەرتی گشتی کە دەولەت بەرێوەی دەبات یان یەکێك لە کەسەکانی یاسای گشتی [1].

**پێناسەی میسری :** بە فەرمانبەری گشتی دادەندرێت هەر کەسێك کاریکات لەدەستەیەکی گشتی یان دامەزراوێکی گشتی وەك کومپانیاو کومەلە کە

---

[1] د یوسف الیاس ، المرجع العملي في شرح قوانین الخدمة والانضباط والتقاعد، مطبعة دارالتقني ،بغداد، ١٩٨٣ ،ص١٢

Scanned with CamScanner

دامەزراوی گشتی دایان دەمەزرینێت كە سەر بەدەولەت بن یان مولكی دەولەت بن یان دامەزراوی گشتی دایمەزراندون یان كاركردن لە كەرتی گشتی كە دەولەت بەرێوەی دەبات یان كەسێك لە كەسەكانی یاسای گشتی وە دامەزراندن بە فەرمانبەرایەتیەكی هەمیشەی بێت .

**پێناسەی عێراقی :** هەر كەسێك فەرمانبەرایەتیەكی هەمیشەی پێبسپێردرێت لە ناو میلاكی تایبەت بە فەرمانبەران .ئەم پێناسەیە لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤) ی سالی ١٩٦٠ هەمواركراو لە مادەی (٢) هاتووە لە پێناسەیە بۆمان دەردەكەوێت فەرمانبەر ئەو كەسەیەكە كارێكی هەمیشەی پێ پسپێردرێت لە ناو وەزارەتێك یان فەرمانگەیەكی نەبەستراوە بە وەزارەت وە موچەكەی لە بودجەی دەولەت یان بودجە لكاوەكان بەبودجەی دەولەت وەر بگرێت وە ئەم پێناسەیە هێزەكانی سوپاو پۆلیس و ئاسایش ناگرێتەوە سەرەرای ئەوەی كە مووچەشیان لە بودجەی دەولەت وەر دەگرن بەرای من نەگرتنەوەی پێناسەكە بۆ ئەوان ئیش وكارەكانیان بە یاسایی تایبەت رێكخراون وە ئەركەكانیان و كات و شوێنی دەوام كردنیان جیاوازی هەیە لەگەل فەرمانبەرانی گشتی كە لە وەزارەت و فەرمانگەكان كار دەكەن .

Scanned with CamScanner

# بەشی دووەم

# مافەكانی فەرمانبەر( حقوق الموظف )

لەم بەشەدا دەمانەوێت باسی ماف و جۆرەكانی بكەین بەكورتی پاشان باسی مافەكانی فەرمانبەری گشتی دەكەین بە درێژی لە چەند باسێكدا.

Scanned with CamScanner

# باسی یەکەم

# پێناسەی ماف و جۆرەکانی

## پێناسەی ماف (تعریف الحق):

ماف لەرووی زمانەوانیەوە پێچوانەی ناروایییە وە بەکار دێت بە واتای تەندروست وخۆراگری بەلام لە رووی یاسایەوە سەنتەرێکی یاساییە دەسەلات و بەهاو ئیمتیازی یاسایی سنووردار دەدات بە خاوەنەکەی وە لە خەلکی تر جیای دەکاتەوە وە ئەم بەها یاسایانە مافی دەسەلات بە خاوەن ماف دەدات کە شتێك بخاتە ژێر دەسەلاتی یان کارێکی دیاری کراو ئەنجام بدات لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر.[١]

ماف دەبێت بە پێی یاسا دیاری بکرێت وە هەر مافێك یاسا دانی پێ نەنابێ هەبوونی نیە وەدان پێنانی یاسا بە ماف دەبێتە هۆی پاراستنی بەرژەوەندیە رەواکانی خاوەنەکەی.

## جۆرەکانی ماف

١ – مافەکانی سیاسی ومافەکانی شارستانی

٢ – مافەکانی گشتی ومافەکانی تایبەت

---

[١] د. ابراهیم ابو اللیل ود. محمد الالفي،المدخل الی نظریة القانون ونظریة الحق،وطابع مقهوی ،الکویت، ١٩٨٦ ،ص١٦٥

Scanned with CamScanner

٣ – مافەکانی دارایی ومافەکانی دارایی نەبوون

٤ – مافەکانی عەینی و مافەکانی کەسیی و مافەکانی بیری

٥ – مافەکانی عەینی ئەصلی و مافەکانی عەینی تەبەعی[١]

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە مافی گشتیە ئەو مافەی کە بۆ مرۆڤ دەچەسپێت تەنها بە بوونی وەك مرۆڤ وە زۆربەی ئەو مافانەلە لقەکانی یاسای گشتی بریاریان لەسەردەرێت و رێك دەخرێن ، وەك یاسای دەستوری ویاسای کارگێری و ویاسای تاوانەکان ، وە بۆ نموونە مافی فەرمانبەر لە وەرگرتنی مووچە وە مافی پێکهێنانی خێزان.

---

[١] نفس المصدر السابق ص ١٧١

Scanned with CamScanner

# باسی دووەم

## مافی دامەزراندن ( حق التعيين )

مافی دامەزراندن مافێکی دەستوریە بە گشت هاولاتیانی عێراقی دراوە که لەدەستوری عێراقی سالی ٢٠٠٥ لە دوو مادەی دەستوریدا ئاماژەی پێکراوە وە لە مادە (١٤ و١٦)

وە مافی دامەزراندن مافێکی یاساییە کە لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە ٢٤ ی سالی ١٩٦٠ هەموار کراو ئاماژەی پێکراوە

مافی دامەزراندن بە فەرمانبەری گشتی لە جارنامەی مافی مرۆڤیش ئاماژەی راستەوخۆی پێ کراوە کە لەمادە (٢١) لە برگەی (٢)ی ئەو جارنامەیەدا هاتووە (هەر کەسێك بە یەکسانی لەگەل ئەوانی تر وەرگرتنی فەرمانبەرایەتی گشتی هەیە لە ولاتی خۆی)[1]

## پەیوەندی کردن بە فەرمانبەرایەتی گشتی (دامەزراندن)

پەیوەندی کردنی فەرمانبەر بە فەرمانبەرایەتی گشتی (دامەزراندن) مافی هەموو هاولاتیەکی عێراقیە ، بەبێ گوێدان بە ئایین و نەتەوەو مەزهەب و تائیفە و عەشیرەت و حزب ، وە ئەم برگەیە لە دەستووری عێراقی دا هاتووە ،

---

[1] وائل انور بندق، التنظيم الدولي لحقوق الانسان، دار الفكر الجامعي ،الاسكندرية،٢٠٠٤ ،ص١٩

Scanned with CamScanner

وە بۆ ئەوەی هەلی یەکسان بۆ هەموو هاولاَتیانی عێراقی برەخسێنین بچنە سلکی فەرمانبەرایەتی گشتی بەبێ رەچاو کردنی رایان یان بیر و بۆچوونیان بەبێ ئەوەی پەیوەندی کەسایەتی و حزبی ئاسەواری هەبێ لە هەلبژاردنی فەرمانبەران.

وەفەرمانبەرایەتی پابەندبوونە بە یاساو ریساکانی دەولەت و وەزارەتەکەی یان فەرمانگەکەی وەپابەندبوون بریتیە لە گرێدانێك لە نێوان دولا یان پەیوەندی یاساییە کە بەپێی دەبێت ئەو کەسە مافێکی عەینی بگوازێتەوە یان کارێك ئەنجام بدات یان پابەند بێت بە نەکردنی کارێك[1] بە پێی ئەم پێناسەیە پابەندبوون دوو روکنی سەرەکی هەیە :

١ – هەردوو لایەنی پابەندبوو قەرزدارو خاوەن قەرز یان ( فەرمانبەر و دەولەت)

٢ – شوێنی پابەندبوون بۆ فەرمانبەران دیوانی وەزارەت یان فەرمانگەکان یان دەزگایەکانی کەرتی گشتی.

وەدەبێت پابەند بوون (الالتزام) جێ بەجێ بکرێت هەر وەك لەیاسادا هاتووە ماف لەو کەسە وەردەگیرێتەوە کە مافی لەسەرە بۆ خاوەن ماف هەر کاتێك مەرجەکانی وەرگرتنەوەی ماف هاتەدی.

ئەگەر بێت فەرمانبەر و فەرمانبەرایەتی بکەینە دوو لایەنی پابەندبوون وەك قەرزدارو خاوەن قەرز ناتوانین یەکسانی لە نێوانیاندا بەر قەرار بکەین لە بەر ئەوەی لە گرێبەستی نێوان فەرمانبەر و فەرمانگە هەردوو لایەن یەکسان نین وە دەولەت خاوەنی دەسەلاتی رەهایە بەرامبەر بە فەرمانبەر وە بۆچوونی جیاواز هەن لەو پەیوەندیە یان لەو گرێبەستەی کە فەرمانبەر بە

---

[1] د. عبدالقادر الفار،احكام الالتزام اثار الحق في القانون المدني، مكتبة دار الثقافة للنشر والتوزيع،عمان،١٩٩٧،ص١٣

Scanned with CamScanner

فەرمانبەرایەتی یان بە دەوڵەت گریّ دەدات وە هەندێك لەم بۆچونانە لە خوارەوە باس دە کەین:

فەرمانبەران ئەو کرێکارانەن کە دەوڵەت پشتیان پیّ دەبەستێت بۆ بەرێوەبردنی کەرتی گشتی کە بەردەوامە لەئیش و کارەکانی وە بۆ دەست نیشانکردنی ئەو پەیوەندیەی کە فەرمانبەر بە دەوڵەت دەبەستێتەوە زانایانی یاسا بیرو بۆچونی جیاوازیان هەیە ، هەندیّ دەڵێن (پەیوەندیەکە بەپیّ ی بیردۆزەکانی گرێبەستەکانە) وە هەنێکیشیان پێیان وایە (گونجان و رێکخستنە).

## یەکەم: بیردۆزەکانی گرێبەستەکان ( نظريات العقود)

زانایانی یاسا دەڵێن پەیوەندی نێوان فەرمانبەرو دەوڵەت یەکێکە لەم گرێبەستانەی خوارەوەیە:

### ١- بیردۆزی گرێبەستی شارستانی( نظرية العقد المدني):

فەرمانبەر لە حالەتی گرێبەستی دایە لە پەیوەندی کردنی لەگەڵ دەوڵەت وە ئەم گرێبەستە پیّ ی دەوترێت گرێبەستی کار ئەگەر ئەو ئەرکەی بە فەرمانبەر دەسپێردرێت یاسایی بێت وە پیّ ی دەوترێت گرێبەستی بەکریّ گرتنی تاکەکان ئەگەر فەرمانبەر کارەکەی ماددی بێت (لاشەیی) ، هەنێك پێیان وایە گرێبەستەکە لە گرێبەستەکانی بیّ ناوە (عقود غير مسمات) لەبەر ئەوەی فەرمانبەر کریّ گرتەی دەوڵەتە هەر وەك کرێکاران کریّ گرتەی خاوەن ئیشن.

### ٢- بیردۆزی گرێبەستی گوێرایەلی ( مل کەچی) (الإذعان)

ئەو گرێبەستەی کە لەنێوان فەرمانبەر و دەوڵەت دا هەیە هەموو بنەماکانی گرێبەستی گویرایەلی (إذعان)ی تێدایە کە بریتین لە:

أ- یەك هەڵوێستی بەبیّ موناقەشەکردن.

ب- دەست نیشان کردنی پێشەکی ماف و ئەرکەکان.

ج- لایەنێك بەهێزترە لەلایەنەکەی تر ئەویش دەوڵەتە.

٣- پەیوەندی نێوان فەرمانبەرو دەوڵەت دەکەوێتە چوارچێوەی یاسای گشتی:

واتا ئەو پەیوەندیە بە پێ ی گرێبەستی کارگێرییە ، بە پێ ی ئەم گرێبەستە دەوڵەت دەسەلاتی بەر فراوانی دەبێت بەرامبەر بە فەرمانبەران بۆ بەدی هێنانی بەرژەوەندی گشتی وە ئەو گرێبەستە دەبێت جێ بەجێ بکرێ لەلایەن کارگێری و کارمەندان (ملزمة للإدارة و ملزمة للأفراد).

## دووەم: گونجان و رێکخستن ( التکییف التنظیمي)

پەیوەندی فەرمانبەر بە دەوڵەت پەیوەندیەکی رێکخستنە بەپێ ی یاسا و رێساکان لەبەر ئەوەی فەرمانبەر لە مەرکەزێکی یاسایی دایە دەکرێت بیگۆرین لە هەر کاتێك دا وە ئەم بۆ چوونە چەند دەرئەنجامێکی هەیە کە بریتین لە (دەرئەنجامەکانی گونجان و رێکخستن):

١- کارگێری ئازادە لە هەموارکردنی برگە یاساییەکانی تایبەت بە فەرمانبەران بە ویستی (إرادە) تاکی خۆی بەبێ گەرانەوە بۆ رای فەرمانبەران بە مەرجێك مەرکەزی فەرمانبەر لەکەدار نەکات.

٢- نابێت دەوڵەت سەرپێچی یاسا و رێساکانی بکات کە تایبەتن بە ئەرك و مافی فەرمانبەران.

## مەرجەکانی دامەزراندن

پێش ئەوەی مەرجەکانی دامەزراندن باس بکەین دەبێت ئاماژە بەو بنەما گشتی و سەرەکیانە بکەین کە بۆ پەیوەندی کردن بە فەرمانبەرایەتی گشتی ڕەچاو دەکرێت ئەویش بنەمای یەکسانیە لە دامەزراندن وە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم یەکسانیەش دەبێت ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاو بکەین:

أ - هەبوونی بڕگەی یاسایی کە دەست نیشانی مەرجەکانی دامەزراندن دەکات لە پاڵێوراو بۆ فەرمانبەرایەتی گشتی وە ئەم بڕگە یاساییەش دەستەبەرن بۆ پابەند بوونی کارگێری بە بنەمای یەکسانی وە دوور کەوتنەوە لە جیاوازی لە دامەزراندن لەسەر بنەمای خزمایەتی وناسیاوەتی وحزبایەتی و خۆشەویستی لە لایەنی کردن.

ب - هەڵبژاردنی فەرمانبەران بە ڕێگای پێشبڕکێ بۆ ئەوەی کارگێری دوور بخاتەوە لە خزم حزمێنی و ناسیاوەتی و حزبایەتی.

**ئەمانەی خوارەوە مەرجەکانی دامەزراندن:**

١ - هەبوونی دەرەجەیەکی فەرمانبەرایەتی بەتاڵ لە میلاکی وەزارەت یان فەرمانگە.

لە یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە ٢٤ ساڵی ١٩٦٠ هەموار کراو پێناسەی میلاك کراوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

**میلاك:** بریتیە لە کۆی فەرمانبەرایەتیەکان و پلەکانی دیاری کراو بۆیان کە بە پێی یاسای بودجە یان لەلایان وەزیری دارایی پەسەند کراوە .

پێناسەیەکی تر : میلاك بریتیە لە خشتەی پلە بەتاڵەکانی فەرمانبەرایەتی لە ناو هەر وەزارەتێك یان فەرمانبەر ایەتی نە بەستراوە بە وەزارەت بۆ ساڵی دارایی داهاتوو کە بە یاسا پەسەند

دەکرێت یان لە لای وەزیری دارایی لە گەل بودجەی دەولەت.بۆ نمونە لەگەل یاسای بودجەی سالی ٢٠١٢ ی پەسەند کراو لە پەرلەمان یاسای میلاکیش لە گەلی پەسەند کراوە کە لە سەر ئاستی عێراقی فیدرال دا (١٠٠٠٠٠ ) پلەی فەر فانبەرایەتی پەسەند کراوە وە دەکریت لە ١/١/٢٠١٢ هەتا ٣١/١٢/٢٠١٢ فەرمانبەران دابمەزرێنن (سەد هەزار فەرمانبەر) ئەگەر هیچ ئاستەنگێك بۆ جێ بە جێ کردنی بودجەی دروست نەبێت .

وە بە پێی ئەم پێناسەیە کە لە یاسادا هاتووە دەسەلاتی پر کردنەوەی میلاك بە وەزیری پەیوەندار دەدرێت یان سەرۆکی فەرمانگەی نەبەستراوە بە وەزارەت دوای پەسەند کردنی لە لایەن پەرلەمان یان وەزیری دارایی وە پێویست بە دووبارە وەرگرتنی رەزامەندی وەزارەتی دارایی ناکات وە دەبێت لە هەر وەزارەتێك لیژنەیەکی پسپۆر پێك بێت بۆ دامەزراندن بە پێی میلاکی سالی دارایی نوی .وە دوای هەلوەشاندنەوەی ئەنجومەنی راژە لە عێراق لە ٢/٨/١٩٧٩ بە پێی بریاری ژمارە ٩٩٦ دەسەلاتەکانی دراوەتە وەزیری پەیوەندار بۆ ئەنجامدانی دامەزراندن و بەرزکردنەوەی پلە و پایە و پێدانی سەرمووچە[1] ..هتد .ئێستا لە هەرێمی کوردستان دوای پەسەند کردنی میلاك و دامەزراندنیش دەبێت دوو بارە رەزامەندی وەزارەتی دارایی وەربگرن کە ناویان ناوە پەسەند کردنی دارایی ( تصديق التعيين ) نازانم ئەم رۆتینە بۆ چی کە دەبێت تەنها کۆپیەك لە فەرمانی دامەزراندن بدرێتە وەزارەتی دارایی نەك فەرمانبەر چەندین رۆژ یان بە مانگ چاوەروانی گەرانەوەی پەسەندی

---

[1] نسار عبدالرحمن حياوي ، قانون الخدمة المدنية، المكتبة القانونية، بغداد، ٢٠١١،ص٣٤

Scanned with CamScanner

دارایی بکات کە دامەزراندن بەپێی یاسا لـە خـودی دەسـەلاتی وەزیـرە نابێت دەسەلاتەکەی کەم بکرێتەوە .
ئەگەر بەراوردی یاسایی میرنشینی عـەرەبی یـەکگرتووش بکـەین بـە یاسای میلاکـی خۆمـان هـەمان یاسـایە بـۆ نمونـە لـە یاسـایی راژەی شارسـتانی ئـەوان هـاتووە لـە برگـە ٤ ( یاسـای بودجـە ژمـارەی فەرمانبەرایەتیەکان بۆ هەر وەزارەتێك و فەرمانگەیـەك دەسـت نیشـان دەکات لەگەل جۆرو پلـەی دارایـی هـەر فەرمانبەرایەتیـەك وە نابێـت ژمـارەوی فەرمانبـەران لـە هـەر پلەیـەك زیـاتر بـن لـە ژمـارەی فەرمانبەرایەتی دیاری کراو بۆ هـەر وەزارەتێـك یـان فەرمانگەیـەك وە نابێ هیچ فەرمانبەرێك دەسـت بـەکار بێـت لـە کـارێکی فـەرمی لـە وەزارەتێك یان فەرمانگەیەك پێش دەرچوونی فەرمانی دامەزراندن لەلایەن دەسەلاتی تایبەتمەند وە نابێت کەس دابمـەزرێت تـەنها لـە پلـە بەتالەکانی میلاکی فەرمانبەرایەتی باوەر پێهێنراو (مصدق) نەبێت .
یاسای میلاك زۆر جار هەموار کراوە وە دوا جاری سالی ٢٠٠٨ کـە لـەم هەموارکردنـەدا خشـتەی پلـەکانی فەرمانبەرایـەتی و مووچـەکان گۆردراون لەگەل هەندێك ناونیشانی فەرمانبەرایەتیەکان.
٢- دەبێت عێراقی بێت لە دایك و باوکی عێراقی یان رەگەزنامەی عێراقی وەرگرتبێت وە (٥)سالّ بە سەر وەرگرتنی رەگەزنامەی بەسەر جووبێـت[1] ، وە هاولاّتیـانی ولاّتـانی عـەرەبی بـە عێراقـی هـەژمار دەکـرێن بـۆ دامەزراندن.

---

[1] ألغى القرار ٥٣٦ لسنة١٩٧٤ شط مضي مدة خمس سنوات على تاريخ اكتساب الجنسية العراقية للتعيين

Scanned with CamScanner

٣- دەبێـت تەمـەنی (١٨)سـاڵی تـەواو کردبێـت ، وە بـۆ پەرسـتیاریش (ممرچات) (١٦)ساڵی تـەواو کردبێـت بـۆ ئـەم مەبەسـتەش پشـت بـە ناسنامەی باری کەسی دەبەسترێت .

٤- دەبێت لەش ساغ و بیر سـاغ بێـت بـەپێی راپـۆرتی پزیشـکی لێژنـەی پزیشکی فەرمی کە شیاوە لە بارەی تەندروستی بۆ بوونی بە فەرمانبەر، نەخۆشی سادە و کاتی بۆ ئەم مەبەسـتە رێگـر نـین لـە دامەزرانـدن وە دەبێت ئەم لیژنەیە تەنها پشکنینی بینای چاو ئەنجام نەدات هەر وەك لە ناو هاولاتیان باوە کە راپۆرتی پزیشکی تـەنیا پشـکنینی چـاوە دەبێـت پشکنینە کـە گشـت ئەنـدامانی جەسـتەی فەرمانبـەر بگرێتـەوە کـە نەخۆشیان رێگر بن لە ئەنجام دانی ئەرکی فەرمانبەرایەتیش وە مـن بـە پێویسـت دەزانم پزیشـکی دەرون ناسـیش پشـکنینی خـۆی بکـات بـۆ پالێوراوی دامەزراندن[1] .

٥- دەبێت خاوەن رەوشتی رەسەن بێت وەنابێت حوکم کرابێت بە هیچ تاوانێك سیاسی نەبێت یان کەتنێك پەیوەست بە شـەرەف (تـاوانی سیاسـی بـۆ دامـەزراندن بە تاوان هەژمار ناکرێت) پێشان داوای بەلگەنامەی حـوکم نەبوون لە پالێوراوان بۆ دامەزراندن دەکرا کە لە لایەن بەرێوەبەرایـەتی پۆلیسی لێکولینەوەی تاون ( مدیریـه شـرگه التحریـان الجنائیـه ) دەر دەچوو بەلام ئەم بەلگەنامەیە لەکار پێکردن وەستێنرا بـە پێـی بریـاری ژمارە ١٧٣٠ لە سالی ١٩٧٩ بـەلام ئێسـتا لـە هـەرێمی کوردسـتان کاری پیێ دەکرێت .

---

[1] اجاز القرار ٢٠٨ لسنة ١٩٨٠ المعدل بقرار ٤٢٤ لسنة ١٩٨٠ تعيين المعوق القادر على العمل في دوائر الدولة.

Scanned with CamScanner

٦- دەبێت خزمەتی سەربازی تەواو کردبێت یان بوردرابێت ، (لە ساڵی ٢٠٠٣ کار بەم بڕگەیە ناکرێت)چونکە ئێستا خزمەتی سەربازی لە عێرق لە پابەندبوونەوە (الالزامی )بۆتە خۆ بەخشی( التطوع).

٧- دەبێت هەڵگری بڕوانامەیەکی باوەڕ پێکراو بێت لە وەزارەتی پەروەردە یان لە وەزارەتی خوێندنی باڵاوە ، ئەگەر هەڵگری بڕوانامەیەك بێت لە دەرەوەی وولات وەری گرتبێت دەبێت وەزارەتی پەروەردە یان خوێندنی باڵا بڕوانامەکەی باوەڕ پێ بێنێت لە بەر ئەوەی دامەزراندن لە عێراق بە پێی بڕوانامەیە بۆ زۆرینەی فەرمانبەرایەتیەکان جگە لە خزمەت گوزارو پاسەوان و باغچەچی نەبێت.

هێندێك مەرجی تر

لەیاسادا تەنها مەرجی گشتی دانراوە بۆ دامەزراندن وە هەر مەرجێکی کە بۆ ئاستەك لەدامەزراندبێت ڕەوانین بەلام ئەگەر بە مەبەستی دامەزراندنی کەسانی لێ هاتوو بێت لە نێوان داواکارانی دامەزراندن بۆ هێندێك لە فەرمانبەرایەتیەکان نابێتە ڕێگر لە بەردەم فەرمانگەکان بۆ دانانی ئەم مەرجە لاوەکیانەوە.

**بەپێی ریساکانی هەندێك لە وەزارەتەکان چەند مەرجێکی تر دانراوە بۆ دامەزراندن کە بریتین لەمانەی خوارەوە:**

١ – دانیشتوی شوێنی کارکردن بێت

٢ – ڕەگەزی نێر یان مێ بۆ هەندێك جۆر لە فەرمانبەرایەتی

٣ - تەمەن لە... ساڵ زیاتر نەبێت یان لە... ساڵ کەمتر نەبێت

٤ – خزمەتی چەند ساڵێك هەبێت لە بواری پسپۆری خۆی

٥ – زانینی لای کەمی دوو زمان یان زمانێکی داوا کراو

٦ – پسپۆری ورد( الاختصاص الدقیق)

Scanned with CamScanner

٧ – رێکی لاشەو جل و بەرگ
٨ – ئەندامێتی لە سەندیکا یان یەکیەتیەکی پیشەیی

## بەڵگە نامەکانی دامەزراندن

١ - داواکاری دامەزراندن لەسەر شێوازی بیرخەرەوە بێت یان فۆرم کە فەرمانگە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەی کردبێت.
٢ - بڕوانامەی دەرچوون لە قوتابخانە یان لە کۆلیژ یان لە پەیمانگا.
٣ - پشت گیری دانیشتوان لەلایەن موختار وشاهیدی گەرەك وە باوەر پێهینانی لەلایەت بەریوەبەری ناحیە یان قایمقام.
٤ - پسولەی خۆراك کە لەلایەن وەزارەتی بازرگانی بۆ خێزانەکان دەردەچێت.
٥ - راپۆرتی پزیشکی کە لەلایەن لیژنەی پزیشکی فەرمی دەرچووە.
٦ - بەڵگە نامەی حوکم نەبوون بە تاوانێکی سیاسی نەبێت یان کەتنێکی پەیوەست بە شەرەف کەلەلایەن بەرێوەبەرایەتی پۆلیسی پشکنینی تاوان دەردەچێت ئەم بەڵگە نامەیە لە ساڵی (١٩٧٩ بە بریاری ژمارە ١٧٣٠) لە عێراق کاری پێ ناکرێت بەلام دەبینین لە هەرێمی کوردستان کاری پێ دەکرێت وە بەرلەمانی کوردستان هەموار کردنی بۆ یاسای راژەی شارستانی نەکردوە کە ئەم بەلگە نامەیە ببێتەوە بەلگە نامەی دامەزراندن وە (هەر برگەیەکی یاسای کە بەیاسا هەلوەشێتەوە دەبێت بە یاساش بگەرێندریتەوە)، وە لەجیاتی ئەم بەڵگە نامەیە بەلێن نامەیەك لە فەرمانبەر وەردەگرن کە بەڵێن دەدات حوکم نەدراوە بە هیچ تاوانێك جگە لە تاوانی سیاسی نەبێت وە ئەگەر پێچەوانە دەرچوو فەرمانبەر روو بە رووی دادگا دەکرێتەوە.

Scanned with CamScanner

٧ - رەگەز نامەی عێراقی.

٨ - ناسنامەی باری شارستانی.

٩ - پشتگیری فەرمانگەی (تجنید) کە سەربازی تەواو کردووە یان بوردراوە لە ساڵی (٢٠٠٣) کاری پێ ناکرێت.

١٠- کۆمەڵە وێنەیەکی رەنگاو رەنگ.

هەموو بەڵگە نامەکانی لەناو فایلێك دادەنرێت پێشکەش بە فەرمانگە دەکرێت.

## بنەماکانی پڕکردنەوەی فەرمانبەرێتی گشتی

دوای پەسەند کردنی میلاکی وەزارەت وە بوونی چەند پلەیەکی فەرمانبەرایەتی بەتاڵ لە دیوانی وەزارەت ودام و دەزگاکانی سەر بە وەزارەت وە پر کردنەوەی فەرمانبەرایەتیە بەتاڵەکان دەبێت رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکریت :

١- رێکلام کردن لە رۆژنامەیەکی ناوخۆ یان کەناڵێکی (TV) و رادیۆی ناوخۆ وە لە بۆردی ئاگاداریەکانی فەرمانگە (لوحە إعلانات) تیایدا ئاماژە بکرێت بە پلەی وەزیفە بەتاڵەکان وە بڕوانامەی پێویست وە موچەی هەر پلەیەك و مەرجەکانی ترو رۆژی پیشکەشکردنی داوای دامەزراندن و ماوەکەی.

٢- دەرگای پێشکەش کردنی داواکاری دەکرێتەوە لە فەرمانگە لە رۆژی دیاری کراو لە بلاّوکردنەوەی ئاگادارکردنەوەکە بۆ ماوەی (١٥)رۆژ یان کەمتر یان زیاتر بەپێی رێنمایەکانی فەرمانگە.

٣- دوای تەواو بوونی ماوەی ئاگاداری و ووردبینی داواکاریەکان دەکرێت بۆ دلنیابوون لەرووی یاساییەوە هەروەها ژماردنی داواکاریەکان بۆ بە دەست هێنانی ئەم زانیاریانەی خوارەوە:

ا - ئەگەر هاتوداواکاریەکان یەکسان بوو یان کەمتر بوون لە پلە وەزیفیە بە تالەکان ئەوا هەموو دادەمەزرێن.

ب- ئەگەر داواکاریەکان زیاتر بوو لە پلە فەرمانبەریەتیەکانی بەتال دەبێت تاقیکردنەوەو چاوپێکەوتن بۆ داواکاران ئەنجام بدرێت لەگەل رەچاوکردنی نمرە بەپێی بڕوانامەی دەرچوون.

ج – بلاوکردنەوەی ئەنجامی تاقیکردنەوەو چاوپێکەوتن بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە داواکاریان پێشکەش کردبوو ئەوەی نمرەی یەکەمی بەدەست هێناوە لە پلەی یەکەم دادەنرێت تاکۆتایی ناوەکان وە چەند وەزیفەی بەتاڵ هەبێت لە پلەی یەکەم دەست بە وەرگرتن دەکریت هەتا گشت پلە وەزیفیە بەتالەکان پردەکرینەوە بە پێی ریزبەندی دەرچوان .

٤- تاقیکردنەوەی پراکتیکی (عملی) بۆ خاوەن پیشەکان ئەنجام دەدرێت.

٥- رەچاو کردنی مەرجی ئەندامیەتی لە سەندیکا ئەگەر پێویست بێت.

٦- ئەو کەسانەی دەرچوون وە دانەمەزراون هەموویان بەیەدەگ دادەنرێن هەتا کۆتایی ساڵ بۆئەوەی هەرکاتێك فەرمانگە پلەی بەتالی هەبوو بەپێی رێزبەندی ناوەکان لەم پالیوراوانە دادەمەزرێنن.

Scanned with CamScanner

# دەسەلاتی دامەزراندن لە فەرمانبەرایەتیەکان

## ١ – فەرمانبەرایەتی سیاسی

دامەزراندن لەو فەرمانبەرایەتی لە ڕێگەی هەڵبژاردن دەبێت بۆ سەرۆکایەتی یان بۆ پەڕلەمان ئەو لیستانەی کورسیەکانی پەڕلەمان بەدەست دەهێنن کاندیدی خۆیان دەست نیشان دەکەن بۆ ئەندامیەتی پەڕلەمان وە لە یەکەمین دانیشتنی پەڕلەمانیش سەرۆك و جیگرەکانی سەرۆکی پەرلەمان هەلدەبژردرین بەزۆرینەی دەنگ وە لە دووەم دانیشتنی پەرلەمان سەرۆك کۆمار هەلدەبژیرن بە دوو لە سەر سێ ی دەنگەکان پاشان سەرۆك کۆمار سەرۆکی لیستی براوەی یەکەم رادەسپێرێت بۆ پێك هێنانی ئەنجومەنی وەزیران لە ماوەی (٣٠) رۆژ وە ئەگەر نەی توانی پیکهاتەی وەزیران ئامادە بکات لە ماوەی یاسایدا سەرۆکی کۆمار سەرۆکی لیستی براوەی دووەم رادەسپیریت بۆ پیکهینانی ئەنجومەنی وەزیران وە مەرج نیە ئەو کەسانەی پۆستی سیاسی وەردەگرن خاوەن بروانامە بن بەلام لە دەستوری عێراقی سالی ٢٠٠٥ هاتووە دەبێت بەلانی کەم هەلگری بروانامەی بکالوریوس بن وە تەمەنیان لە ٣٥ ساڵ کەمتر نەبێت یان پسپۆر و شارەزابن لە بواری کارکردنیاندا.

## ٢ – فەرمانبەرایەتی تایبەت (پلە تایبەتەکان)

دامەزراندن لەم فەرمانبەرایەتیە بە فەرمایشی کۆماری یان بەفەرمانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت لەسەر پێشنیاری وەزیری پەیوەندار وە دەبێت ئەو کەسانە پۆستی تایبەت وەردەگرن پسپۆر و شارە زابن لە بواری کارکردنیاندا.

Scanned with CamScanner

## ٣ - فەرمانبەرایەتی گشتی

دامەزراندن لەفەرمانبەرایەتی گشتی بەفەرمانی وەزیر دەبێت یان سەرۆکی فەرمانگەی نەبەستراوە بەوەزارەت یان ئەو کەسەی وەزیر دەسەلاّتی پێ دەدات لەبەر ئەوەی وەزیری پەیوەندار دەسەلاتی ئەنجومەنی راژەی هەلوەشاوەی هەیە کە لە بریاری هەلوەشاندنەوەی ئەنجومەنی راژەدا هاتوە وە بە پێی یاسای میلاك کە پەرلەمان بریاری لەسەر دەدات لەگەل پەسەند کردنی بودجەی سالانەی دەولەت ، وە دامەزراندن بەپێی بروانامەیە یان خزمەتە، وە ئەم فەرمانبەرایەتیە دابەشی (١٠) پلە کراوە لە پلە (١) دەست پێ دەکات تاکو پلە (١٠).

## فەرمانی دامەزراندن:

دوای تەواوکردنی گشت بەلگەنامەکان وە پێشکەش کردنیان بەفەرمانگە وە پالاّوتن لەلایەن لیژنەی تایبەت بەدامەزراندن وە پێشنیاری لیژنە بۆ سەرۆکی فەرمانگە وە بەرزکردنەوەی بۆ وەزیری پەیوەندار فەرمانی دامەزراندنی فەرمانبەر دەردەچێت بەیەکێك لەپلەکانی وەزیفە کە بەپێی بڕوانامە دەستنیشان کراون وە ئەگەر هاتوو دەرکەوت فەرمانبەر یەکێك یان زیاتر لە مەرجە گشتیەکانی نەهاتۆتە جێ دەبێت فەرمانی دامەزراندن هەلوەشێتەوە لە لایەن ئەو دەسەلاتەی دەری هێناوە ، ئەگەر لەدوای ماوەیەك لەدەست بەکار بوونی فەرمانبەر دەرکەوت مەرجێك یان زیاتر تیایدا نەبووە لە کاتی دامەزراندنی بەلام ئێستا مەرجەکانی تیادا هاتۆتەدی دەکرێت فەرمانی دامەزراندنی هەلنەوەشێتەوە بەلام لە ماوەی دەست بەکاربوونی هەتا کاتی تەواو کردنی مەرجەکانی دامەزراندن بە خزمەت هەژمار نەکرێت بۆ گشت مەبەستێك.

## هەڵوەشاندنەوەی فەرمانی دامەزراندن

لە مادە (٦٢) یاسای راژەی شارستانیدا هاتووە ئەگەر هاتوو دوای دامەزراندنی فەرمانبەر دەرکەوت کە مەرجەکانی دامەزراندنی هاتوو لە هەردوو مادە(٧و٨) لەم فەرمانبەرە نەهاتۆتە دی یان بەشێکیان دەبێت دەربکرێت لە فەرمانبەرایەتی بە بریاری لایەنی دەسەلات داری دامەزراندن ، بەلام ئەگەر هاتوو دوای دامەزراندن بە ماوەیەك مەرجەکانی تیادا هاتە دی دەکرێت لە خزمەتی فەرمانبەرایەتی بمێنێتەوە بە مەرجێك ئەو ماوەیەی لە رۆژی دەست بەکار بوون ی هەتا رۆژی هاتنە دی مەرجەکانی دامەزراندن بە خزمەتی فەرمانبەرایەتی هەژمار نەکرێت .

## پلەکانی فەرمانبەرایەتی و موچەو بروانامەی هەر پلەیەك:

دامەزراندنی فەرمانبەران بە یەکێك لەم پلانەی خوارەوە دەبێت بە پێی ئاستی زانستی و بروانامە هەر وەك لە مادەی (٩) یاسای راژەی شارستانیدا هاتووە کە هەموار کراوە بە یاسای ژمارە (٢٢ ی سالی ٢٠٠٨ ):

١ - پلە(١٠) بۆ فەرمانبەرانی بێ بڕوانامە و بڕوانامەی سەرەتایی.

٢ - پلە(٩) بۆ فەرمانبەرانی هەڵگری بڕوانامەی ناوەندی.

٣- پلە(٨) بۆ فەرمانبەرانی هەڵگری بڕوانامەی ئامادەیەکان و دبلوم ودبلۆمی تەکنیکی.

٤ - پلە(٧) بۆ فەرمانبەرانی هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس ماوە ٤ساڵ.

٥ - پلە(٦) بۆ فەرمانبەرانی هەڵگری بڕوانامەی ماجیستێر و دبلۆمی باڵا بەکالۆریسی ماوە ٥ساڵ و بەکالۆریوسی پزیشکی ماوە ٦ ساڵ.

٦ - پلە(٥) بۆ فەرمانبەرانی هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا.

Scanned with CamScanner

## خشتەی مووچەی دامەزراندن و پلەی فەرمانبەرایەتی

| الدرجة/پلە | الراتب/مووچە | الشهادة/بڕوانامە |
|---|---|---|
| الأولى/یەکەم | ٩٤٨,٠٠٠ دینار | خدمة/ خزمەت |
| الثاني/دووەم | ٧٥٨,٠٠٠ دینار | خدمة/ خزمەت |
| ٣ | ٦٢١,٠٠٠ دینار | خدمة/ خزمەت |
| ٤ | ٥٠٩,٠٠٠ دینار | خدمة/ خزمەت |
| ٥ | ٤٢٩,٠٠٠ دینار | دکتوراە |
| ٦ | ٣٦٢,٠٠٠ دینار | دبلۆم عالي+ بکالوریوس ٥سالە |
| ٧ | ٢٩٦٠٠٠ دینار | بەکالۆریوس ٤سالە |
| ٨ | ٢٤٠,٠٠٠ دینار | أعدادیات/ئامادەیەکان |
| ٩ | ١٨٥,٠٠٠ دینار | متوسطة/ ناوەندی |
| ١٠ | ١٤٠,٠٠٠ دینار | إبتدائی + بدون شهادة/سەرەتایی + بێ بروانامە |

*تێبینی/

بەپێی مادە (١٩) برگەی (٣ )ی یاسای راژەی شارستانی ژمارە ٢٤ سالی ١٩٦٠ هەموار کراو هاتووە( هەر کەسێك دادەمەزرێت بە پێی بروانامە بە مووچەی زیاتر لە لانی کەمی پلەکەی ئەو ماوەیەی لە نێوان لانی کەمی پلەکەی و مووچەی دامەزراندنی دەبێتە پێشخستن بۆ بەرزکردنەوەی داهاتوو)ئەم برگەیە زۆر لە دام و دەزگاکانی دەولەت کاری پێ ناکەن دەلێن هەموار کراوە بە یاسای ژمارە ٢٢ سالی ٢٠٠٨

Scanned with CamScanner

بەڵام لە راستیدا ئەم برگەیە هەر وەك خۆی لە یاسادا ماوەتەوە وە دەبێت کاری پێ بکرێت چونکە یاسای ژمارە ٢٢ ساڵی ٢٠٠٨ تەنها دوو مادەی لە یاسای راژەی شارستانی هەڵوەشاندۆتەوە ئەویش مادەکانی (٣ و٥)کە بە مادە (٢٠) لەیاسای ژمارە (٢٢) . وە مادە ( ١٩) ئەم حاڵەتەکانی خوارە دەگرێتەوە.[١]

یەکەم/ دەرچوانی پەیمانگە تەکنیکیەکان بە مووچەی ٢٦٥٠٠٠)دینار دادەمەزرێن وە دوای ساڵێك موچەکەیان دەبێتە (٢٩٦٠٠٠)دینار وپلە حەوت.وە دەرچوانی پەیمانگای دوو ساڵ خوێندن بە مووچەی ٢٦٠٠٠٠ دینار دادەمەزرێن وە دوای دوو ساڵ بەرز دەکرێنەوە بۆ پلە حەوت ٢٩٦٠٠٠ دینار وە دەرچوانی پەیمانگای مامۆستایان و پەیمانگای هونەرە جوانەکان کە ماوەی خوێندنیان ٥ساڵە دوای بڕوانامەی ناوەندی بە مووچەی ٢٦٠٠٠٠ دینار دادەمەزرێن وە دوای ٢ ساڵ پلەیان بەرزدەبێتەوە بۆ پلە حەوت بە مووچەی ٢٩٦٠٠٠ دینار

دووەم/ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر بە مووچەی (٣٧٤,٠٠٠)دینار دادەمەزرین وە دوای (٢) ساڵ مووچەیان دەبێتە (٤٢٩,٠٠٠)دینار هەروەها دەرچوانی کولیژی پزیشکی گشتی (٦ ساڵ خوێندن) وە پلەکەشیان دەبێتە پێنج .

سێیەم : دەرچوانی سەرەتای بە مووچەی ١٥٢٠٠٠ دینار دادەمەزرێن بە دوو ساڵ دەبنە پلە (نۆ) بە مووچەی ١٨٥٠٠٠ دینار

---

[١] المادة التاسعة عشر الفقرة الثالثة من قانون الخدمة المدنية رقم ٢٤ لسنة ١٩٦٠ المعدل ( ان هذه المادة غير ملغاة بقانون رقم ٢٢ لسنة ٢٠٠٨ وان هاذا [illegible]

Scanned with CamScanner

## خشته و ورده‌كارييه‌كانی زيادكردنی موچه‌ی فه‌رمانبه‌ران

| موچه‌ی پله‌ باڵاكان | سالانی خزمه‌ت | | | | | | | | | | | زيادە‌ی ساڵانه |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | |
| پله‌ باڵاكانی (أ) | ٢٤١٣ | ٢٤٩٦ | ٢٥٧٩ | ٢٦٦٢ | ٢٧٤٥ | ٢٨٢٨ | ٢٩١١ | ٢٩٩٤ | ٣٠٧٧ | ٣١٦٠ | ٣٢٤٣ | ٨٣ |
| پله‌ باڵاكانی (ب) | ١٥٠٠ | ١٥٨٣ | ١٦٦٦ | ١٧٤٩ | ١٨٣٢ | ١٩١٥ | ١٩٩٨ | ٢٠٨١ | ٢١٦٤ | ٢٢٤٧ | ٢٣٣٠ | ٨٣ |

| پلە وەزیفییەکان | سالانی خزمەت ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ١٠ | ١١ | زیادەی ساڵانە | ژ.ساڵەکانی پلە بەرزکردنەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٩٤٨ | ٩٦٨ | ٩٨٨ | ١٠٠٨ | ١٠٢٨ | ١٠٤٨ | ١٠٦٨ | ١٠٨٨ | ١١٠٨ | ١١٢٨ | ١١٤٨ | ٢٠ | ■ |
| ٢ | ٧٥٨ | ٧٧٥ | ٧٩٢ | ٨٠٩ | ٨٢٦ | ٨٤٣ | ٨٦٠ | ٨٧٧ | ٨٩٤ | ٩١١ | ٩٢٨ | ١٧ | ٥ |
| ٣ | ٦٢١ | ٦٣٣ | ٦٤٥ | ٦٥٧ | ٦٦٩ | ٦٨١ | ٦٩٣ | ٧٠٥ | ٧١٧ | ٧٢٩ | ٧٤١ | ١٢ | ٥ |
| ٤ | ٥٠٩ | ٥١٩ | ٥٢٩ | ٥٣٩ | ٥٤٩ | ٥٥٩ | ٥٦٩ | ٥٧٩ | ٥٨٩ | ٥٩٩ | ٦٠٩ | ١٠ | ٥ |
| ٥ | ٤٢٩ | ٤٣٦ | ٤٤٣ | ٤٥٠ | ٤٥٧ | ٤٦٤ | ٤٧١ | ٤٧٨ | ٤٨٥ | ٤٩٢ | ٤٩٩ | ٧ | ٥ |
| ٦ | ٣٦٢ | ٣٦٨ | ٣٧٤ | ٣٨٠ | ٣٨٦ | ٣٩٢ | ٣٩٨ | ٤٠٤ | ٤١٠ | ٤١٦ | ٤٢٢ | ٦ | ٤ |
| ٧ | [illegible] | ٣٠٢ | ٣٠٨ | ٣١٤ | ٣٢٠ | [illegible] | ٣٣٢ | ٣٣٨ | ٣٤٤ | ٣٥٠ | ٣٥٦ | ٦ | ٤ |
| ٨ | ٢٤٠ | ٢٤٥ | ٢٥٠ | ٢٥٥ | ٢٦٠ | ٢٦٥ | ٢٧٠ | ٢٧٥ | ٢٨٠ | ٢٨٥ | ٢٩٠ | ٥ | ٤ |
| ٩ | ١٨٥ | ١٩٠ | ١٩٥ | ٢٠٠ | ٢٠٥ | ٢١٠ | ٢١٥ | ٢٢٠ | ٢٢٥ | ٢٣٠ | ٢٣٥ | ٥ | ٤ |
| ١٠ | ١٤٠ | ١٤٤ | ١٤٨ | ١٥٢ | ١٥٦ | ١٦٠ | ١٦٤ | ١٦٨ | ١٧٢ | ١٧٦ | ١٨٠ | ٤ | ٤ |

تێبینی: ژمارەکان بەهەزاران دینارن

Scanned with CamScanner

# باسی سێیەم

## مافی وەرگرتنی دەرماڵەکان

## ( حق الحصول على المخصصات )

دەرماڵە ئەو برە پارەیە کە بۆ فەرمانبەر خەرج دەکرێت جگە لەمووچەی مانگانە بەرێژەیەکی سەدی یا بەگوژمەیەك بەپێ ی یاسا و ڕێساکان وە گشت فەرمانبەران مافی وەرگرتنی دەرماڵەیان هەیە بە پێی شایستە بوون .

### جۆرەکانی دەرماڵە ( انواع المخصصات )

جۆرەکانی دەرماله زۆرن کە پەیوەستن بە بروانامە یان ڕوالەتی کارو ماوەو ترسناکیەکانی یان شوێنی فەرمانبەرایەتی وە ئەو دەرمالانەی کە لەزۆربەی فەرمانگەکان خەرج دەکرێن ئەمانەی خوارەوەن:

| | |
|---|---|
| ١- دەرماڵەی هاوسەری | ٢- دەرماڵەی منداڵ |
| ٣- دەرماڵەی بڕوانامە | ٤- دەرماڵەی شوێنی جوگرافی |
| ٥- دەرماڵەی پۆست | ٦- دەرماڵەی ترسناکی |
| ٧ — دەرمالەی سەفەر و إیفاد | ٨ — دەرمالەی کاری زێدەکی |
| ٩ — دەرمالەی پیشەیی | ١٠ — دەرمالەی تایبەت |

# ١ – دەرماڵەی هاوسەری

ئەم دەرماڵەیە بڕی (٥٠,٠٠٠)هەزار دینارە مانگانە بۆ فەرمانبەر خەرج دەکرێت ئەگەر هاوسەرگیری ئەنجام بدات لەمانگی دوایی لەگرێبەستی هاوسەرگیری دا خەرج دەکرێت وە ئەگەر پێش دامەزراندنی هاوسەرگیری ئەنجام دابێت لە ڕۆژی دەست بەکار بوونی بۆی خەرج دەکرێت .

## چۆنیەتی پێدانی دەرماڵەی هاوسەرگیری

أ- پێشکەش کردنی داواو پڕکردنەوەی فۆرمی تایبەت بەدەرماڵەی هاوسەری.

ب- پێشکەش کردنی کۆپیەك لەگرێبەستی هاوسەری ( النسخة الاصلية).

ج- گۆڕینی ناسنامەی باری شارستانی و چاك کردنی حالەتی هاوسەری لەناسنامەکەدا وە نووسینی ناوی هاوسەر تیایدا.

د- ئەم دەرماڵەیە تەنها بۆ یەکێك لەهاوسەرەکان خەرج دەکرێت ئەگەر هەردووکیان فەرمانبەر بوون ، وە تەنها بۆ پیاوەکە ئەگەر ژنەکە فەرمانبەر نەبوو ، وە بۆ ژنەکە خەرج دەکرێت ئەگەر هاوسەرەکەی فەرمانبەر یان خانەنشین نەبوو وە هیچ دەرامەتیکی تایبەتی نەبێت

ه - ئەگەر فەرمانبەر مەبەستمان پیاوەکە لەهاوسەرێکی زیاتری هەبوو تەنها (٥٠,٠٠٠)هەزار دیناری بۆ خەرج دەکرێت بری یەك هاوسەر.

و – ئەگە جیابونەوە رووی دا لەنێوانیاندا دەرمالەکە خەرج ناکرێت .

ز – دەرمالەی هاوسەری بۆ هاوسەری فەرمانبەری کۆچ کردوو یان پەکەوتە بەردەوام دەبێت ئەگەر هاوسەری فەرمانبەر بوو ئەگەر پیاوەکەی

Scanned with CamScanner

مووچەی خانەنشینی بۆ ترخان نەکرابێت.( مادە ١٤ برگەی ب لە یاسایی ژمارە ٢٢ سالی ٢٠٠٨)

## ٢ – دەرماڵەی منداڵ (مخصصات الاطفال)

فەرمانبەر مانگانە (١٠,٠٠٠)دە هەزار دیناری بۆ خەرج دەرکرێت بۆ هەر منداڵێکی تا (٤)منداڵ بەپێی فۆرمی تایبەت کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراوە وە هەمان فۆرمی هاوسەریە.

## چۆنیەتی پێدانی دەرماڵەی منداڵ

دەبێت فەرمانبەر بەڵگەی منداڵ بوون وەر بگرێت لەو نەخۆشخانەیەی منداڵەکەی تیادا بوە یان لە لە سەنتەری تۆمارکردنی منداڵ بون کە سەر بە وەزارەتی تەندروستیە ئەگەر منداڵ بونەکە لە ماڵەوە بوبێت وە پێشکەش بەفەرمانگەکەی بکات وە لەمانگی دوای منداڵ بوونەکە دەرماڵەکە خەرج دەکرێت.

أ- ئەم دەرماڵەیە خەرج دەکرێت تا (٤)منداڵ وە ئەگەر فەرمانبەر زیاتر لە (٤)منداڵی هەبوو تەنها بۆ (٤)یان خەرج دەکرێت.

ب-ئەم دەرماڵەیە خەرج دەکرێت تا منداڵەکە تەمەنی دەبێتە (١٨)ساڵ دوای تەواو کردنی (١٨) ئەگەر وازی لە خوێندن هێنا یان دەرامەتێکی تایبەتی پەیدا کرد.

ج-ئەم دەرماڵەیە بەردەوام دەبێت دوای تەمەنی (١٨)ساڵی ئەگەر هاتوو منداڵەکان قوتابی /خویندکاری زانکۆ بن تا تەمەنی (٢٦)ساڵیش بەردەوام دەبێت.

د-ئەگەر فەرمانبەر کچی هەبوو دەرماڵەکەی بەردەوام دەبێت هەتا:

- دامەزراندنی کچەکەی.
- شوکردنی کچەکەی.
- مردنی کچەکەی.

هـ - هەر منداڵێك مـەرجی پێدانی دەرماڵـەی لەدەست دا دەرماڵەکـەی دەبڕێت بەڵام فەرمانبەر دەتوانێت منـداڵێکی تـر بخاتـە شـوێنی ئـەو ئەگەر لە (٤)منداڵی زیاتر هەبوو.

و - ئەگەر ژن و پیاو هەردووکیان فەرمانبەر بـوون تـەنها بـۆ یـەکێکیان هەیە دەرماڵەی منداڵ وەربگرن ئەگەر تەنیا یەکێکیان فەرمانبـەر بـوو ئەو مافی وەرگرتنی هەیە.

ز - ئەگەر پیاوەکـە هاوسـەرەکەی تـەلاق بـدات و منـداڵیان هـەبێت وە هەردووکیان فەرمانبەر بوون کامەیان منداڵەکان بەخێو دەکەن ئەویان دەرماڵەکە وەردەگرێت وە ئەمەش بە پی ی بریاری دادگاری باری کەسی دەبیت کە مندالەکان بەکامیان دەدات .

## ٣ - دەرماڵەی بڕوانامە

فەرمانبەر مافی هەیە دەرماڵەی بڕوانامە وەربگرێـت بـەپیّ ی بڕوانامـەی زانستی خۆی بەرێژەی سەدی لەمووچەی مانگانەی بەم شێوەیەی خوارەوە:

| بڕوانامە (شهادة) | دەرماڵە (مخصصات) |
|---|---|
| دکتۆرا (الدکتورا) | ١٠٠٪ لەمووچەی مانگانە |
| ماستەر (الماجستیر) | ٧٥٪ لەمووچەی مانگانە |
| دبلۆم باڵا (الدبلوم العالي) | ٥٥٪ لەمووچەی مانگانە |
| بەکالۆریۆس (البکالوریوس) | ٤٥٪ لەمووچەی مانگانە |

Scanned with CamScanner

| دەرماڵە (مخصصات) | بڕوانامە (شهادة) |
|---|---|
| ٣٥٪ لەمووچەی مانگانە | دبلۆمی تەکنیکی وە دبلۆمەکانی تر(الدبلوم الفنی والدبلومات الاخری) |
| ٢٥٪ لەمووچەی مانگانە | بڕوانامەی ناوەندی بەگشت لقەکانی(شهادة الاعدادیة بکافة فروعها) |
| ١٥٪ لەمووچەی مانگانە | ناوەندی (المتوسطة) |
| ١٥٪ لەمووچەی مانگانە | سەرەتایی (الأبتدائیة) |
| ١٥٪ لەمووچەی مانگانە | بێ بڕوانامە (بدون شهادة) |
| | بۆ بێ بڕوانامە ناویان ناوە دەرماڵەی پیشە (مخصصات حرفة) |

نموونەی:١

فەرمانبەرێك دامەزرا لە١٠/١٠/٢٠٠٩ وە دەست بەکاری وەزیفەکەی بوو بۆ لە ١٢/١٠/٢٠٠٩ وە هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمی تەکنیکیە لەکارگێری یاسایی وە هاوسەر و (٢)منداڵیشی هەیە.

داواکاری: دەست نیشانی کۆی مووچەی مانگانەی بکە.

شیکار:

کۆی موچەی مانگانە = موچەی بنەرەتی + دەرماڵەکان

= ٢٦٥٠٠٠ +(دەرماڵەی بڕوانامە +دەرماڵەی هاوسەری +دەرماڵەی منداڵ)

موچە/ ٢٦٥,٠٠٠ دینار

دەرماڵەی بڕوانامە = ٢٦٥٠٠٠× ٣٥ ٪

٩٢٧٥٠ دینار

دەرماڵەی هاوسەرگیری = ٥٠,٠٠٠ دینار

دەرماڵـــــەی منداڵ = ٢ X ١٠٠٠٠ = ٢٠,٠٠٠ دینار

کۆی موچە = ٢٦٥٠٠٠ + ( ٩٢٧٥٠، + ٥٠,٠٠٠ + ٢٠,٠٠٠ )

=٤٢٧٧٥٠ دینار موچەی مانگانەی

لە کۆی موچەدا بڕینی خانەنشینی کەم دەکرێتەوە بەڕێژەی ٧٪ لە موچەی بنەڕەتی وە لەبابەتی خانەنشین کردن باسی دەکەین.

## ٤ – دەرماڵەی شوێنی جوگرافی ( مخصصات الموقع الجغرافي)

ئەم دەرماڵەیە بۆ فەرمانبەرانی گشتی خەرج دەکرێت بەکوژمەیەکی مانگانەی دیاری کراو بەپێ ی شوێنی جوگرافیا و شوێنی فەرمانگەی فەرمانبەر بەم شێوەیەی خوارەوە:

| شوێنی جوگرافی | کوژمەی دەرماڵە |
|---|---|
| سەنتەری پارێزگاکان | ٢٠,٠٠٠ دینار مانگانە |
| سەنتەری قەزاکان جگە لەقەزای پارێزگا نەبێت | ٣٠,٠٠٠ دینار مانگانە |
| سەنتەری ناحیەکان | ٤٠,٠٠٠ دینار مانگانە |
| گوندەکان | ٥٠,٠٠٠ دینار مانگانە |
| شوێنە دوورەکان | ٦٠,٠٠٠ دینار مانگانە |

ئەم دەرماڵەیە خەرج ناکرێت ئەگەر هاتوو فەرمانگەکە ئامرازی گواستنەوەی فەرمانبەران دابین بکات لەماڵەوە بۆ فەرمانگە وە لەفەرمانگەوە

Scanned with CamScanner

بۆماڵەوە بەپێ ی ڕێنمایەکانی وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان بەڵام پێم وایە ئەم خەرج نەکردنە کە یاسا دانەری عێراقی بۆ سەنتەری پارێزگاکان بەندی کردووە بە دابین نەکردنی ئامرازی گواستنەوە لە ناو ئامانجی دەرماڵەکە دوورن چونکە ئەم دەرماڵەیە دەرماڵەی شوێنی جوگرافیە نەك دەرماڵەی گواستنەوەی فەرمانبەران.

## ٥ – دەرماڵەی پایە (منصب)

ئەم دەرماڵەیە بۆ فەرمانبەرانی گشتی لەوانەی پۆستی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیاریان هەیە خەرج دەکرێت بەڕێژەی سەدی یان بەکۆژمەیەك وە بەم شێوەیەی خوارەوە:

| پایە (منصب) | ڕێژەی مخصصات |
|---|---|
| جێگری بەڕێوەبەری گشتی | ٣٠٪ لە مووچەی بنەرەتی |
| سەرپەرشتیاری پەروەردەی و بەڕێوەبەری قوتابخانە و پەیمانگاکان خوێندنی پیشەیی | ٢٥٪ لە مووچەی بنەرەتی |
| بەڕێوەبەرەکان لە ئاستی سەرۆکی فەرمانگە نەبن | ٢٥٪ لە مووچەی بنەرەتی |
| بەڕێوەبەری بەشە کارگێریەکان | ٢٠٪ لە مووچەی بنەرەتی |
| یاریدەدەری بەڕێوەبەری قوتابخانەو پەیمانگاو خوێندنی پیشەیی یاریدەدەری بەڕێوەبەری بەش و سەرۆکی هۆبەکان | ١٥٪ لە مووچەی بنەرەتیان |

## دەرماڵەی پۆست لەوەزارەتی خوێندنی باڵا

١- راگرەکان (١,٥٠٠,٠٠٠)دینارە مانگانە.

٢- یاریدەدەرانی راگرو سەرۆك بەشە زانستیەکان و سەرۆك بەشە کارگێریەکان لەسەرۆکایەتی زانکۆو دەستەی فێرکردنی تەکنیکی (٢٥٠,٠٠٠)دینارە مانگانە.

٣- بڕیاردەری بەش (١٥٠,٠٠٠)دینارە مانگانە.

٤- بەڕێوەبەرو بەرپرسی یەکەکان (١٠٠,٠٠٠)دینارە مانگانە.

## ٦ -دەرماڵەی ترسناکی (الخطورة)

ئەو دەرماڵەیە بۆ فەرمانبەرانی گشتی خەرج دەکرێت کە لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکی فەرمانبەریەتیان رووبەڕووی ترسناکی دەبنەوە ئەم دەرماڵەیەش بەرێژەی سەدی لەمووچەی بنەرەتی خەرج دەکرێت بەمەرجێ لە (٢٠٪)کەمتر نەبێت وە لە (٣٠٪)یش زیاتر نەبێت وە بۆ خەرج کردنی ئەو دەرماڵەیە وەزارەتە پەیوەندارەکان رێنمای تایبەت دەردێنن دەربارەی ئەم ناونیشانە فەرمانبەرایەتیانەی کە لەیاسایی میلاك دا هاتوون وە تایبەتی بە وەزارەتەکەیان بە مەرجێك ئەم فەرمانبەرە پیشەکەی بە کرداری ئەنجام بدات نەك ناونیشانی ئەندازیاری کارەبا بێت بەڵام بەرێوە بەری کارگێری بێت لە فەرمانگەکەی وە کاری ئەندازیاری کارەبا ئەنجام نەدات ئەم جۆرە فەرمانبەرانە نابێت بۆیان خەرج بکرێت وە پێم باشە ئەم دەرماڵەیە لە گشت وەزارەتەکان بکرێت بە (٣) پلە بە گوێرەی پلەی ترسناکی بەم شێوەیەی خوارەوە:

١ - پلە (أ) ٣٠٪ لە مووچەی بنەرەتی

٢ - پلە (ب) ٢٥٪ لە مووچەی بنەرەتی

٣ - پلە (ج) ٢٠٪ لەمووچەی بنەرەتی

وە ڕێنمایەکانی وەزارەت دەبێت وەزارەتی دارایی پەسەندی بکات .

## ٧ - درەماڵەی سەفەر و ئیفاد( مخصصات السفر والایفاد)

**دەرماڵەی سەفەر/** ئەگەر هاتوو فەرمانبەر بەکارێکی فەرمی ڕەوانەی شوێنێك کرا لەناو عێراق لەدەرەوەی سنوری شارەوانی ئەو شارەی فەرمانگەکەی تیایدا جێگیرە دەبێت فەرمانگەکەی قەرەبوی خەرجیەکانی بۆ بکاتەوە کە لەئەنجامی سەفەری فەرمی خەرجی کردوون.

**دەرماڵەی إیفاد/** ئەگەر هاتوو فەرمانبەر راسپێردرا بۆ ئەنجام دانی کارێکی فەرمی لەدەرەوەی عێراق دەبێت فەرمانگەکەی هەموو تێچوونی سەفەرکردن و هاتنەوەی فەرمانبەر بۆی خەرج بکات.

**دەرماڵەی سەفەر وئیفاد بریتین لە:**

١- دەرماڵەی گواستنەوە بە ئۆتۆمبێل یان بەشەمەندەفەر (قطار) یان فرۆکە.

٢- دەرماڵەی حەسانەوە لەئوتێل.

٣- دەرماڵەی شەوانە کەپێی دەووترێت خەرجی گیرفانی .

ئەمانە بەپێی پلەی فەرمانبەرایەتی خەرج دەکرین لەفەرمانبەری پلە (١ هەتا١٠) بەپێی ڕێنمایی دارایی کە سالآنە وەزارەتی دارایی دەری دەکات بۆ ئەم مەبەستە وە وەزارەتی گواستنەوەش نرخی ئامرازەکانی گواستنەوە دەردێنیت سالانە لەبەر ئەوەی نرخەکان لە گۆرانی بەردەوام دان .

## ٨- دەرمالەی دەوام کردنی زێدەکی

به پێی بریاری ژماره ٧٢ له ١٩٩٤/٦/٢٢

یاسا رێگای داوه به وەزیری پەیوەندار یان سەرۆکی فەمانگەی نە بەستراوە بە وەزارەت بە راسپاردنی فەرمانبەران بە کار کردنی زێدەکی لە دوای کاتەکاتی دەوامی فەرمی ئەگەر پێویست بێت وە دەبێت جۆری کاری زێدەکی و کاتەکانی دیاری بکرێت وە نابێت لە هەر جارێك لە (٣) مانگ زیاتر بێت بەلام دەکرێت ئەم ماوەیە لە بەر پێویستی نوێ بکرێتەوە وە دەبێت سەرۆکی بالا و سەرۆکی راستەو خۆی فەرمانبەر سەرپەرشتی کارە زێدەکیانی فەرمانبەر بکەن وە لە بەرامبەردا کرێ ی کاتژمێرە زێدەکیانی بۆ فەرمانبەر خەرج دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ - هەر کاتژمێرێکی زێدەکی لەرۆژانی ئاسای هەفتە بە کاتژمێرێکی کاری ئاسای ئەژمار دەکرێت وە کرێ ی کاتژمێرێکی بۆ خەرج دەکرێت بۆ نمونە ئەگەر فەرمانبەرێك لە هەفتەیەکدا (٦) کاتژمێری زێدەکی هەبووەموچەی مانگانەی (٣٠٠ هەزار)دیناربوو کرێ ی کاتژمێرە زێدەکیەکانی بەم شێوەیە هەژمار دەکرێت:

٣٠٠٠٠٠ ÷ ٣٠ = ١٠٠٠٠ دینار موچەی رۆژێك

١٠٠٠٠ ÷ ٦ =١٦٦٦ دینار کرێ ی یەك کاتژمێر

١٦٦٦ ×٦ =٩٩٩٦دینار کری ێ کاتژمێرە زێدەکیانی هەفتە

ب - هەر کاتژمێرێکی زێدەکی لە رۆژانی پشووی هەفتە یان پشووە فەرمیەکان هەر کاتژمێرێك بە دوو کاتژمێر هەژمار دەکرێت وە لە دەوامی تێکەلاو( رۆژ لەگەل شەو) بە کاتژمێرێك و نیو هەژماردەکرێت بۆ خەرج کردنی دەرمالەی کاتژمێرە زێدەکیەکان .

ج - هەر کاتژمێرێکی زێدەکی لە کارکردنی شەو بە دوو کاتژمێر هەژمار دەکرێت.

لەکاتی وەرگرتنی مۆلەت کرێ ی کاتژمێرە زێدەکیەکان خەرج ناکرێت

کارگێری بۆی هەیە رۆژێك قەرەبوی فەرمانبەر بکاتەوە ئەگەر هاتو رای سپارد بە دەوام کردن لەرۆژانی پشوو لە هەفتەی داهاتو یان کرێ ی رۆژێکی بۆ خەرج بکات وە بەرای ئێمە خەرج کردنی کرێ رەوا ترا لە قەرەبوکردنەوەی پشوو بە پشوو چونکە فەرمانبەر نەی توانی لەگەل دوست وبرادەرانی پشووەکە وەر بگرێت دوای بە تەنیا چی لە پشوو بکات.

## ٩- دەرمالەی پیشەیی ( المخصصات المهنية )

فەرمانبەر مافی هەیە دەرمالەی پیشەیی وەر بگرێت ئەگەر لەیاسادا هاتیێ وە بپێدانی ئەم دەرمالەیە بۆ ئەوەیە کە فەرمانبەر لە دوای دەوامی فەرمی پیشەکەی ئەنجام نەدات لە کەرتی تایبەت یان تێکەلاو وە ئەم دەرمالەی لە یاسای وەزارەتەکان یان سەندیکاکان بریاری لە سەردراوە وە بە شێوەی گشت گیر نەهاتووە لە یاسای ژمارە ٢٢ سالی ٢٠٠٨ کە زۆر دەرمالە گشت گیرەکانی دیاری کردووە وە ئەم دەرمالەیە لە نێوان (٢٠ هەتا ٣٠ ٪ ) خەرج دەکرێت وەك دەرمالە پیشەیی ئەندازیاران ٣٠٪ بۆیان خەرج دەکرێت لە مووچەی بنەرەتیان وە لە رابردوو ٢٥٪ لەمووچەی بنەرەتی بۆ ژمێریارانی ئەندام ٢٠٪

Scanned with CamScanner

بۆ ژمێریانی مومارس خرج دەكرا بەلام ئێستا كاری پێ ناكرێت وە بەرای من پێدانی دەرماڵەی پیشەی بۆ گشت پیشەكان پێویستە لەبەر باری بژێوی فەرمانبەران بە تایبەتیش پلەكانی (٥ هەتا ١٠) جونكە مووچەكەیان دابین پێویستیەكانی ژیانیان ناكات ناچار دەبن بە دوای كارێك بگەرێن دوای كاتەكانی دەوامی فەرمی وە ئەم كاركردنەشیان فەرمانبەران ماندوو دەكات رۆژی دوای كە بێنە دەوامی فەرمی ناتوانن كارەكانیان وەك پێویست ئەنجام بدەن وە ئەمەش دەبێتە هۆی كەمكردنەوەی بەرهەمیان وە ناراستەوخۆ زیان بە فەرمانگە دەگەینێت وە بەبەردەوامیش بەدوای مۆڵەتی ئاسایی ونەخۆشی سەرقالدەبن بۆ حەسانەوەیان وە ئەمەش زیانێكی ترە بۆ فەرمانگەكانیانی

وە ئەگەر فەرمانبەر كاری دەست نەكەوت دوای كاتەكانی دەوامی فەرمی روو لەگەندەلی و خۆدزینەوە لەكار و دەست درێژ كردنە سەر مالی گشتی دەكات بۆ دابین كردنی پێداویستیەكانی ژیانی وە ئەمەش گشت گیر نیە چونكە ئێمە شاهیدی بۆ سەدان فەرمانبەر دەدەین كە ئامادەیە بە هەژاری بژیت بەلام ئامادەنیە تەنها دینارێكیش لە مالی دەولەت بە نارەوایی بەكار بێنێت وە ئەوەی باسمان كرد گریمانەیە هەردوو جۆر هەن.

## ١٠ – دەرماڵەی تایبەت ( المخصصات الخاصه):

لە مادە ١٥ لە یاسای ژمارە ٢٢ سالی ٢٠٠٨ بۆ ئەنجومەنی وەزیران هەیە دەرماڵە بداتە فەرمانبەران بە رێژەی (٥٠٪) زیاتر نەبێت لە مووچەی بنەرەتی جگە لەو دەرماڵانەی كە لە یاسای ژمارە ٢٢ هاتوون بۆ چارەسەری بارو دۆخ و حالەتە كانی تایبەتن بە روالەت. ئەم برگەیە دەسەلات دەداتە ئەنجومەنی وەزیران بۆ چارەسەركردنی زۆر لە كێشەكانی تایبەت بە داواكاری فەرمانبەران

بۆ دەرماڵە وە بەخشینی ئەم دەرماڵە بە شێوەیەکی کاتی بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کاری گرنكیان پێ دەسپێردرێت لە هەندێك بارو دۆخی تایبەت.

* جۆرەکانی دەرماڵە زۆرن بە پێ ی یاساو ریساکانی وەزارەتەکان خەرج دەکرین وە بە رەزامەندی وەزارەتی دارایی بۆ نمونە دەرماڵەی خۆ ترخانکردنی زانکۆی بۆ ماموستایانی زانکۆ و تەکنیکارەکان ومعیدەکان بەرێژەی ۱۰۰٪ لە مووچەی بنەرەتی وە بۆ کارمەندانی کارگێری بەرێژەی ۷۵٪ وە دەرماڵەی پزیشکەکان بە رێژەی ۱۰۰٪ لە مووچەی بنەرەتیان وە کارمەندانی تەندروستی بە رێژەی ۵۰٪ وە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڵێنی پێ داون بۆیان بکاتە ۱۰۰٪ لەمووچەی بنەرەتیان وە دەرماڵەی دادوەران و ئەندازیاران وئەندازیارانی کشت و کاڵ و کارمەندانی ڤێرتەرنەری و...هتد هەر پیشەك دەرماڵەی بۆ تەرخان کراوە بە مەرجێك کۆی دەرماڵەکان لە ۲۰۰٪ تێ پەر نەکات لە مووچەی بنەرەتیان جگە لە دەرماڵەی هاوسەری و مندال و شوێنی جوگرافی نەبێت .

# باسی چوارەم

# مافی دەست بەکاربوون ( حق المباشرة )

دەست بە کار بوون مافێکە لە مافەکانی فەرمانبەر ، دەرچوونی فەرمانی دامەزراندن ئەوە دەگەیەنێتت کە لە رۆژی دەرچوونی ئەم فەرمانە ئەو کەسە دەبێت بە فەرمانبەری گشتی وە هیچ لایەنێك مافی هەڵوەشاندنەوەی فەرمانی دامەزراندنی نیە ، تەنیا ئەگەر فەرمانبەر نەیەوێت دەست بەکار بێت لە فەرمانبەرایەتیەکەی ئەویش دەبیت بەنوسین بێت یان بە تێبەربونی ماویەکی دیاری کراو بەپی یَ یاسا.

## دەست بەکاربوون:

پەیوەندی کردنی فەرمانبەرە بە فەرمانبەرایەتیەکەی یان بە کارەکەی وە رۆژی دەست بەکاربوونی گرنگە بۆ فەرمانبەر ، لە بەر ئەوەی لەو رۆژەدا گریبەستەکە یان کاری ریکخستن دەچێتە بواری جێ بەجێ کردن وە فەرمانگە ئەرك بە فەرمانبەر دەسپێریت وەکاری بۆ دەست نیشان دەکرێت کە لە فەرمانگەکەی بیکات وەهەروەها مافیشی پیَ دەدرێت کە بۆی دابین کراوە بەپی ی یاساو ریساکان وەك مووچەی مانگانە و دەرماڵەو پاشەکەوت کردنی مۆڵەت.

# ماوەی دەست بەکاربوون

لە برگە(١)مادەی(١٦) لە یاسای راژەی شارستانیدا هاتووە ئەگەر فەرمانبەر لە ماوەی (١٠) رۆژدا جگە لە رۆژانی سەفەر دەست بەکاری فەرمانبەرایەتیەکەی نەبوو فەرمانی دامەزراندنی هەڵ دەوەشێتەوە وە بۆ لایەنی خاوەن دەسەلاتی دامەزراندن هەیە ماوەی(٣٠) رۆژ زیاتر نەبێت بداتە فەرمانبەر لە رۆژی ئاگادارکردنەوەی بە فەرمانی دامەزراندن وە ئەگەر دەست بەکار نەبوو لەپاش تەواو بوونی ماوەکە فەرمانی دامەزراندنی هەڵ دەوەشێتەوە.

حالەتێکی تر بۆ هەڵوەشاندنەوەی فەرمانی کارگێری ئەوەیە لە کاتی ئاگادار کردنی فەرمانبەر بە فەرمانی دامەزراندن ، فەرمانبەرەکە خۆی نەیەوێت دەست بەکاربێت ، دەبێت لەسەر فەرمانی دامەزراندن کۆپی فەرمانگە بنوسێت کە نایەوێت دەست بەکاربێت وە واژو بکات و بەروارەکەش بنووسێت ، لەم حالەتەدا پێویست بە ماوە ناکات تاکو بڕیارەکە هەڵبوەشێنرێتەوە لەگەڵ واژو کردن لەسەر فەرمانی دامەزراندنەکە ، کارگێری بۆی هەیە لە هەمان رۆژدا بڕیارەکەی هەڵبوەشێنێتەوە .

**لە چەند حالەتێکی تردا دەبێت فەرمانبەر دەست بەکاربێت لە فەرمانبەرایەتیەکەی (ئەمانەش مافی فەرمانگەیە لەسەر فەرمانبەر):**

١ — دوای تەواو بونی مۆڵەتی درێژ خایەن

٢ — دوای تەواو بونی مۆڵەتی دایکایەتی وسك و مندال بون وهاوەلی.

٣ — دوای کۆتای هاتنی سەفەر و ئیبفادی فەرمی

٤ — دوای تەواو بوونی خولی مەشق و راهێنان

٥ — دووبارە دامەزراندنەوە

٦ — دوای تەواو بوونی مۆڵەتی خوێندن

Scanned with CamScanner

# باسی پێنجەم

## دانانی فەرمانبەر لەژێر چاودێری
## (وضع الموظف تحت التجربة)

فەرمانگەکان ڕێ و شوێنی جۆراوجۆ دەگرنەبەر بۆ دەست نیشان کردن و هەڵبژاردنی ئەو کەسانەی کە بین بە فەرمانبەر وەك ئەنجامدانی تاقیکردنەوەو چاوپێکەوتن و ... هتد، بەڵام ئەم کارانە بە تەنیا دڵنیای تەواو بۆ فەرمانگە دروست ناکات لەبەر ئەوەی فەرمانبەر لەدوای دەست بەکاربوونی دەخرێتە ژێر چاودێری بۆ ماوەی ساڵێك هەر وەکو لە بڕگەی (١٤) لە یاسای ژمارە (٢٤) ساڵی (١٩٦٠) ی هەموار کراو هاتووە (فەرمانبەر لەژێر چاودێری دەبێت بۆ ماوەی (١) ساڵ لە خزمەتی کرداری (فیعلی)وە ئەمەش مافێکە یاسە بە فەرمانگەکانی داوە بۆ دڵنیابونەوەیان لە لێهاتووی فەرمانبەر وە دەبێت فەرمانی چەسپاندنی بۆ دەربچێت دوای تەواو کردنی ساڵەکە ئەگەر هاتوو فەرمانگە دڵنیابوو لە لێهاتوویی فەرمانبەر وە ئەرکەکانی فەرمانبەرایەتی وەك و پێویست ئەنجام دا، بەڵام ئەگەر لە ماوەی چاودێریدا ئەرکەکانی وەك پێویست ئەنجام نەدا فەرمانگە بۆی هەیە ماوەی چاودیری (٦)مانگی تر درێژ بکاتەوە[1] وەئەگەر لەماوەی چاودێری و درێژکردنەوە وەك پێویست ئەرکەکانی

[1] صبح المتنى ، قانون الخدمة المدنية رقم (٢٤) لسنة (١٩٦٠) المعدل ، المكتبة القانونية ،بغداد ٢٠٠٦ ، ص٩

Scanned with CamScanner

فەرمانبەرایەتی ئەنجام نەدا کارگێری بۆی هەیە دووری بخاتەوە لە راژەکەی وە کۆتای بە دامەزراندنی بهێنێت .

لەبڕگەی(١٤)دا هاتووە خزمەتی کرداری (فیعلی) واتا دەوام کردنی راستەخۆی فەرمانبەرە لە فەرمانگەکەی وە هەموو مۆڵەتەکانی ئاسایی بێت یان نەخۆشی وە پچڕانی لە دەوام بە خزمەتی کرداری (فیعلی) هەژمار ناکرێت ، بەڵام پشووی هاوینە و بەهاری بۆ مامۆستایان لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن بە خزمەتی کرداری (فیعلی) هەژمار دەکرێت ، هەروەها خزمەتی سەربازیش وە پشووە فەرمیەکان نیشتمانی بن یان ئاینیی بە خزمەتی کرداری (فیعلی) هەژمار دەکرێن.

ئەگەر ماوەی ساڵێك بە سەر خزمەتی کرداری (فیعلی) فەرمانبەر تێپەری، وە فەرمانگەکە فەرمانی چەساندنی بۆ دەرنەهێنا یان ماوەی بۆ درێژ نەکردەوە، ئەو فەرمانبەرە بە چەسپاو هەژمار دەکرێت بە حوکمی یاسا بەپێی ئەو نەریتەی بێ دەنگی نیشانەی رازی بوونە.

# باسی شەشەم

## مافی چەسپاندن ( التثبيت )

دوای تەواو کردنی ماوەی چاودێری یان ماوەی چاودێری و درێژکردنەوە وە فەرمانبەر لەو ماوەیەدا ئەرکەکانی فەرمانبەرایەتیەکەی وەك پێویست جێ بەجێ کرد ، مافی خۆیەتی لە فەرمانبەرایەتیەکەی وپلەکەی بچەسپێت وە دەبێت کارگێری فەرمانی چەسپاندنی بۆ دەربهێنێت لە کۆتایی ماوەکەدا ، بەلاّم ئەگەر هاتوو کارگێری نە فەرمانی چەسپاندن و نەدرێژکردنەوەی ماوەی چاودێری و نەدوورخستنەوە لە راژەی لە کۆتایی ماوەکەدا دەر نەهێنا ئەو فەرمانبەرە بەحوکمی یاسا بەچەسپاو هەژمار دەکرێت ئەگەر ئەرکەکانیشی وەك پێویست ئەنجام نەدابێت وە ئەمەش مافی دووەمە بۆ فەرمانبەر لە پێناو چەسپاندنی.

ماوەی چاودێری ودرێژکردنەوە بە خزمەت بۆ فەرمانبەر هەژمار دەکرێت لەدوای چەسپاندنی بۆ گشت مەبەستێك [1].

## مەرجەکانی چەسپاندن:

١ – تەواوکردنی ماوەی سالێك لە خزمەتی کرداری ( فیعلی ).

٢ – ئەنجام دانی ئەرکەکانی فەرمانبەرایەتی وەك و پێویست.

---

[1] قانون الخدمة المدنية رقم (٢٤) لسنة (١٩٦٠) المعدل الفقرة (١٤) ثانياً.

Scanned with CamScanner

٣ – راسپاردنی سەرۆکی راستەوخۆ بەچەسپاندنی و باوەر پێهێنانی سەرۆکی بالا.

## چەند نموونەیەکی پراکتیکی لەسەر چەسپاندن

نموونەی:١

فەرمانبەرێك دامەزراوە لە ٢١/٥/٢٠٠٦ وە لەهەمان رۆژ دەست بەکاربووە وە لەماوەی ساڵی یەکەمی خزمەتی ئەم مۆڵەتانەی خوارەوەی وەرگرتووە:

لە ١٠/١٠/٢٠٠٦ مۆڵەتی ئاسایی (٣)رۆژ.

لە ١٢/٢/ ٢٠٠٧ مۆڵەتی نەخۆشی (٤)رۆژ.

داواکاری: رۆژی چەسپاندنی دەست نیشان بکە

شیکار:

| | |
|---|---|
| بەرواری دەست بەکاربوون بۆ یەکەم جار | ٢١ / ٥ / ٢٠٠٦ |
| دەبێت لەم مێژووە بچەسپێت | ٢١ / ٥ / ٢٠٠٧ |
| + مۆڵەتی ئاسایی | ٣ / |
| + مۆڵەتی نەخۆشی | ٤ / |
| + نەهاتن | — / |
| + درێژکردنەوە | رۆژ/مانگ/ساڵ |
| | بە کۆ کردنەوە |
| بەرواری چەسپاندنی | ٢٨ / ٥ / ٢٠٠٧ |

Scanned with CamScanner

نموونەی:٢

فەرمانبـەرێك دامـەزراوە لـە ٢٠٠٦/٥/٢٥ وە لـەرۆژی ٢٠٠٦/٥/٢٧ دەست بەکاربووە وە لەماوەی ساڵی یەکەمی خزمەتی ئەم مۆڵەتانەی خـوارەوەی وەرگرتووە:

لە ٢٠٠٦/٨/١٢ مۆڵەتی ئاسـایی (٧)رۆژ.

لە ٥ /٤ /٢٠٠٧ مۆڵەتی نەخۆشی (٨)رۆژ.

لە ١ /٥ /٢٠٠٧ نەهاتن بۆ دەوام (١)رۆژ.

داواکاری: رۆژی چەسپاندنی دەست نیشان بکە.

شیکار:

| | |
|---|---|
| بەرواری دەست بەکاربوون بۆ یەکەم جار | ٢٧ / ٥ / ٢٠٠٦ |
| دەبێت لەم مێژووە بچەسپێت | ٢٧ / ٥ / ٢٠٠٧ |
| + مۆڵەتی ئاسایی | ٧ / |
| + مۆڵەتی نەخۆشی | ٨ / |
| + نەهاتن | ١ / |
| + درێژکردنەوە | |
| | رۆژ/مانگ/ساڵ |
| | بە کۆ کردنەوە |
| | ٤٣ / ٥ / ٢٠٠٧ |
| | - ٣٠ /+١ / |
| بەرواری چەسپاندنی | ١٣ / ٦ /٢٠٠٧ |

نموونەی:٣

خاتوو شیرین علی قادر دەست بەکاری وەزیفەکەی بوو بۆ یەکـەم جـار لە ٢٠٠١/٣/١٢ وە:

لە ٢٤ /٦ /٢٠٠١ مـــۆڵەتی نەخـــۆشـــی (٥) ڕۆژ وەر گرتوە.
لە ٢٥ /١٠ /٢٠٠١ مۆڵەتی سك و منداڵ بوونی (٧٢)ڕۆژ وەر گرت.
لە ٤ / ٢ / ٢٠٠٢ نەهـــاتە دەوام بۆ ماوەی (٣) ڕۆژ بەبێ پاساو.
لە ٣ / ٣ / ٢٠٠٢ نەهـــاتە دەوام بۆ ماوەی (٢) ڕۆژ بەبێ پاساو.
لە ١٠ / ٣ / ٢٠٠٣ کارگێری بڕیاری دا ماوەی چاودێری بـۆ (٦)مـانگ درێژبکاتەوە.

داواکاری: ڕۆژی چەسپاندنی دەست نیشان بکە.

شیکار:

| | |
|---|---|
| بەرواری دەست بەکاربون بۆ یەکەم جار | ١٢ / ٣ / ٢٠٠١ |
| دەبێت لەم مێژووە بچەسپێت | ١٢ / ٣ / ٢٠٠٢ |
| + مۆڵەتی ئاسایی | ـــ / ـــ |
| + مۆڵەتی نەخۆشی | ٥ / |
| + نەهاتن | ٥/ |
| + مۆڵەتی سك و مندال بون | ٧٢/ |
| + درێژکردنەوە | / ٦ / |
| | ٩٤ / ٩ / ٢٠٠٢ |
| | بەکۆ کردنەوە |
| | - ٩٠ / +٣ / |
| بەرواری چەسپاندنی | ٤ / ١٢ / ٢٠٠٢ |
| | ڕۆژ / مانگ / ساڵ |

Scanned with CamScanner

نموونەی:٤

فەرمانبەرێك دەست بەكاری وەزیفەكەی بوو بۆ یەكەم جار لە ٥/١١/٢٠٠٥ وە لەساڵی یەكەمی خزمەتی :

(٢٠)رۆژ مۆڵەتی ئاسایی وەرگرت.

(٢٥)رۆژ مۆڵەتی نەخۆشی وەرگرت.

(١٢)رۆژ نەهاتە دەوام.

لە ٤ / ١١ /٢٠٠٦ كارگێری بڕیاری دا ماوەی چاودێری بۆ (٦)مانگ درێژبكاتەوە.

داواكاری: رۆژی چەسپاندنی دەست نیشان بكە.

شیكار:

| | |
|---|---|
| بەرواری دەست بەكاربوون بۆ یەكەم جار | ٥ / ١١ / ٢٠٠٥ |
| دەبێت لەم مێژووە بچەسپێت | ٥ / ١١ / ٢٠٠٦ |
| + مۆڵەتی ئاسایی | ٢٠/ |
| + مۆڵەتی نەخۆشی | ٢٥/ |
| + نەهاتن(دابران) | ١٢ / |
| + درێژكردنەوە | - / ٦ /- |
| | ٦٢ / ١٧ / ٢٠٠٦ |
| | بەكۆكردنەوە |
| | - ٦٠ /+٢ / |
| | ٢ / ١٩ / ٢٠٠٦ |
| | /-١٢ /+١ |
| بەرواری چەسپاندنی | ٢ / ٧ / ٢٠٠٧ |
| | رۆژ /مانگ/ ساڵ |

## چەسپاندنی تەمەن:

جگە لە چەسپاندنی فەرمانبەر لە فەرمانبەرایەتی دەبێت کارگێری چەسپاندنی تەمەنیش بۆ فەرمانبەر ئەنجام بدات بە پشت بەستان بە پێناسەی باری شارستانی فەرمانبەر وە دەبێت فەرمانی کارگێر پێویستی بۆ دەربێنێت وە چەسپاندنی تەمەن گرنگە بە تایبەتی بۆ خانەنشین کردنی فەرمانبەر دوای تەواو کردنی تەمەنی یاسایی یان هەر کاتێ پێوست بێت زانینی تەمەنی فەرمانبەر.

# باسی حەوتەم

## دورخستنەوە لە راژە ( الاستغناء عن الخدمات )

فەرمانگـە مـافی هەیـە ئەگـەر هـاتوو فەرمانبـەر لـەماوەی چـاودێری و درێژكردنەوە نەی توانی ئەو كارەی پێی سـپێردراوە بـەتوانایی ئـەنجامی بـدات فەرمانگە بۆی هەیە دووری بخاتەوە لەراژە وە كۆتای بە دامەزراندنی بهێنێت وە فەرمانی دوورخستنەوەی بۆ دەربێنێت لەكۆتایی ماوەكە[٢].

فەرمانگە بەتەنیا بڕیار دەدات بۆدڵنیابوونەوە لە بەتوانایی و بـێ توانـایی فەرمانبەر لەئیش كردن لەماوەی چاودێری دا ، بەڵام ئەمە بڕیاری كۆتایی نیە ، بەڵكو لایەنێك هەیە پێداچوونەوەی بڕیارەكـانی فەرمانگـەكان لـەم بابەتـە دەكات ئەویش ئەنجوومەنی رێككاری گشتی یە (مجلس الإنظباط العام).

## مافی تانەگرتن لەبڕیاری دوورخستنەوە لەراژە ( الطعن في قرار الاستغناء عن الخدمات )

ئەو فەرمانبەرەی بڕیاری دوورخستنەوەی لەڕاژەی بۆ دەردەچێت مافی هەیـە تانە لەم بڕیارە بگرێت لەماوەی (٣٠)رۆژدا لەرۆژی ئاگاداركردنەوەی بـەبڕیاری دوورخستنەوەی لـە راژەی لەلایـەن ئەنجوومـەنی رێككـاری گشـتی وە بڕیـاری ئەنجوومەن (قطعی) كۆتایی دەبێت بەهەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دوورخسـتنەوەی

---

[٢] قانون الخدمة المدنية رقم (٢٤) لسنة (١٩٦٠) المعدل الفقرة (١٤) ثانياً.

Scanned with CamScanner

وەگەڕانەوەی فەرمانبەر بۆ فەرمانبەرایەتیەکەی وە هەژمارکردنی بە چەسپاو یان باوەڕ پێهێنان بەبڕیاری دوورخستنەوە و دەرکردنی فەرمانبەر.

ئەنجوومەنی ڕێککاری گشتی بڕیاری خۆی بەزۆرینەی دەنگ دەدات وە ئاگاداری فەرمانبەر بەنووسین دەکاتەوە وە ئەم بڕیارەش دوای ئەوە دەبێت ئەنجوومەن داوای دۆسیەی فەرمانبەر دەکات لەفەرمانگەکەی وە دیراسەی تەواوی دۆسیەکە دەکات ئینجا بڕیاری خۆی دەدات بە زۆرینەی دەنگی ئەندامانی.

* ئەو فەرمانبەری دووردەخرێتەوە لەڕاژە مافی هەیە لەهەر فەرمانگەیەك بۆ خۆی دابمەزرێت بەبێ ئەوەی بڵێت کە پێشوو فەرمانبەر بووم ، چونکە خزمەتەکەی خزمەتێکی خراپ بووە وە بۆی هەژمارناکرێت بەخزمەت وە بە دەست لەکارکێشانەوەش هەژمار ناکرێت.

# باسی هەشتەم

## مافی سەرموچە (العلاوة السنوية)

سەرمووچە مافی فەرمانبەر کە بریتیە لەزیادەی ساڵانەی موچەی فەرمانبەر لەسنوری پلەکەی پاش ئەوەی ساڵێك تەواو دەکات لەخزمەتی باش لەدوا موچەی پێشووی بەپێی فۆرمێك کە بۆ ئەم مەبەستە ئامادەکراوە وەك لەخوارەوە هاتووە وە فەرمانبەر سەرموچەی بۆ خەرج دەکرێت لەو رۆژەی کە مافیەتی وەری بگرێت نەك لەرۆژی دەرهێنانی فەرمانی کارگێری بەپێدانی زیادەی ساڵانە ( سەر موچە).

## مەرجەکانی پێدانی سەرمووچە

فەرمانبەر سەرموچەی ساڵانەی پێ دەدرێت بەم مەرجانەی خوارەوە:

١- تەواوکردنی ساڵێك لەخزمەتی لەپاش دوا سەرموچەی یان دوای بەرزکردنەوەی (ترفیع) بۆ نمونە لە رۆژی ٥/٥/٢٠٠٩ سەرموچەی وەرگرت وەموچەکەی بو بە ٣٠٨٠٠٠ دینار سەرموچەی داهاتوی لە ٥/٥/٢٠١٠ دەبێت وە موچەکەی دەبێتە ٣١٤٠٠٠ دینار.

٢- دەبێت ئەرکەکانی لەماوەی ئەم ساڵەدا بەباشی ئەنجام دابێت.

٣ – نابێت سزا درابێت بە یەکێك لە سزاکانی هاتو لەیاسای رێککاری فەرمانبەران

٤- راسپاردەی سەرۆکی راستەوخۆ بەپێدانی سەرموچە وە باوەڕ پێهێنانی سەرۆکی بالاّ بەڕاسپاردەکە ، وە ئەم خاڵەش بەپێی فۆرمێك جێ بەجێ دەکرێت کەپێ ی دەوترێت راپۆرتی (نهێنی) بەپێدانی سەرموچە کە ئەمە ی خوارەوە شێوازەکەیەتی.

ناوەندی فەرمانگە/ راگرایەتی پەیمانگەی تەکنیکی هەولێر

یەکە / کارگێری ژمارە/ ف

بەروار/ ٢٢/١١/٢٠١٠

---

راپۆرتی نهێنی تایبەت بەپێ دانی سەرموچە

بەڕێز / سەرۆکی بەشی... ( میکانیك)

داواکارین ئەم فۆرمە تایبەتە بەپێدانی سەرموچە کە تایبەتە بەبەڕێز لەخوارەوە درێژەی خزمەتی نووسراوە بۆمان پڕبکەنەوە.

لەگەڵ رێزمان،

فەرمانبەری خۆیەتی

---

بەش یان هۆبە: میکانیك

ناوی فەرمانبەر: کاوە عبداللە حمد

ناونیشانی فەرمانبەر : تێبینەری هونەری

موچەی ئێستای : (٣٦٨,٠٠٠)دینار لە ٢٥/١١/٢٠١٠

بڕی سەرموچە : (٦,٠٠٠)دینار

موچەی دوای سەرموچە: (٣٧٤,٠٠٠) دینار

بەرواری ماف: ٢٥/١١/٢٠١٠

Scanned with CamScanner

تێبینی:

---

لەلایەن سەرۆکی ڕاستەخۆ پڕدەکرێتەوە

نموونە:

| هەڵسەنگاندن | باش | ناوەند | خراپ | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| لێهاتوویی | ✓ | | | |
| خێرایی ئەنجام دان | ✓ | | | |
| داهێنان | | ✓ | | |
| ڕەوشتی لەگەڵ هاوڵاتیان | ✓ | | | |
| پابەندبوونی بەکاتەکانی دەوام | / | | | |

| بەلێ | | نەخێر | |
|---|---|---|---|

✓

ڕادەسپێرین کە سەرموچەی ساڵانەی پێبدرێت

ڕادەسپێرین بەدواخستنی سەرموچەی(      ) مانگ لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

١-

٢-

٣-

سەرۆکایەتی ڕاستەوخۆ

٢٠١٠/١١/٢٢

---

| ڕازیم | ✓ | نارازیم | |
|---|---|---|---|

باوەڕ دێنین بەپێدانی سەرموچە

Scanned with CamScanner

سەرۆکایەتی باڵا

پشتگیری لەجێ بەجێ کردنی پێویستی دەکەین

فەرمانبەری خۆیەتی

٢٠١٠/١١/٢٢

فەرمانگە مانگانە فەرمانی پێدانی سەرموچە بۆ فەرمانبەران دەردێنێت وە لە هەڵسەنگاندنیان ئاگادار دەکرێنەوە.

## بێ بەش کردنی فەرمانبەر لە سەرموچە

فەرمانبەر بێ بەش دەکرێت لە سەرموچە لەم حالەتانەی خوارەوە:

١- ئەگەر سەرۆکی راستەوخۆ رای نە سپارد سەرموچەی پێ بدرێت.

٢- ئەگەر هاتوو سەرۆکی باڵا رازی نەبوو باوەڕ بەراسپاردەی سەرۆکی راستەوخۆ بکات بەپێدانی سەرموچەی ساڵانە.

٣- ئەگەر هاتوو سزادرا بەیەکێك لەسزاکانی رێککاری فەرمانەران لەساڵی پێش وەرگرتنی زیادەی ساڵانە بۆ نمونە لە پاش وەرگرتنی سەرموچە بە سێ مانگ سزادرا بەسزای سەرنج راکێشان بۆ وەرگرتنی سەرموچەی داهاتو سێ مانگ دوا دەخرێ.

لە بەر کردن سەرموچە

## جدول الراتب بالعلاوات السنويه (خشتەی پێدانی سەرموچە)

| الدرجة/پلە | الراتب/مووچە | العلاوة / سەر موچە |
|---|---|---|
| الأولی/یەکەم | ٩٤٨,٠٠٠ دینار | ٢٠,٠٠٠ دینار |
| الثاني/دووەم | ٧٥٨,٠٠٠ دینار | ١٧,٠٠٠ دینار |
| ٣ | ٦٢١,٠٠٠ دینار | ١٢,٠٠٠ دینار |
| ٤ | ٥٠٩,٠٠٠ دینار | ١٠,٠٠٠ دینار |
| ٥ | ٤٢٩,٠٠٠ دینار | ٧,٠٠٠ دینار |
| ٦ | ٣٦٢,٠٠٠ دینار | ٦,٠٠٠ دینار |
| ٧ | ٢٩٦٠٠٠ دینار | ٦,٠٠٠ دینار |
| ٨ | ٢٤٠,٠٠٠ دینار | ٥,٠٠٠ دینار |
| ٩ | ١٨٥,٠٠٠ دینار | ٥,٠٠٠ دینار |
| ١٠ | ١٤٠,٠٠٠ دینار | ٤,٠٠٠ دینار |

Scanned with CamScanner

# باسی نۆیەم

## مافی بەرزکردنەوەی پلەو پایە فەرمانبەر

## ( الترفيع والترقية )

ڕێکخستنی هەر سیستەمێکی کارگێری لەسەر بنەمای زانستی وە کردنەوەی دەزگا بەڕووی ئەو فەرمانبەرانەی ئەرکەکانیان بەباشی ئەنجام دەدەن بۆ بەدیهێنانی دوو دەست کەوت ( دوو ماف)کە ئەمانەی خوارەوەن:

١- بەرزبوونەوەی مووچەیان بەپێی سالآنی خزمەت.

٢- وەرگرتنی پایە لەیەکێك لەپایەکانی فەرمانبەرایەتی کە لە یاسای میلاك دا هاتووە وەك هاندانێك بۆ ئەو فەرمانبەرانەی تواناکانیان بەگەر دەخەن بۆ جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانیان بەسەر کەوتوویی.

## مافی پلە بەرزکردنەوە( الترفيع)

بەرزکردنەوەی پلەی فەرمانبەر مافێکە لە مافەکەنی کە بریتیە لەگواستنەوەی فەرمانبەر لەپلەکەی خۆی بۆ پلەیەکی بەرزتر بەپێ ی چەند مەرجێك کە لەیاسادا هاتووە بێ ئەوەی گرینگ بێت کەروالەت و ئەرکەکانی فەرمانبەر دەگۆڕێت یان وەك خۆیان دەمێنیتەوە بەبەرزکردنەوەی پلەی فەرمانبەرایەتی.

کارگێری پابەند نیە بەپێ ی یاسا بەبەرزکردنەوەی فەرمانبەر لەبەر ئەوەی

بەرزکردنەوە مافێکی بەدەست هاتوو نیە بەڵکو مافێکە دەکرێت کارگێری بەپێی قەناعەتی خۆی پلەی فەرمانبەر بەرزبکاتەوە.

## مەرجەکانی بەرزکردنەوە

لە بەشی چوارەمی برگە(١٨)ی یاسای ژمارە (٢٤) ساڵی (١٩٦٠) هەموارکراودا هاتوە بۆ دەست نیشان کردنی فەرمانبەران بۆ بەرزکردنەوە لەسەر بنەمای توانایی و لێهاتووی فەرمانبەر و ماوەی خزمەتی دەبێت جگە لەفەرمانبەرایەتی فێرکردن و پزیشکی و ئەندازەیی نەبێت کە ڕەچاوی بڕوانامەش دەکرێت بۆ ئەوەی ناونیشانێکی وەزیفی گونجاویان پێ بدرێت بەپێی یاسای میلاك وە مەرجەکانی بەرزکردنەوە بریتین لە:

١- هەبوونی پلەیەکی فەرمانبەرایەتی بەتاڵ لەمیلاك کەیەکسان بێت یان بەرزتربێت لەپلەی فەرمانبەر کە بۆی بەرزدەبێتەوە .

٢- دەبێت فەرمانبەر ماوەی یاسایی بەرزکرنەوەی لەپلەی پێشووی تەواو کردبێت بەپێی ئەم خشتەیەی لەخوارەوە هاتووە.

**خشتەی پلەو موچەی هەر پلەیەك وە ماوەی بەرزبونەوە بە سال**

| الدرجة/پلە | الراتب/مووچە | مدة الترفع بالسنوات/ ماوەی بەرزکردنەوە بەساڵ |
|---|---|---|
| الأولى/یەکەم | ٩٤٨,٠٠٠ دینار | ـــــ |
| الثاني/دووەم | ٧٥٨,٠٠٠ دینار | ٥ |
| ٣ | ٦٢١,٠٠٠ دینار | ٥ |
| ٤ | ٥٠٩,٠٠٠ دینار | ٥ |
| ٥ | ٤٢٩,٠٠٠ دینار | ٥ |

Scanned with CamScanner

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٦ | | ٣٦٢,٠٠٠ دینار | ٤ |
| ٧ | | ٢٩٦٠٠٠،دینار | ٤ |
| ٨ | | ٢٤٠,٠٠٠ دینار | ٤ |
| ٩ | | ١٨٥,٠٠٠ دینار | ٤ |
| ١٠ | | ١٤٠,٠٠٠ دینار | ٤ |

٣- بەپێی مادە (١٩) برگەی (٣ )کە دەقەکەی( هەر کەسێك دادەمەزرێت بە پێی بروانامە بە مووچەی زیاتر لە لانی کەمی پلەکەی ئەو ماوەیەی لە نێوان لانی کەمی پلەکەی و مووچەی دامەزراندنی دەبێتە پێشخستن بۆ بەرزکردنەوەی داهاتوو)بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم برگەیە ئەمانە خوارەوە دەگرێتەوە:

أ – هەلگرانی بروانامەی ماستەر و کولیجی پزیشکی کە ماوەی خوێندنی (٦) ساڵە وە بە مووچەی (٤٧٤٠٠٠) دینار دادەمەزرێن بە (٢) مووچەیان دەبێتە(٤٢٩٠٠٠) دینار مەرتەبە (١) پلە (٥).

ب – هەلگرانی بروانامەی دبلومی تەکنیکی کەماوەی خوێندن (٢) سالی بەردەوامە کە دەکاتە (٣) سالی خوێندن بە مووچەی (٢٦٥٠٠٠) دینار دادەمەزرێن وە بە (١) سال دەبنە پلە (٧) مەرتەبە(١) بە مووچەی (٢٩٦٠٠٠) دینار.

ج – هەلگرانی بروانامەی دبلوم کە ماوەی خوێندنی (٢) ساڵە پاش ئامادەی یان (٥) سال دوای ناوەندی بە مووچەی (٢٦٠٠٠٠) دینار دادەمەزرێن وە بە (٢) سال دەبنە پلە(٧) مەرتەبە(١) بە مووچەی (٢٩٦٠٠٠) دینار.

Scanned with CamScanner

د — هەلگرانی بروانامەی سەرەتای بە (٢) سال دەبنە مەرتەبە (١) پلە (٩).

٤- دەبێت فەرمانبەر سەلماندنی توانا و لێهاتوویی خۆی بكات لە فەرمانبەرایەتیەكەی وە سەركەوتووش بێت لەسەر فەرمانبەرانی تر وە هەڵسەنگاندنی بۆ دەكرێت بەپێ ی فۆرمێكی تایبەت كە بۆ ئەم مەبەستە ئامادە كراوە كە راسپاردەی سەرۆكی راستەوخۆی بۆ بەرزكردنەوەی پلەكەی و رەزامەندی سەرۆكی بالای.

٥ دەبێت فەرمانبەر ئەو مەرج و لێهاتویەی تیادا بێتە دی كە پێویست بۆ ئەو فەرمانبەرایەتیەی كە بۆی پالێوراوە بۆ بەرزكردنەوەی پلەكەی.

٦ نابێت فەرمانبەر سزا درابێت بە یەكێك لەسزاكانی هاتو لە یاسای رێككاری فەرمانبەرانی گشتی.

# چۆنیەتی بەرزكردنەوەی پلەی فەرمانبەر

لە برگە ١ و ٢ ی مادە ٧ی یاسای ژمارە ٢٢ سالی ٢٠٠٨ هاتووە كە دەبێت بە فەرمانی وەزیر لیژنیەك بۆ پالاوتنی فەرمانبەران بۆ بەرزكردنەوەی پلەكانیان پێك بهێنرێت بە سەرۆكایەتی فەرمانبەرێك بە پلەی یاریدەدەری بەرێوەبەری گشتی كەمتر نەبێت وە بە ئەندامەتی دوو فەرمانبەر كە پلەی فەرمانبەرانبەرایەتیان لە بەرێوەبەر كەمتر نەبێت وە ئەم لیژنەی دلنیا دەبێتەوە كە ئەو فەرمانبەرانەی پالێوراون گشت مەرجەكانی بەرزكردنەوەیان دەگرێتەوە. وە فەرمانی بەرزكدنەوە لە لایەن وەزیری پەیوەندار یان سەرۆكی فەرمانگەی

Scanned with CamScanner

نەبەستراوە بە وەزارەت دەردەچێت وە بەرزکردنەوەی مووچەیان لە رۆژی مافیان بۆ هەژمار دەکرێت نەك لە رۆژی دەرچوونی فەرمانی بەرزکردنەوەیان.

ئەگەر نەتوانرا فەرمانبەر بەرزبکرێتەوە بۆ پلەی بەرزتر لە پلەکەی خۆی یان یان گەیشتە مەرتەبەی کۆتای لە پلەکەی خۆیدا بە بەردەوامی سەرمووچەی سالانەی پێ دەدرێت . بۆ نموونە فەرمانبەرێکی پلە یەك مووچەکەی گەیشتە ( ١١٤٨٠٠٠ ) دینار دوای تەواو کردنی سالێك لە دوا سەرمووچەی لێرەدا مووچەکەی ناوەستێك کە بەپێی خشتەی مووچە دوا مووچەی پلە یەکە(مەرتەبە ١١ ) یە سەرمووچەی (٢٠٠٠٠) دیناری پێ دەدرێت وە بەردەوام دەبێت بە مەرجێك لە لانی کەمی مووچەی پلە تایبەتی (ب) تێپەر نەکات.

## هۆکارەکانی دواخستنی بەرزکردنەوە (أسباب عدم ترفيع الموظف)

١- نەبوونی پلەیەکی بەتاڵ لەمیلاکی فەرمانبەران ، بەرزکردنەوە دوادەخرێت تاکوو پلەیەکی بەتاڵ دابین دەکرێت.

٢- بێ توانایی فەرمانبەر لەئەنجامدانی کارەکانی وە ئەم بابەتەش کارگێری بڕیاری لەسەر دەدات وە هەڵسەنگاندن بۆ فەرمانبەران ئەنجام دەدات.

٣- ئەگەر هاتوو فەرمانبەر سزادرا بەیەکێك لەسزاکانی یاسای رێککاری فەرمانبەران.

٤- ئەگەر هاتوو فەرمانبەر سەرکەوتوو نەبوو لەخولەکانی مەشق کردن بەتایبەتی ئەوانەی درێژ خایەنن.

Scanned with CamScanner

## ماوەی چاودێری پلە برزکردنەوە

ئـەو فەرمانبـەرەی پلـەی بـەرز دەکرێتـەوە دەخرێتـەوە ژێـر چـاودێری بۆ ماوەی ٦ مانگ ئەگەر هاتو ئەرکەکانی فەرمانبەرایەتی جیاوازبون لەگـەل فەرمانبەرایەتی پێشووی ئەگەر ئەرکەکانی لـە مـاوەی چـاودێریدا بـە باشـی ئەنجام دا لە پلەکەی دەچەسپێت وە ئەگەر سەرکەوتوش نەبوو مـاوەی چـاودێری بۆ شەش مانگ درێژ دەکرێتەوە ، ئەگـەر لێهـاتوی خـۆی نەنوانـد لـە مـاوەی چاودێری و درێژکردنەوە فەرمانبەرەکە دەگەرێندریتەوە پلەی پێشـووی وە مـافی تانە گرتنی هەیە لە لایەن وەزیری پەیوەندار لە ماوەی (١٠) رۆژ دا لەو رۆژەی ئاگادار دەکرێتەوە بە دابەزاندنی بۆ پلەی پشێووی وە بریاری وەزیر لەم بارەیـەوە کۆتایە بەدابەزاندنی یان بەچەسپاندنی لە پلە تازەکەی ئەمەش لە برگە (٢٠) یاسای راژەی شارستانیدا هاتوە[١].

## مافی پایە بەرزکردنەوە (الترقیە)

مافی پایە بەرزکردنەوە بریتیە لە گواستنەوەی فەرمانبەر لە پایەی ئێستای بۆ ئاستێکی نوێ کە پایەکەی بەرزترە لەدەسەلاَت و بەرپرسیاریەتی وە لەگـەڵ ئەم پایە بەرزبوونەوەیەدا مافی فەرمانبەرایەتی زیـاد دەکـات وە ڕوالـەتی کـار دەگۆرێت وە پلەی بەرپرسیایەتی و دەسەلاَت و سەرپەرشتیاری و مووچە و مافی تازە ی دارایی دەبێت وە لـە لایـەنی مەعنـەویش فەرمانبـەر هەسـت بـە بـە

---

[١] اسس وضوابط الخدمة والملاك والانضباط ، منشورات مديرية المالية العامة / وزارة المالية والاقتصاد ، اقليم كوردستان ، ٢٠٠١، ص٣٢

بەرپرسیاریەتی دەکات بەپێی فەرمانبەرایەتیە تازەکەی کە بەرزترە لەوەی پێشووی.

## حالەتەکانی پایە بەرزکردنەوە

١- بەرزبوونەوەی پایە و پلەی فەرمانبەر پێکەوەن وەك فەرمانبەرێك کە پلەی دەبێتە (٦)و پایەکەشی لەیاریدەدەری تێبینەر دەبێتە تێبینەر وە ئەمە ئێستا لە عێراق و هەرێمی کوردستان کاری پێ دەکرێت.

٢- فەرمانبەر پایەی بەرزدەبێتەوە بەلاّم پلەکەی ناگۆڕێت لەبەر ئەوەی پلە وەزیفیەکەی گونجاوە لەگەڵ پایە بەرزبوونەوەی بۆ نموونە/ فەرمانبەرێك مووچەی (٣٧٤٠٠٠)هەزار دینارە پلە(٦) پایەی بەرزدەبێتەوە لە ی.ژمێریاری بۆ ژمێریار.

٣- گۆرینی ناونیشانی فەرمانبەر لەناونیشانیك بۆ ناونیشانێکی تر کە لەهەمان ئاست دان وەك راهێنەرێکی تەکنیکی ناونیشانی بگۆڕێت بۆ تێبینەر ئەمە بەگۆرینی ناونیشان دادەندرێت نەك پایە بەرزکردنەوە وە لێرەدا ئاماژەمان پێ کردووە هەتا بە هەلە هەلسو کەوت لە گەل ئەم حالەتەدا نەکرێت.

٤- راسپاردنی فەرمانبەرێك بۆ وەرگرتنی پایەیەکی بەرز بۆ ماوەیەکی کاتی لەبەر ئەوەی نە پلەی فەرمانبەرایەتیەکەی و نە پایەکەی شایەنی ئەم پایە نین بۆ نموونە/ فەرمانبەرێکی پلە (٥) سەرۆکی تێبینەران ببێتە بەڕێوەبەر لە فەرمانگەیەك بەلاّم لەم حالەتەدا دەسەلاّت و

بەرپرسیاریەتی پایەی تازە وەردەگرێت بەلاٌم لەڕووی مووچە ونانیشانی هەروەك خۆی دەمێنێتەوە.

## گرفتەکانی پایە بەرزکردنەوە

دەبێت پایەی فەرمانبەران بەپێ ی یاسای میلاکی ژمارە (٢٥) ساڵی (١٩٦٠) هەموارکرا ڕێك بخرێت ، بەلاٌم ئەوەی ئێمە لە دام و دەزگاکان دەیبینین لەهەندێك لە فەرمانگەکان زیاتر لە (١٠) فەرمانبەر ناونیشانی بەڕێوەبەریان هەیە ، بەلاٌم لەم فەرمانگەیە تەنها (٤) بەڕێوەبەرایەتی هەیە بە پێی هەیکەلی ڕێکخستنی فەرمانگەکە ( میلاکی فەرمانگە ٤ ناونیشانی بەرێوەبەرە) لێرەداا (٦) فەرمانبەر بەپلەی بەڕێوەبەر زیادن لەمیلاك وە ئەم جۆرە فەرمانبەرانە لەفەرمانگەکەیان ئیش و کاری فەرمانبەری ئاسایی ئەنجام دەدەن کە لە ئاستی بەریوەبەر نزم ترە.

## مەرجەکانی پایە بەرزکردنەوە (شروط الترقية)

هەمان مەرجی بەرزکردنەوەیە بەلاٌم ئەو فەرمانبەرەی پایەی تازە وەردەگرێت دەبێت بخرێتە ژێر چاودێری بۆ ماوەی (٦)مانگ لەخزمەتی فیعلی وە ئەگەر ئیسپاتی توانای خۆی کرد لەپایەکەی دەچەسپێ وە ئەگەر سەرکەوتوو نەبوو لەپایە تازەکەی ماوەی چاودێری بۆ درێژ دەکرێتەوە بۆ (٦) مانگی تر وە ئەگەر سەرکەوتوو نەبوو لە پایە نویەکەی دەگەرێندرێتەوە بۆ پایە کۆنەکەی .

Scanned with CamScanner

# باسی دەیەم

## پێشخستن (القدم)

کورت کردنەوەی ماوەی یاسایی بەرزکردنەوەیە لەبەر چەند هۆکارێك کە لە یاساو ریسایەکاندا هاتوون وە فەرمانبەر پێش تەواوکردنی ماوەی یاسایی پلەی بەرزدەکرێتەوە بەماوەی پێشخستن وە ئەمەش مافێکە بە فەرمانبەر دراوە بۆ هاندانی بەدەست هێنانی بروانامەی بەرز یان بەشداری کردن لە خولەکانی مەشقی درێژ خایەن وە هەر وەهائاراستەکردنی سوپاسنامە بۆی لەبەر ئەنجام دانی ئەرکەکانی بەشێوەیەکی جیاواز لە هاوەلانی.

## حالەتەکانی پێشخستن (القدم)

١- ئەگەر هاتوو فەرمانبەر دامەزرا بەموچەی بڕوانامە بەموچەیەك بەرزتر بێت لەلایەنی کەمی مووچەی پلەکەی ئەو ماوەیەی لەنێوان مووچەی دامەزراندن و مووچەی لایەنی کەمی مووچەکەی بەپێش خستنی بۆ هەژمار دەکرێت بۆ بەرزکردنەوەی داهاتوو بۆ نموونە/ دەرچوانی پەیمانگە بە (٢٦٥٠٠٠)دینار دادەمەزرێن وە دوای یەك ساڵ دەبنە پلە (٧) بەمووچەی (٢٩٦,٠٠٠)دینار واتە دامەزراندن بە ٢٦٥٠٠٠ دینار لەگەل (٣) پێشخستن.

٢- هەرفەرمانبەرێك بڕوانامەیەکی بالای پسپۆری زانکۆی لەماوەی خزمەت کردنی دا یان لەدەرەوەی خزمەتی بەدەست بهێنێت وە بڕوانامەکەی بەبنەما وەرنەگیرا بۆ دامەزراندن یەك ساڵ پێش خستنی پێ دەدرێت بۆ بەرزکردنەوەی داهاتوو. بۆنمونە فەرمانبەرێك مووچەی بنەرەتی ٤٤٣٠٠٠ دینارە بڕوانامەی ماستەری وەرگرت یەك سال پێشخستنی پێ دەدرێت بۆ بەرزکردنەوەی داتوو لێرەدا ماوەی بەرزکردنەوەی بۆ پلە (٤) دەبێتە (٤) سال لە جیات (٥) سال.

٣- ئەو کەسانەی بڕوانامەی دکتۆرا بەیەك جار بەدەست دەهێنن دوای بەکالۆریۆس لەماوەی یاسایی خۆیدا دوو ساڵ پێش خستنیان پێ دەدرێت ئەگەر بڕوانامەکەیان بە بنەما دانەنرابێت بۆ دامەزراندن.

٤- بەشداری کردنی لەخولی مەشق بەمەرجێك (٦)مانگی نەپساوە بێت وە دەرچووی ئەم خولانەش بەم شێوەیەی خوارەوە پێش خستنیان پێ دەدرێت:

أ- دەرچوو بەنمرەی (٨٥) نمرە بەرەو سەر (٦)مانگ پێشخستنی پێ دەدرێت .

ب - دەرچوو بە نمرەی (٧٠-٨٤) نمرە (٣)مانگ پێشخستنی پێ دەدرێت.

ج – دەرچووان بە نمرەی (٥٠ – ٦٩ ) نمرە سوپاسنامەیان پێ دەرێت یان بەئاسای بۆیان بەسەر دەچێت .

Scanned with CamScanner

وە دەرنەچووان تێچوونی خولەکەیان لێ وەردەگیرێتەوە بۆ هەر بەشدار بوویەك چەندی تی چووبێت وە بەرزبونەوەی پلەی بۆ ماوەی ساڵێك دوا دەخرێت لەو رۆژەی مافی بەرزبونەوەی پلەی هەیە.[1]

٥- ئەگەر هاتو سوپاسنامەیەکی وەرگرت لە وەزیر یان سەرۆکی فەرمانگەی نەبەستراوە بە وەزارەت یان ئەو کەسەی وەزیر دەسەلاتی پێ داوە یەك مانگ پێشخستنی پێ دەدرێت بە مەرجێك لە ماوەی ساڵێك دا لە ٣ مانگ زیاتر نەبێت .

٦- هەر فەرمانبەرێك بڕوانامەی دبلومی بالای بەدەست هێنا کە ماوەی خوێندنی یەك سالە لە دوای بڕوانامەی زانکۆی( بکالۆریوس) لەکاتی خزمەتی یان لەدەرەوەی خزمەت ( شەش) مانگ پێشخستنی پێ دەدرێت بۆ بەرزکردنەوەی پلەی داهاتو.[2]

## مەرجەکانی پێدانی پێشخستن

١- نابێت بڕوانامەکەی بوویێتە بنەما لەکاتی دامەزراندنی فەرمانبەر بۆ دەست نیشان کردنی مووچەکەی یان موچەکەی بە بڕوانامەی بەدەست هاتو هەموار کرابێت بۆ نمونە فەرمانبەرێك موچەکەی لە رۆژی ٢٠١٠/٢/٢ بو بە ٣٦٢٠٠٠ دینار و بو بە پلە (شەش) وە لە

---

[1] اسس وضوابط الخدمة والملاك والانضباط، منشورات وزارة المالية والاقتصاد ، اقليم كوردستان،٢٠٠١ ،ص٣٢

[2] صباح المفتي ، قانون الخدمة المدنية ، المكتبة القانونية ، بغداد ، ٢٠٠٦ ،ص١٢

Scanned with CamScanner

١/٧/٢٠١٠ بوانامەی ماستەری وەر گرت لە رۆژی وەرگرتنی بروانامەکەی موچەکەی دەبێتە ٣٧٤٠٠٠ دینار .

٢- ئەو بڕوانامە بالآیەی بەدەستی دەهێنێت وە پێشخستنی پێ وەرگرتووە ئەگەر هاتوو بڕوانامەیەکی تری وەرگرت لەهەمان ئاست پێشخستنی پێ نادرێت بۆ نمونە هەلگرانی دوو بروانامەی ماستەر یان دوو دکتۆرا تەنها پێشخستن لە سەر یەك بروانامە وەردەگرن .

٣- دەبێت بڕوانامەکەی پەیوەست بێت بەو فەرمانبەرایەتیەی کەئیشی لەسەر دەکات یان دەپالێورێت بۆ فەرمانبەرایەتیەك لە پسپۆری بروانامەکەی سوودی لێ وەردەگیرێت.

ئەگەر کارگێری بڕیاری دا فەرمانبەرێك بچێتە خولی مەشق کردن فەرمانبەرەکە رازی نەبوو بەشداری بکات یان ئەو فەرمانبەرانەی سەرکەوتوو نابن لەخولەکانی مەشق کردنی درێژ خایەن دەبێتە هۆی دواخستنی بەرزکردنەوەیان بۆ ماوەی (١)ساڵ.٧

## راهێنان لەسەر بەرزکردنەوەی پلە و سەرموچە

تیبینی : بۆ شیکار کردنی نمونەکان خشتەی موچەو پلەی ٢٠٠٨ بەکار هاتوە هەتا بۆ سالانی پێشتریش بۆ ئاسان کردنی شیکارکردن وە نەگەراینەوەی سەر خشتەکانی کۆن.

نموونەی:١

فەرمانبەرێك دامەزرا لە ٢٠/١٠/٢٠٠٠ وە لەهەمان رۆژ دەست بەکاربود وە دەرچووی کۆلیژی چوار ساڵە بوو.

داواکاری: دەست نیشانی مووچەی بۆ بکە لەرۆژی ٢٠٠٩/١٢/١٦.

شیکار:

| بەروار | مووچە | تێبینی |
|---|---|---|
| ٢٠٠٠/١٠/٢٠ | ٢٩٦,٠٠٠ | دەست بەکاربوو بۆ یەکەم جار/دەرچووی کۆلیژی چوار ساڵەیە |
| ٢٠٠١/١٠/٢٠ | ٣٠٢,٠٠٠ | سەرمووچە (٦,٠٠٠)دینار |
| ٢٠٠٢/١٠/٢٠ | ٣٠٨,٠٠٠ | سەرمووچە (٦,٠٠٠)دینار |
| ٢٠٠٣/١٠/٢٠ | ٣١٤,٠٠٠ | سەرمووچە (٦,٠٠٠)دینار |
| ٢٠٠٤/١٠/٢٠ | ٣٦٢,٠٠٠ | بەرزکردنەوەی چوار ساڵی بۆ پلە (٦) |
| ٢٠٠٥/١٠/٢٠ | ٣٦٨,٠٠٠ | سەرمووچە (٦,٠٠٠)دینار |
| ٢٠٠٦/١٠/٢٠ | ٣٧٤,٠٠٠ | سەرمووچە (٦,٠٠٠)دینار |
| ٢٠٠٧/١٠/٢٠ | ٣٨٠,٠٠٠ | سەرمووچە (٦,٠٠٠)دینار |
| ٢٠٠٨/١٠/٢٠ | ٤٢٩,٠٠٠ | بەرزکردنەوەی چوار ساڵی بۆ پلە (٥) |
| ٢٠٠٩/١٠/٢٠ | ٤٣٦,٠٠٠ | سەرمووچە (٧,٠٠٠)دینار |

کەواتە موچەکەی لە١٦/١٢/٢٠٠٩ (٤٣٦,٠٠٠)دینارە مانگانە.

نموونەی:٢

لەبەرواری٥/٢/١٩٩٠ فەرمانی دامەزراندنی فەرمانبەرێك دەرچوو بە مامۆستا لەسەر میلاکی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر وە دەست بەکاری وەزیفەکەی بوو لە ٧/٢/١٩٩٠وە لەبەرواری ٧/٢/١٩٩٩ مۆڵەتی ئاسایی بێ مووچەی وەرگرت بۆ ماوەی (١)ساڵ وە لە١/٧/٢٠٠٥بەشداری لەخولی مەشق کردن کرد بۆ ماوەی (٦)مانگ وە بەنمرەی ٧٧٪ دەرچوو.

داواکاری: دەست نیشانی مووچەی بۆ بکە لەرۆژی ١٦/١٢/٢٠٠٩.

Scanned with CamScanner

شیکار:

| بەروار | مووچە | تێبینی |
|---|---|---|
| ١٩٩٠/٢/٧ | ٢٩٦,٠٠٠ | دەست بەکاربوو بۆ یەکەم جار/دەرچووی کۆلێژە |
| ١٩٩١/٢/٧ | ٣٠٢,٠٠٠ | سەرمووچە (٦,٠٠٠)دینار |
| ١٩٩٢/٢/٧ | ٣٠٨,٠٠٠ | سەرمووچە (٦,٠٠٠)دینار |
| ١٩٩٣/٢/٧ | ٣١٤,٠٠٠ | سەرمووچە (٦,٠٠٠)دینار |
| ١٩٩٤/٢/٧ | ٣٦٢,٠٠٠ | بەرزکردنەوەی بۆ پلە (٦)دوای چوار ساڵ |
| ١٩٩٥/٢/٧ | ٣٦٨,٠٠٠ | سەرمووچە (٦,٠٠٠)دینار |
| ١٩٩٦/٢/٧ | ٣٧٤,٠٠٠ | سەرمووچە (٦,٠٠٠)دینار |
| ١٩٩٧/٢/٧ | ٣٨٠,٠٠٠ | سەرمووچە (٦,٠٠٠)دینار |
| ١٩٩٨/٢/٧ | ٤٢٩,٠٠٠ | بەرزکردنەوەی بۆ پلە (٥)دوای چوار ساڵ |
| ١٩٩٩/٢/٧ | ٤٣٦,٠٠٠ | سەرمووچە (٧,٠٠٠)دینار |
| ٢٠٠٠/٢/٧ | ٤٣٦,٠٠٠ | مۆلەتی بێ مووچە / وەك خۆی دەمێنێتەوە |
| ٢٠٠١/٢/٧ | ٤٤٣,٠٠٠ | سەرمووچە (٧,٠٠٠)دینار |
| ٢٠٠٢/٢/٧ | ٤٥٠,٠٠٠ | سەرمووچە (٧,٠٠٠)دینار |
| ٢٠٠٣/٢/٧ | ٤٥٧,٠٠٠ | سەرمووچە (٧,٠٠٠)دینار |
| ٢٠٠٤/٢/٧ | ٥٠٩,٠٠٠ | بەرزکردنەوەی بۆ پلە (٤)دوای چوار ساڵ |
| ٢٠٠٥/٢/٧ | ٥١٩,٠٠٠ | سەرمووچە (١٠,٠٠٠)دینار |
| ٢٠٠٦/٢/٧ | ٥٢٩,٠٠٠ | سەرمووچە (١٠,٠٠٠)دینار |
| ٢٠٠٧/٢/٧ | ٥٣٩,٠٠٠ | سەرمووچە (١٠,٠٠٠)دینار |
| ٢٠٠٨/٢/٧ | ٥٤٩,٠٠٠ | سەرمووچە (١٠,٠٠٠)دینار |
| ٢٠٠٩/١١/٧ | ٦٣٣,٠٠٠ | سەرمووچە (١٢,٠٠٠)دینار |

کەواتە موچەکەی لە١٦/١٢/٢٠٠٩ (٦٣٣,٠٠٠)دینارە مانگانە.

Scanned with CamScanner

نموونەی:٣

لەبەرواری١/٣/٢٠٠٠ فەرمانبەرێك دامەزرا بەنوسەر لەدادگای لێکۆلینەوەی خەبات وە ناوبراو دەرچووی پەیمانگەی تەکنیکی هەولێرە بەشی کارگێری یاسایی وە لەبەرواری ٢٠/١٠/٢٠٠٥ نەهاتۆتە دەوام بۆ ماوەی (٣)رۆژ بەبێ پاساو وە لەبەرواری ١/١١/٢٠٠٥ سزای سەر زەنشت کردنی ئاراستەکراوە.

داواکاری: دەست نیشانی مووچەی بۆ بکە لەرۆژی ١٦/١٢/٢٠٠٩.

شیکار:

| بەروار | مووچە | تێبینی |
|---|---|---|
| ١/٣/٢٠٠٠ | ٢٦٠,٠٠٠ | دەست بەکاربوو بۆ یەکەم جار/دەرچووی پەیمانگایە |
| ١/٣/٢٠٠١ | ٢٩٦,٠٠٠ | بەرزکردنەوەی بۆ پلە (٧)دوای یەك ساڵ |
| ١/٣/٢٠٠٢ | ٣٠٢,٠٠٠ | سەرمووچە (٦,٠٠٠)دینار |
| ١/٣/٢٠٠٣ | ٣٠٨,٠٠٠ | سەرمووچە (٦,٠٠٠)دینار |
| ١/٣/٢٠٠٤ | ٣١٤,٠٠٠ | سەرمووچە (٦,٠٠٠)دینار |
| ١/٣/٢٠٠٥ | ٣٦٢,٠٠٠ | بەرزکردنەوەی بۆ پلە (٦)دوای چوار ساڵ |
| ٤/٣/٢٠٠٦ | ٣٦٢,٠٠٠ | هەمان مووچە لەبەر سزادانی بەسەر زەنشت کردن |
| ٤/٣/٢٠٠٧ | ٣٦٨,٠٠٠ | سەرمووچە (٦,٠٠٠)دینار |
| ٤/٣/٢٠٠٧ | ٣٧٤,٠٠٠ | سەرمووچە (٦,٠٠٠)دینار |
| ٤/٣/٢٠٠٧ | ٣٨٠,٠٠٠ | سەرمووچە (٦,٠٠٠)دینار |

کەواتە موچەکەی لە١٦/١٢/٢٠٠٩ (٣٨٠,٠٠٠)دینارە مانگانە.

Scanned with CamScanner

# باسی یانزەم

## مافی خزمەت خستنە سەر خزمەت / اضافة الخدمة

فەرمانبەر مافی هەیە ئەم خزمەتانەی خوارەوەی بخاتە سەر خزمەتی فەرمانبەرایەتی هەندێکیان بۆ سەرمووچەو بەرز کردنەوەی پلە وە هەندێکیشان تەنها بۆ خزمەتی خانەنشینی:

١ – خزمەت کردنی لە گشت دام دەزگاکانی دەولەت کە گلدانەوەی خانەنشینی دابێت بە خزمەت هەژمار دەکرێت بۆ گشت مەبەستێک ( سەرمووچە ، بەرزکردنەوە ،مۆلەت ، خانەنشینی ،...هتد )

٢ – کار کردن لە کەرتی تایبەت یان تێکەلاو دوای بەدەست هێنانی بروانامە وە لە بواری پسپۆری خۆی وە بیمەی کۆمەلایەتی دابێت بە خزمەت هەژمار دەکرێت بۆ گشت مەبەستێک.

٣ – خزمەتی سەربازی لە سوپای عێراق هەتا ٢٠٠٣/٤/٩ بە خزمەت هەژمار دەکرێت بۆ گشت مەبەستێک

٤ - خزمەتی پێشمەرگایەتی بە خزمەت هەژمار دەکرێت بۆ گشت مەبەستێک وە ئەم هەژمارکردنە و دیاری کردنی ئامانجی هەژمارکردن لە لایەن لیژنەیەکی تایبەت لە دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانی عێراق بە ڕەچاو کردنی چەند ڕێنمای ورد.

٥ – خزمەت کردن لە دەرەوەی ولات بۆ ئەوانەی کار دەکەن لە دام و دەزگاکانی عێراقی بە شێوەیەکی کاتی وە ئەم خالەش تەنها مۆلەت پێدراوانی هاوەلی دەگرێتەوە.

٦ – کارکردن لە کەرتی تایبەت یان تێکەلاو پێش بەدەست هێنانی بروانامە وە دوای تەواوکردنی تەمەنی (١٨) وە کارکردنەکە بیمە کراو بێت بە خزمەت هەژمار دەکرێت تەنها بۆ خانەنشینی.

٧ – خزمەت کردن لە کەرتی تایبەت یان تێکەلاو دوای بە دەست هێنانی بروانامە وە کارەکەی بیمە کراو بێت بە خزمەتی خانەنشی هەژمار دەکرێت ئەگەر لە بواری پسپۆری خۆیدا کاری نەکردبێت بۆ نمونە دەرچووی کولیجی ئەنازە لە سوپەر مارکێتێ ببێتە ژمێریار .

٨ – خزمەت کردن بە گرێبەست پێش تەمەنی (١٨) سال و دوای تەمەنی (٦٣) سال لەکەرتی تایبەت بێت یان لە گشتی بە خزمەت هەژمار ناکرێت تەنها بۆ پەریستاران نەبێت لە تەمەنی (١٦) بۆیان بە خزمەت هەژمار دەکرێت.

# باسی دوانزەم

## مافی گواستنەوەی راژە ( حق نقل الخدمات )

گواستنەوەی راژەی فەرمانبەر مافێکی یاسایی هەردوو لایەن خاوەنی ئەم مافەن فەرمانبەر و فەرمانگە ئەگەر فەرمانبەر ویستی راژەی بگواستریتەوە لە وەزارەتێك بۆ وەزارەتێکی یان لە لە فەرمانگەیەك بۆ فەرمانگەیەکی تر دەبێت بەلای کەم (٣) خزمەتی هەبێت لە فەرمانگەکەی ئەگەر شوێنی فەرمانگەکەی لە شوێنێکی ئاسایدابێت وە ماوەی (سال ونیوێك) ئەگەر شوێنی فەرمانگەکەی لەو شوێنانەبوو کە شایستەی دەرمالەی شوێنی (مخصصات محلیه) بێت — لە شوێنە دوورەکان دامەزرابێت — وە نابێت راژەکەی پێش تەواو کردنی ئەم ماوانە بگواسترێتەوە بەلام دەکرێت گەاستنەوەی راژەی بەدەر بکرێت لە مەرجی ماوە بەپێی بەرژەوەندی گشتی یان باری تەندروستی فەرمانبەر هەردوو حالەتە بەدەرەکە دەبێت پشت بە بەلگەنامە ببەستێت یان بەرژەزوەندی گشتی یان راپۆرتی پزیشکی کە لە لیژنەی پزیشکی فەرمی دەرچووبێت — لە وەزارەتی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان کار بەم ماوە یاسایە ناکرێت وە بەپێی زانیاریەکانم ماوەکەیان کردۆتە (٥) سال - .(مادە ٣٦ لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە ٢٤ی سالی ١٩٦٠ ی هەموارکراو)

## ماوەی دەست لەکار هەلگرتن و دەست بەکار بوون

له ماده ٣٧ی یاسای راژەی شارستانیدا هاتووە دەبێت فەرمانبەری راژە گواسترایەوە لە رۆژی دەست لە کار هەلگرتنی لە فەرمانگەکەی لە ماوەی (٥) رۆژ زیاتر نە بێ جگە لە رۆژانی سەفەر دەست بە کار بێت لەو فەرمانگەیەی کە بۆی گواستراوەتەوە ئەگەر ماوەیەکی تر لە فەرمانی گواستنەوە دەست نیشان نەکرابێت .ئەگەر فەرمانبەر لەم ماوەیەدا دەست بەکار نەبوو بە بێ پاساوی رەوایی (العزر الشرعی)

دەبێت فەرمانگە هوشیاری بکاتەوە بە نووسین کە لەسەری پێویستە لە ماوەی (٧) رۆژ دا لە رۆژی ئاگاداربوونەوەی بە هوشیارکردنەوەکە(التبلیغ بالاخگار) وە دوای تەواو بوونی ماوەکە ئەگەر دەست بەکار نەبوو لە فەرمانگەکەی بە دەست لە کار کێشاوە بە حوکمی یاسا هەژمار دەکرێت وە لە سەر کارگێریە فەرمانی دەست لە کار کێشانەوەی بۆ دەر بێنێت .

**گواستنەوەی راژەی فەرمانبەر لە وەزارەتێك بۆ وەزارەتێکی تر پێویستی بە چەند کارراییەك هەیە کە ئەمانەی خوارەوەن:**

١ - پێشکەش کردنی داوا لە لایەن فەرمانبەر بۆ بەرێوەبەرەکەی بۆ گواستنەوەی راژەی.

٢- فەرمانگەکەی نوسراوێکی دیاری کردنی پێویستی ئاراستەی ئەو فەرمانگە دەکات کە کە فەرمانبەرەکە دەیەوێت راژەکەی بۆی بگوازرێتەوە.

٣- لاری نەبوونی ئەو فەرمانگەیەی کە دەیەوێت راژەی بۆ بگواسترێتەوە.

٤- دەبێت فەرمانگەکەی نوسراوێك ئاراستەی وەزارەتەکەی بکات تیایدا داوای فەرمانبەرو لاری نەبوونی ئەو فەرمانگەی دەیەوێت راژەی بۆ بگواسترێتەوە.

٥- وەزارەت نوسراوێك ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران دەکات بۆ گواستنەوەی راژەی فەرمانبەر.

٦- ئەنجومەنی وەزیران فەرمانی گواستنەوەی راژە بۆ فەرمانبەرەکە دەر دەهێنێت وە وێنەیەك دەداتە هەر دوو وەزارەتەکە.

٧- هەر دوو وەزارەت فەرمانی گواستنەوەی راژە دەردەهێنن.

٨- هەر دوو بەرێوەبەرایەتی فەرمانی گواستنەوەی راژە دەردەهێنن بە پێی فەرمانی وەزاری.

٩- دەبێت فەرمانگەکەی خۆی فەرمانی دەست لە کار هەڵگرتن بۆ بنووسێت.

١٠- دەبێت فەرمانگە تازەکەی فەرمانی دەست بەکار بوونی بۆ بنووسێت.

## حالەتەکانی گواستنەوەی راژەی فەرمانبەر

فەرمانبەر راژەی دەگواسترێتەوە لەیەکێك لەم حالەتانەی خوارەوە :

١-لەسەر داوای فەرمانبەر.

٢-لەبەر بەرژەوەندی گشتی.

٣-گواستنەوە وەك سزادانێکی کارگێری.بۆ نمونە فەرمانبەرێك راژەی بگواسترێتەوە لە سەنتەری پارێزگا بۆ شارە دێیەك

٤ — گواستنەوە بە راپۆرتی پزیشکی لە لایەن لیژنەی پزیشکی فەرمی

# باسی سێنزەم

## مافی خواستن و نەنسیب کردن( الاعارة والتنسیب )

### خواستن (الإعارة) :

لە مادە (٣٨) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی (١٩٦٠) هەموارکراو رێگای داوە بەخواستنی فەرمانبەر بۆ دەرەوەی دام و دەزگاکانی دەوڵەت بۆ ماوەی (٥)ساڵ وە دەکرێت (٥)ساڵیش درێژبکرێتەوە بۆ ئەو فەرمانبەرانەی لە ولاتانی کەنداو و دوورگەی عەرەبی کاردەکەن ( ئەم مادەیە هەموار کراوە بە بریاری ژمارە ١٦٢٦ لە ١٩٨٢/١٢/٢٥ کە ماوەی خواستنی فەرمانبەران یان ئیفادیان بۆ کارکردن لە ولاتانی عەرەبی و بیانی یان لە رێکخراوەکانی عەرەبی ونێودەولەتی وکۆمپانیا هاوبەشەکان بۆتە (٣) سال و درێژ ناکرێتەوە بە هیچ شێوەیەك).

### چۆنیەتی پێدانی خواستن

١-خواستن بەرەزامەندنی نووسینی فەرمانبەر دەبێت وە بەبرِیاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

٢-ئەگەر هاتوو لایەنی خواستراو کۆتایی بەخواستن هێنا پێش ئەوەی ماوەی

بدات هەتا یاسایی تەواو بێت دەبێت مووچەی فەرمانبەر لەفەرمانگەکەی دەست بەکاردەبێتەوە.

٣-لایەنی سوودمەند مووچە و دەرماڵەی خواستراو دەدات وە فەرمانبەر و فەرمانگەکەی پابەند نابن بەمووچەی فەرمانبەر ئەگەر لەمووچەی پلەکەی بەرزتر بوو.

٤-دەبێت فەرمانبەر لەڕێگای دەزگایەکەی کەخواستویەتی گلدانەوەی خانەنشینی بەشی خۆی و فەرمانگەکەی رەوانەی سندوقی خانەنشین کردن بکەن بەپێی پلەی وەزیفەکەی لە فەرمانگەی خۆی.

٥-ماوەی خواستن بەخزمەت هەژماردەکرێت بۆ هەموو مەبەستێك دەکرێت لەماوەی خواستن دا فەرمانبەر بەرزبوونەوەو سەرموچەی بۆ بکرێت بەپێی هەڵسەنگاندنی سەرۆکی دەزگای خواستراو.

٦-دەبێت فەرمانگەکەی دوای تەواو بوونی ماوەی خواستن دەست بەکار بوون بۆ فەرمانبەر بنووسێت لە وەزیفەکەی خۆی یان لەو وەزیفەیەی کە شایستەی دەبێت دوای کۆتای هاتنی ماوەی خواستن .

## تەنسیب کردن /التنسیب :

تەنسیب کردن راسپاردنی فەرمانبەرە بەکار کردن لە فەرمانگەیەکی ترلە هەمان وەزارەت یان وەزارەتێکی تر وە لەسەر هەمان میلاکی فەرمانگەکەی خۆی دەمێنێتەوە بۆ ماوەی (٣)سال زیاتر نەبێت وە بۆ یەکەم جار (١) سال دەبێت وە دەکرێت نویێ بکرێتەوە وە کۆی ماوەکەی لە (٣) ساڵ زیاتر نەبێت بە رەزامەندی وەزیری پەیوەندار ئەگەر لەناو فەرمانگەکانی هەمان وەزارەت بێت

وە بە ڕەزامەندی هەردوو وەزیر ئەگەر لەنێوان دوو وەزارەت بوو[١] وەلە سەر داوای فەرمانگەی سودمەند بە ڕەزامەندی فەرمانبەر یان لەبەر بەرژەوەندی گشتی وە دەكرێت لەسەر داوای فەرمانبەر بێت بە ڕەزامەندی هەر دوو فەرمانگە وە بەبڕیاری وەزیری پەیوەندار وە لایەنی سوودمەند مووچە و دەرماڵەی فەرمانبەر دەدات ، ماوەی تەنسیب بەخزمەت هەژمار دەكرێت بۆ هەموو مەبەستیك چونكە فەرمانبەر بەردەوامە لەخزمەتكردن ئەگەر دووبارە كرایەوە دەكرێت تەنسیب كردنەكە بكرێت بەگواستنەوەی ڕاژەی فەرمانبەر وە نابێت فەرمانبەر تەنیسب بكرێ بۆ فەرمانبەرایەتیەك لە ئەوەی خۆی نزم تربێت[٢].

* هەروەها ڕاسپاردنی فەرمانبەر بەكار كردن لە یەكێك لە بەریوەبەرایەتی یان بەش و هۆبەكان لە ناو فەرمانگە پێی دەوترێت تەنسیب كردن لە ناو فەرمانگە وەك زارەوە لە ناو فەرمانبەران بە كار دێت.

---

[١] د. يوسف الياس ، المرجع العملي في شرح القوانين ، ص ١٩١

[٢] اسس وضوابط الخدمة والملاك والانضباط ص ٢١٢

Scanned with CamScanner

# باسی چواردەم

## مافی پێشینە وەرگرتن / حق الحصول علی السلف

فەرمانبەر مافی هەیە چەندین پێشینە وەر بگرێت وەك هاولاتی ئاسایی یان وەك فەرمانبەر زۆر جار لە یاسادا تەنها مافی پێشینەی بە فەرمانبەر دەدات بەلام ئێستای لە هەرێمی کوردستان وە بە یاسا پێشینەکان بە هاولاتیانیش دەدرێت وەك فەرمانبەران وە لەم باسەدا تەنها دوو پێشینەمان باس کردووە چونکە پێشینەکانی تر بەتایبەتی لە کاتی دروست کردنی لیژنە بۆ ئەنجام دانی چالاکیەکانی فەرمانگە پێشینە بە سەرۆکی لیژنە دەدرێت وەك پێشینەی لیژنەی کرین ، پێشیینەی، لیژنەی چاکردنەوە ،.. هتد.

## پێشینەی هاوسەرگیری / سلفه الزواج :

فەرمانبەر مافی هەیە بۆ یەك جار لەژیانی فەرمانبەرایەتی پێشینەی هاوسەرگیری وەربگرێت کە برەکەی (٥٠٠٠,٠٠٠)دینارە ، وە بۆ مندالانی شەهید و ئەنفال کراوەکان جینۆساید و شەهیدانی راپەڕین و کۆڕەو (١٠٠٠٠,٠٠٠)دینارە ، (٥)ملیۆن پێشینە و (٥)ملیۆن دیاری حکومەتە.

### مەرجەکانی وەرگرتنی پێشینەی هاوسەرگیری

١- پێشکەش کردنی داوای پێدانی پێشینە کە لەلایەن فەرمانبەر.

٢- دەبێت گرێبەستی هاوسەرگیری کۆپی ئەسلی هاوپێچ بکات لەگەل

داواکەی.

٣- دەبێت فەرمانبەر گرێبەستی هاوسەرگیریەکەی دوای دامەزراندنی بێت.

٤- دەبێت فەرمانبەر فەرمانی دەست بەکاربوونی بۆ یەکەم جار لەگەڵ داواکەی پێشکەش بکات.

٥- دەبێت ناسنامەی باری شارستانی ناوی هەردوو هاوسەری تێدا تۆمار بکرێت وە لەگەڵ داواکەی پێشکەش بکات.

٦- رەگەز نامەی عێراقی هاوپێچ بکات.

٧- کەفالەت لەکەفیلێکی فەرمانبەر یان لەبازرگان بەبڕی پێشینەکە لەفەرمانگەی دادنووس دەرچوو بێت هاوپێچ دەکرێت لەگەڵ داواکەی.

٨- دەبێت فەرمانبەر بەڵێن نامەیەك پڕ بکاتەوە کە بۆ یەکەم جار ئەم پێشینەیە وەردەگرێت وە پشت راستی بکاتەوە لەفەرمانگەی دادنووس.

٩- دەبێت پێشینەکە بیمە بکرێت لەلایەن کۆمپانیای نیشتمانی بیمەکردن.

١٠ - ئەم پێشینە تەنها بەیەك هاوسەر دەدرێت نەك بەهەردووکیان.

## ئەو کەسانەی پێشینەی هاوسەرگیری نایان گرێتەوە

١- فەرمانبەر نابێت وە مافی نیە بۆ هێنانی ژنی دووەم پێشینە وەربگرێت ئەگەر وەری گرتبێت بۆ ژنی یەکەم.

٢- ئەو کەسەی ژنی تەلاق دەدات پێشینەکە نایگرێتەوە ئەگەر وەریشی نەگرتبێت .

## چۆنیەتی گەڕاندنەوەی پێشینەی هاوسەرگیری

لەمانگی داهاتوو لەدوای وەرگرتنی پێشینەی هاوسەرگیری دەبێت دەست بکرێت بەدانەوەی پێشینەکە بەبڕی (٣٠٠٠٠ دینار مانگانە بەڵام وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان ڕێنمایی دەرکردووە کە هەر (٦)مانگ جارێك (١٨٠٠٠٠ ) دینار لەفەرمانبەر ببڕێت لە مووچەیان لەوانەی پێشینەی هاوسەرگیریان وەرگرتووە.

## پێشینەی بانکی خانووبەرە سلفه العقاری

بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێ بوون سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بەپێدانی پێشینەی دروست کردنی خانووبەرە بۆ فەرمانبەران و هاووڵاتیان کە بڕەکەی (٢٠,٠٠٠,٠٠٠)دینارە بۆ ناو شار (٢٥٠٠٠,٠٠٠)دینارە بۆ گوندنیشینان ، وە ئەم پێشینە بەم مەرجانەی خوارەوە دەدرێت[١] :

١- دەبێت وەرگری پێشینەکە خێزاندار بێت وە بۆ یەکێکان خەرج دەکرێت.

٢- هەڵگری ناسنامەی باری شارستانی هەرێمی کوردستان بێت یان مووچەکەی لەحوکومەتی هەرێمی کوردستان وەربگرێت.

٣- هیچ خانوو یان یەکەی نیشتەجێ ببونی نەبێت نەخۆیی و نەهاوسەری و وە نە منداڵە ناکامەکانی.

---

[١] ئەم زانیاریەم لە ڕێنمای دارایی ژمارە ٤٤ ی وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستانم وەرگرتووە کە بە نووسراوی ژمارە٢٣٦٩٠ لە ٢٣/١٠/ ٢٠٠٨ دەرچووە

Scanned with CamScanner

٤- نابێت پێشینەی خانووبەری وەرگرت بێت لەیەکێك لەبانکەکانی هەرێم.

٥- نابێت فەرمانبەرەکە خزمەتی وەزیفی لەیەك ساڵ کەمتر بێت (چەسپاو بێت).

٦- رووبەری خانووەکە نابێت لە(١٠٠)م٢ کەمتر بێت.

٧- سوودی دواکەوتن لەدانەوەی قەرزەکانی (١٠٪)دەبێت لەسەر رەسیدی قەرزەکە لەحالەتی دواخستنی قیستەکان.

٨- بڕی (٢٥٠,٠٠٠)دینار وەردەگیرێت لەجیاتی خەرجیە کارگێریەکان.

## رێساکانی پێدانی پێشینە

١- پێشینەی بەدوو قۆناغ خەرج دەکرێت بەیەکسانی ، قۆناغی یەکەم دوای تەواوکردنی بادلۆ ، قۆناغی دووەم دوای تەواوکردنی بن میچ (سقف).

٢- پێشینەکە بەیەك جار خەرج دەکرێت ئەگەرهاتوو خانووەکە تەواوبووبێت بەڵام هەندێك پێداویستی مابێت وەك (گێچ کاری ، لبخ ، کاشی ، ..... هتد).

٣- فەرمانبەر دەبێت کەفیلێکی زامنی هەبێت پێشکەش بەبانك بکات بەبڕی پێشینەکە ، وە ئەگەر کەفیلەکە فەرمانبەر بوو نابێت مووچە بنەڕەتی لە(٣٦٢,٠٠٠)دینار کەمتر بێت ، یان بازرگانی پلە(أ ، ب)بێت.

Scanned with CamScanner

٤- گەڕانەوەی پێشینەکە بۆ ماوەی (١٥) ساڵ دەبێت بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە مووچەیان (٦٥٠,٠٠٠) دینار زیاترە ، وە بۆ ماوەی (٢٠) ساڵ بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە مووچەیان لە (٦٥٠,٠٠٠) دینار کەمترە ، وە بڕینی قیستی پێشینەکە لەمانگی داهاتوو دوای وەرگرتنی یەکەم گوژمەی پێشینەکە دەست پێ دەکات.

٥- بۆ هاوولاتیان دەبێت بەماوەی (١٢) ساڵ پێشینەکە بدەنەوە دوای تەواوکردنی ساڵی یەکەمی پێشینەکە وە بەگوژمەی ساڵانە.

٦- ئەم قەرزە دەبێتە هۆی بیمەکردنی ژیانی وەرگری قەرز لەلایەن کۆمپانیاکانی بیمەکردن ، بۆ ماوەی قەرزەکە.

٧- ئەگەرهاتوو وەرگری پێشینەکە پێش ئەوەی پێشینەکە بداتەوە کۆچی دوایی کرد جێ ماوەکانی دەبەخشرێن لەدانەوەی پێشینەکە ، بەلام ئەگەر پێش مردنی چەند قیستێکی نەدابێت دەبێت جێ ماوەکانی بیدەن لەگەڵ سوودی دواکەوتن.

٨- ئەو پێشینەیە ناخرێتە سەر ناوی کەس (ئەو کەسەی خانوو دەفرۆشێت کەپێشینەی پێ وەرگرتووە دەبێت پێشینەکە بداتەوە بانکی خانووبەرە لەبەر ئەوەی ناخێرێتە سەر ناوی کڕیار).

Scanned with CamScanner

# باسی پازدەم

## مافی مـۆڵەت / حق الاجازة

مۆڵەت : ڕێگا پێدانە بەفەرمانبـەر بـە نـەهاتن بـۆ دەوامـی فـەرمی بـۆ ماوەیەکی دیاری کراو کـە پێـی دەوترێـت (مـاوەی مۆڵـەت) لـە سـەر داوای فەرمانبەر وە بەپێی یاساوە مۆڵەت مافی فەرمانبەرە وە ئەگـەر وەری نـەگرێت بۆی پاشەکەوت دەکرێت لـە کۆتـای خزمـەتی فەرمانبەرایـەتی سـوودی لـێ وەردەگرێت بۆ نمونە مۆڵـەتی ئاسـایی پاشـەکەوت کـراوی دەکرێـت خزمـەتی خانەنشینی بە ماوەی مۆڵەتی پاشەکەوت کراوی زیـاد بکرێـت یـان پاداشـتی مووچەی پێ وەربگرێت بە مـەرجێك لە (١٨٠) ڕۆژ زیاتر نەبێت.

## جۆرەکانی مۆڵەت (انواع الاجازات)

١- مۆڵەتی ئاسایی (إجازه اعتیادیه).

٢- مۆڵەتی نەخۆشی (إجازه مرچیه).

٣- مۆڵەتی سك و منداڵ بوون (إجازه الحمل والولاده).

٤- مۆڵەتی دایکایەتی (إجازه الامومـه).

٥- مۆڵەتی عیدە ( اجازه العده)

٦- مۆڵەتی خوێندن (إلاجازه الدراسیه).

٧- مۆڵەتی هاوسەرگیری (إجازه المصاحبه).

٨- مۆڵەتەکانی تایبەت (الإجازات الخاصه).

## یەکەم : مۆڵەتی ئاسایی

فەرمانبەر مافی هەیە مۆڵـەتی ئاسـایی وەر بگرێـت لـە مـاوەی خزمـەتی فەرمانبەرایەتیدا بۆ حەسانەوەی لە ماندووبوونی کار کردن یان بۆ ئەنجام دانی گەشت وکـاری تایبـەتی خـۆی وە ئـەم مۆڵەتـەش بـە پێـی شایسـتە بـوونی فەرمانبەرە بە مووچەی تەواو بێت یان بە نیوەی یان بە بێ مووچە.

**جۆرەکانی مۆڵەتی ئاسایی بە پێی مووچـە (انـواع الاجـازات الاعتیادیە حسب الراتب)**

أ - مۆڵەتی ئاسایی بەمووچەی تەواو (إجازة اعتیادیة براتب تام).

ب – مۆڵەتی ئاسایی بەنیوە مووچە (إجازة اعتیادیة بنصف راتب).

ج – مۆڵەتی ئاسایی بەبێ مـــووچە (إجازة اعتیادیة بدون راتب).

### أ – مۆڵەتی ئاسای بەموچەی تەواو

لە برگە ٤٣ /أ لەیاسـای راژەی شارسـتانی ژمـارە ٢٤ سـالی ١٩٦٠ی هەمارکراودا هاتووە فەرمانبەر مافی هەیە لەهەر (١٠)رۆژ لەخزمەتی فەرمانبەرایەتیدا (١)رۆژ مۆڵەتی ئاسایی وەربگرێت بەمووچەی تەواو، وە ئەگەر وەری نەگرت مۆڵەتەکەی بۆ پاشەکەوت دەکرێت.[1]

---

[1] د یوس الیاس ، المرجع العملي في شرح قوانین الخدة والانضباط والتقاعد المدني ، هیئة المعاهد الفنیة ، بغداد، ١٩٨٣ ،ص١٦١

Scanned with CamScanner

## چۆنیەتی پێدانی مۆڵەتی ئاسایی

أ- دەبێت فەرمانبەر داوا پێشكەش بكات بۆ سەرۆكی راستەوخۆ و سەرۆكی فەرمانگەكەی تیایدا داوای مۆڵەتی ئاسایی بكات.

ب - دەبێت لەداواكەی دا دەست نیشانی ماوەی مۆڵەت و رۆژی دەست پێكردنی مۆڵەتەكە بكات.

ج – دەبێت هۆی داواكردنی مۆڵەت لە داوایەكەی بنوسێت بۆ ئەوەی رێگا خۆشكەر بێت بۆ خاوەن دەسەڵات مۆڵەتەكەی پێ بدات وە ئەم خالە لەیاسادا نە هاتوە بەلام وەك نەرێتیك لەكاری كارگێری دا بەكار دێت

د - مۆڵەت مافی فەرمانبەرە بەڵام ناتوانێت بەزۆر داوای بكات وە فەرمانگەش بۆی نیە بەزۆر مۆڵەت بەفەرمانبەر بدات وە دەكرێت فەرمانگە مۆڵەتی فەرمانبەر بدات لەسەر داوای خۆی وە دەكرێت رێگاشی پێ نەدات لەبەر بەرژەوەندی گشتی وە ناكرێت ئەم بیانووە لە (٦)مانگ زیاتر بێت.

هـ - مۆڵەتی ئاسایی بەرۆژی پشوو دەست پێ ناكات وە بەرۆژی پشووش كۆتایی نایەت ، بەڵام ئەگەر پشووەكە كەوتە ناو ماوەی مۆڵەتەكە ، بەمۆڵەت هەژمار دەكرێت.

و - نابێت فەرمانبەر لەناو مۆڵەت دا داوای مولەتێكی تری ئاسایی بكات دەبێت بەلایەنی كەم رۆژێك دەست بەكار بێت ئەوجا داوای مۆڵەتی تر بكاتەوە.

ز - فەرمانبەر بۆی نیە ماوەی (١٢٠)رۆژ مۆڵەت بەیەكەوە زیاتر وەربگرێت وە ئەگەر پێویستی بەزیاتر بوو دەبێت رۆژێك دەست بەكاربێت پاشان داوای مۆڵەت بكاتەوە.

Scanned with CamScanner

ح - مۆلەت مۆلەت پاشەکەوت دەکات بۆ نمونە (ئەگەر فەرمانبەر (١٢٠)رۆژ مۆلەتی پاشەکەوت کراوی هەبوو وە هەمووی وەرگرت کە دەست بەکاربووەوە لە فەرمانبەرایەتیەکەی (١٢)رۆژ مۆلەت بۆ پاشەکەوت کراوە لەبەرئەوەی مۆلەتی بەمووچە بەخزمەت هەژمار دەکرێت بۆ گشت ئامانجەکان یەکێکیان پاشەکەوت کردنی مۆلەتە.

## چەند زانیاریەك دەربارەی مۆڵەتی ئاسایی

١- فەرمانبەری لەژێر چاودێری وەك و فەرمانبەری چەسپاو وایە لەماف و وەرگرتن و پاشەکەوت کردنی مۆلەتی ئاسایی.

٢- ئەگەر هاتوو فەرمانبەر خانەنیش کرا مووچەی مۆلەتی پاشەکەوت کراوی بۆ خەرج دەکرێت هەتا (١٨٠)رۆژ وە ئەگەر زیاتری هەبوو بە خزمەت بۆی هەژمار دەکرێت بۆ خانەنشین کردن ئەگەر موچەکانی لەسەر وەر نەگرتبێت بەپێی بریاری ژمارە ٢٠٥ لە١٩٨٨/٢/٢٩[1]، وە ئەم پارەیە بەپێی دوا مووچەی بنەرەتی خەرج دەکرێت بەبێ دەرماڵە (تەنها لەسەر بنەمای مووچەی بنەڕەتی خەرج دەکرێت). وەئەگەر پاداشتەکەی وەر نەگرێت لەسەر داوای خۆی بۆی بە خزمەت هەژمار دەکرێت وە دەخرێتە سەر خزمەتی خانەنشینی .

٣- ئەگەر فەرمانبەر مرد مووچەی مۆلەتی پاشەکەوت کراوی بۆ جێماوەکانی خەرج دەکرێت بەمەرجێك لە (١٨٠)رۆژ زیاتر نەبێت وە ئەگەر مۆلەتی پاشەکەوت کراویشی نەبێت هەر بۆی خەرج دەکرێت

---

[1] اسس وضوابط الخدمة والملاكوالانضباط،ص١٩٩

مووچەی بنەرەتی (٦) مانگ بۆ جێماوەکانی خەرج دەکرێت ( بەپێی بڕیاری ژمارە ٢١ ی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی لە ٢٠٠٨/٨/١٧ کە مادە ٦٥ی یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە ٢٤ سالی ١٩٦٠ هەموار کراو پێ هەموار کراوە )[1]

٤- ئەگەر فەرمانبەرێك ڕاژەی گواسترایەوە بۆ سەر میلاکی مامۆستایەتی مۆڵەتی پاشەکەوت کراوی لەگەڵی دەگواسترێتەوە وە مافی هەیە لە سالانی خوێندن وەری بگرێت بەمەرجێك زیان بەپرۆسەی خوێندن نەگەیەنێت.

٥- فەرمانبەر ماف هەیە خۆی مۆڵەت بەخۆی بدات ئەگەر هاتوو فەرمانبەر داوای مۆڵەتی کرد وە بەڕێوەبەرەکەی ڕازی نەبوو مۆڵەتی پێ بدات لەبەر بەرژەوەندی گشتی دەبێت داوایەکەی لەتۆماری هاتوو تۆمار بکات وە جارێکی تریش داوا دەکاتەوە ئەگەر بە هەمان بیانوو پێیان نەدا وە (٦)مانگ بەسەر داوای مۆڵەتەکە بەسەر چوو دەتوانێت خۆی مۆڵەتەکە وەربگرێت بەبێ ڕەزامەندی بەڕێوەبەرەکەی.

## ب – مۆڵەتی ئاسای بەنیوە مووچە (إجازە بنصف راتب)

لەهەندێ حالەتدا یاسا ڕێگەی بەفەرمانبەر داوە مۆڵەت وەربگرێت بۆ ماوەیەکی دیاری کراو بەنیوە مووچە، ئەگەر هاتوو مۆڵەتی پاشەکەوت کراوی بەمووچەی تەواوی نەبوو، وە ئەم مۆڵەتەش بەنیوە خزمەت هەژمار دەکرێت بۆ گشت ئامانجەکان جگە لە چەسپاندن نەبێت وەك

[1] نشر في الوقائع العراقية ، العدد ٤٠٨٤ في٢٠٠٨/٨/٢٥

Scanned with CamScanner

مۆڵەتی دایکایەتی لە عیراق ساڵێکە شەش مانگ بە مووچەی تەواو شەش مانگیش بە نیوە مووچەیە بەڵام لە هەرێمی کوردستان ساڵێکە بە مووچەی تەواو.

## ج- مۆڵەتی ئاسای بەبێ مووچە (إجازة بدون راتب)

یاسا رێگای داوە فەرمانبەر مۆڵەتی بێ مووچە وەربگرێت لەکاتی پێویستی دا بۆ ماوەی (٢) ساڵ زیاتر نەبیت ئەگەر هاتوو هەمو مۆڵەتە پاشەکەوت کراوەکانی بەمووچەی تەواو ونیوە مووچە وەرگرتبێت، وە ئەم مۆڵەتەش بەخزمەت هەژمار ناکرێت لەدەرەوەی خزمەت دادەنرێت.

ماوەی مۆڵەتی بێ موچە نابێت لە (٢)ساڵ تێپەر بکات ئەگەر پێویست بکات وە ئەم مۆڵەتە لە دەسەلاتی وەزیری پەیوەندارە بە پێی بریاری ژمارە (٤١٨) لە ١٩٨٧/٦/١٥[١] وە ئەم مۆڵەتە مامۆستایانیش لەگشت قۆناغەکانی خویندن دەگریتەوە .

## چۆنیەتی ئەژمارکردنی مافی فەرمانبەر لەمۆڵەتی ئاسایی

مافی فەرمانبەر لەمۆڵەتی ئاسایی بەپێی ئەم هاوکێشەیەی خوارەوە هەژماردەکرێت.

١- کۆی مافی فەرمانبەر لەمۆڵەتی ئاسایی =
{(ژمارەی ساڵانی خزمەت × ٣٦٥)+(ژمارەی مانگانی خزمەت×٣٠
+ (ژمارەی رۆژانی خزمەت)} ÷ ١٠

[١] اسس وضوابط الخدمة والملاك والانض...

Scanned with CamScanner

ئەژمارکردنی پاشەکەوتی فەرمانبەر لەمۆڵەتی ئاسیی بەپێی ئەم هاوکێشەیە دەبێت.

٢- بەلانسی فەرمانبەر لەمۆڵەتی ئاسایی = کۆی مافی مۆڵەتی ئاسایی ـ کۆی ئەو مۆڵەتانەی وەری گرتوون

بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم هاوکێشانە پێویستیمان بە چۆنیەتی هەژمار کردنی ماوەی خزمەتی فەرمانبەرە کە بەم نمونانەی خوارەوە روونی دەکەینەوە .

## چۆنیەتی هەژمارکردنی ماوەی خزمەتی فەرمانبەر

نمونەی (١) فەرمانبەرێك دامەزرا لە ٥/٧/٢٠٠٢ وە لە هەمان رۆژ دەست بە کار بوو لە وەزیفەکەی .

داواکاری : ماوەی خزمەتی دەست نیشان بکە هەتا رۆژی ٣١/١٠/٢٠٠٩.

شیکار :

بەرواری داواکراو بۆ هەژمارکردنی ماوەی خزمەتی ٣١/١٠/٢٠٠٩

بەرواره دەست بە کار بوونی بۆ یەکەم جار ٥/٧/٢٠٠٢

--------------- بە کەم کردنەوە

٢٦/ ٣ /٧

رۆژ /مانگ/سال

نمونەی (٢)

لە رۆژی ٢٠/١٢/ ١٩٩٥ فەرمانی دامەزراندنی بەرێز بابان انور محمد دەرچوو وە لە رۆژی ٢٤/١٢/ ١٩٩٥ دەست بەکاری فەرمانبەرایەتیەکەی بوو.

داواکاری : ماوەی خزمەتی دەست نیشان بکە هەتا رۆژی ١/١١/٢٠٠٩

شیکار :

Scanned with CamScanner

بەرواری داواکراو بۆ هەژمار کردنی ماوەی خزمەتی ٢٠٠٩/١١/١
بەرواری دەست بەکار بوونی بۆ یەکەم جار ١٩٩٥/١٢/٢٤

بەکەم کردنەوە ______________

١٣/ ١٠ /٧

رۆژ/مانگ/سال

*تێبینی/

- لە حالەتی کەم کردنەوە ئەگەر هاوکێشەی سەرەوە کەمتربوون لە خوارەوەو لە رۆژ و مانگ بۆ رۆژەکان مانگێك وەردەگرین دەخرێتە سەر رۆژەکان ٣٠ رۆژ وەك نموونەی سەرەوە (١) رۆژ + (٣٠) رۆژ دەبێتە (٣١)رۆژ وە مانگەکان یەك مانگی لێ کەم دەکرێتەوە واتا (١١-١=١٠ مانگ).
- وە ئەگەر ژمارەی مانگی سەرەوە لەخوارەوە کەمتربوو ئەوا لەساڵەکان ساڵێك وەردەگرین (١٢)مانگ دەخرێتە سەر مانگەکان وەك نموونەی سەرەوە (١٠+١٢=٢٢ مانگ) ئینجا لە (١٢)مانگی هاوکێشەی سەرەوە کەم دەکرێتەوە وە ساڵەکانیش ساڵێکی لێ کەم دەکرێتەوە (٢٠٠٩-١=٢٠٠٨).

نموونەی:٣

لەرۆژی ٢٠/١٠/٢٠٠٩ بەڕێز ریتان زیاد محمد خانەنیشکرا وەداویراو بۆ یەکەم جار لە ٢٠/١١/١٩٨٢ دەستی بەکاری وەزیفەکەی بووە.

داواکاری/ دەست نیشانی ماوەی خانەنشینی بکە.

شیکار/

٨/٢٢=١٢+١٠

بەرواری خانەنشین کردن ٢٠ / ١٠ / ٢٠٠٩
بەرواری دەست بەکاربوونی بۆ یەکەم جار ٢٠ / ١١ / ١٩٨٢

٠ / ١١ / ٠٠٢٦

رۆژ / مانگ / ساڵ

نموونەی:٤

خاتوو سميرە محمد رحمن لە رۆژی ٢٠٠٢/١٢/١٤ بۆ یەکەم جار دەست بەکاری وەزیفەکەی بوو.

داواکاری/ ماوەی خزمەتی بۆ ئەژمار بکە لە رۆژی ٢٠٠٩/١١/١.

شیکار/

١ + ٣٠ = ٣١ / ١٠ + ١٢ = ٢٢ / ٨

بــــەرواری داواکـــــراو ١ / ١١ / ٢٠٠٩

بەرواری دەست بەکاربوونی بۆ یەکەم جار ١٤ / ١٢ / ٢٠٠٢ -

١٧ / ١٠ / ٠٠٠٦

رۆژ/ مانگ/ ساڵ

*تێبینی/بەپێی بریاری دیوانی سەرۆکایەتی کۆماری لەساڵی (١٩٨٨) بڕیاردرا مانگ بە (٣٠)رۆژ هەژمار بکرێتت بۆ ئەنجامدانی کاروباری کارگێری ودارایی.

نموونەی:١

فەرمانبەرێك بۆ یەکەم جار دەست بەکاری وەزیفەکەی بوو لە١٠/١٢/٢٠٠٠ وە لەماوەی خزمەتی (٢٤٥)رۆژ مۆڵەتی ئاسایی بەمووچەی تەواوی وەرگرتووە.

داواکاری: دەست نیشانی بەلانسی مۆڵەتی پاشەکەوت کراوی بکە لە١٣/١/٢٠١٠.

شیکار: ماوەی خزمەتی

٩ / ١٣=١٢+١

٢٠١٠/ ١/ ١٣

بەرواری داواکراو

بەرواری دەست بەکاربوونی بۆ یەکەم جار ١٠ / ١٢ / ٢٠٠٠

بەکەم کردنەوە

٣ / ١ / ٩

رۆژ/ مانگ/ساڵ

کۆی مافی فەرمانبەر لەمۆڵەتی ئاسایی ={(ژمارەی ساڵانی خزمەت × ٣٦٥) + (ژمارەی مانگانی خزمەت × ٣٠) + (ژمارەی رۆژانی خزمەت)} ÷١٠

= {(٩× ٣٦٥) + (١ × ٣٠) + ٣} ÷ ١٠

= {٣٢٥٨ + ٣٠ + ٣} ÷ ١٠

= ٣٣١٨ ÷ ١٠ = ٣٣١,٨ رۆژ

= ٣٣٢ رۆژ

١- بەڵانسی فەرمانبەر لەمۆڵەتی ئاسایی = کۆی مافی مۆڵەتی ئاسایی ـ کۆی ئەو مۆڵەتانەی وەریگرتوون

= ٣٣٢ ـ ٢٤٥

= ٠٨٧ رۆژ بەڵانسی مۆڵەتی ئاسایی لە ٢٠١٠/١/١٣ ماوە

نموونەی:٢

فەرمانبەرێك بۆ یەکەم جار دەست بەکاری وەزیفەکەی بوو لە٢٥/٣/٢٠٠٢ وە لەماوەی خزمەتی (٣)رۆژ بەبێ پاساو دەوامی نەکردوە وە لەماوەیەشدا (١٣٢)رۆژ مۆڵەتی ئاسایی وەرگرتووە.

داواکاری: مۆڵەتی ئاسایی پاشەکەوت کراوی چەندە لە٣١/١٢/٢٠٠٩.

Scanned with CamScanner

شیکار:

١- ماوەی خزمەتی

بەرواری داواکراو ٣١ / ١٢ / ٢٠٠٩

بەرواری دەست بەکاربوونی بۆ یەکەم جار ٢٥ / ٣ / ٢٠٠٢

بەکەم کردنەوە

٦ / ٩ / ٠٠٠٧

- رۆژانی نەهاتوو ٣

بەکەم کردن

٣ / ٩ / ٠٠٠٧

رۆژ / مانگ/ساڵ

٢- کۆی مافی فەرمانبەر لەمۆڵەتی ئاسایی ={(ژمارەی ساڵانی خزمەت × ٣٦٥) + (ژمارەی مانگانی خزمەت × ٣٠) + (ژمارەی رۆژانی خزمەت)}÷١٠

= {(٣٦٥ ×٧) + (٩ × ٣٠) + ٣} ÷ ١٠

= {٢٥٥٥ + ٢٧٠ + ٣} ÷ ١٠

= ٢٨٢٨ ÷ ١٠ = ٢٨٢,٨ رۆژ

= ٢٨٣ رۆژ

٣- بەڵانسی فەرمانبەر لەمۆڵەتی ئاسایی = کۆی مافی مۆڵەتی ئاسایی - کۆی ئەو مۆڵەتانەی وەریگرتوون

= ٢٨٣ - ١٣٢

= ١٥١ رۆژ بەڵانسی مۆڵەتی ئاسایی

لە ٣١/١٢/٢٠٠٩ ماوە

## دووەم : مۆڵەتی نەخۆشی / الاجازة المرضية

پێش ئەوەی باسی ماف فەرمانبەر لە مۆڵەتی نەخۆشی بكەین بە پێویستی دەزانم چەند پێناسەیەك بكەین كە پەیوەستن بەم جۆرە مۆڵەتە كە لە خوارەوە هاتوون :

نەخۆشی ( المرض): تێك چونی باری تەندروستی فەرمانبەرە كە دەبێتە ڕێگر بۆ ئەنجام دانی كاری ڕۆژانەی فەرمانبەر وە ئەمەش بە هۆی پێكانی كار نیە وە سەلماندنی نەخۆشی فەرمانبەر بە ڕاپۆرتی پزیشكی دەبێت لەلایەن پزیشكی چارسەركەر یان لیژنەی پزیشكی فەرمی .

پێكانی كار (اصابه عمل): بریتیە لە تووش بوونی فەرمانبەر بە نەخۆشیەكی پیشەیی لە ئەنجامی كاركردنی لە دام دەزگاكانی دەولەت یان بەكەوتن و لەدەست دانی ئەندامێكی جەستەی لە كاتی كاركردنی یان لە ئەنجامی كاركردنەكەی وە هەر كارەساتێك بە سەر فەرمانبەر بێت لە ڕێگای هاتنە دەوام و گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ بە حوكمی پێكانی كار هەژمار دەكرێت .

دەست نیشان كردنی نەخۆشی پیشەیی و پەكەوتنی ئەندامی جەستەی ڕێژەی پەكەوتن بە ڕێنمای وەزارەتی تەندروستی دەبێت بە هەماهەنگی لەگەل وەزارەتی دارایی.

ڕووداو( الحادثة): بەسەرهاتێكی مادی دەرەكی لەناكاوە كە ئاسەواری ڕاستەوخۆ لە سەر جەستە دروست دەكات. بۆ نمونە باسك شكانی فەرمانبەر بە هۆی ڕووداوی بە یەك دادانی ئۆتۆمبیل لە ڕیگای

چوونە دەوامی فەرمانبەر بۆ فەرمانگەکەی.

**پەکەوتن (العجز)** : کەم بوونەوەی توانـای کارکردنـە بـە تـەواوی یـان بـە ڕێژەیی بە هۆی نەخۆشی. بۆ نموونە تووش بـوونی فەرمانبـەر بـە دەرچوونی دیسکی بربـڕەی پشـتی دەبێتـە هـۆی لـەکار خسـتنی ڕۆیشتنی کە دەبێتە هۆی کـەم بوونـەوەی توانـای فەرمانبـەر بـە ڕێژەیی.

**لەکار کەوتن ( العطل)** : کەم بوونەوەی توانای کـارکردنی فەرمانبـەرە بـە تەواوی یان بە ڕێژەی بە هۆی پێکانی کار . بـۆ نمونـە لـە دەسـت دانی دەستێکی فەرمانبەر بە هۆی برینی بە هۆی بە ئامێرێکی کار کردن کە ڕۆژانە کاری لە سەر دەکات ئەمە لەکار کەوتنێکی ڕێژەییە.

لە مادە (٤٦) ی یاسای ڕاژەی شارستانیدا هاتوە

فەرمانبەری عێراقی مـافی هەیـە لـە هـەر سـاڵێکی خزمـەتی تـەواودا (٣٠)ڕۆژ مۆڵـەتی نەخۆشی بەمووچـەی تـەواو وەربگرێـت وە (٤٥)ڕۆژ بـەنیوە مووچەئەگەر لە ماوەکانی سەرەوەدا باری تەندروستی بـاش نـەبوو کـە بتـوانێ دەوامی فەرمی بکات و ئەرکـەکانی فەرمانبەرایـەتی ئـەنجام بـدات ، وە ئـەم مۆڵەتە بەپێ ی ڕاپۆرتی پزیشکی چارەسەرکەر یان لیژنەی پزیشکی فـەرمی وەر دەگیرێت وە فەرمـانگەش فەرمانی پێدانی مۆڵەت بۆ فەرمانبەر دەنووسـێت وە ئەم مۆڵەتە بۆ فەرمانبەران پاشەکەت دەکرێت بـەلام لـە کۆتـای خزمـەتی فەرمانبەرایەتی سوودی لێ وەرناگرێت.

## چۆنیەتی وەرگرتنی مۆڵەتی نەخۆشی

فەرمانبەری نەخۆش بە نوسراوێکی فەرمی ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێـت وە مۆڵەتی نەخۆشی بەفەرمانبەر دەدرێت لەماوەی (١)تـاکۆ (٩)ڕۆژ بـەڕاپۆرتی

Scanned with CamScanner

پزیشکی لەنەخۆشخانەیەکی فەرمی تایبەت بە چارەسەرکردنی فەرمانبەران کەپزیشکی چارەسەرکەر دەست نیشانی ماوەی مۆڵەتەکە دەکات لەرۆژێك تاکو (٩)رۆژ ، بەڵام ئەگەر هاتوو فەرمانبەر پێویستی بەمۆڵەتی زیاتر بوو دەبێت رەوانەی لیژنەی پزیشکی فەرمی بکرێت ، وە لیژنە مافی پێدانی مۆڵەتیان هەیە لە(١٠)رۆژ هەتا (٣)ساڵ بەمووچەی تەواو وە دەبێت کارگێری فەرمانی پێویست دەربکات بە پێدانی مۆڵەتی نەخۆشی.

ئەگەر هاتوو فەرمانبەر لەدوای دەوام نەخۆش کەوت دەکرێت سەردانی نەخۆشخانەی فریاکەوتن بکات یان هەر نەخۆشخانەییەکی تری فەرمی ئەگەر پێویست بەخەوتن بوو لەنەخۆشخانە دەبێت نەخۆشخانە دوای دەرچوونی راپۆرتێك بدات بەفەرمانبەر وە بەواژووی سێ پزیشك تیایدا دەست نیشانی رۆژی خەوتن و رۆژی دەرچوونی و وە ماوەی مۆڵەتی پێدرا و بەفەرمانبەر بکات وە کارگێری دەبێت مۆڵەت بەفەرمانبەر بدات بەپێی ئەم راپۆرتە.

* ئەگەر هاتوو سەرۆکی فەرمانگە بڕوای بە راپۆرتی پزیشکی چارەسەرکەر نەبوو کەمۆڵەتی بەفەرمانبەر دابوو دەکرێت فەرمانبەرەکە رەوانەی لیژنەی پزیشکی فەرمی بکرێت وە بڕیاری لیژنە کۆتایی (قگعی) دەبێت.

## ماوەی مۆڵەتی نەخۆشی

٢ - ئەو فەرمانبەری تووشی نەخۆشەیەکی درێژخایەن دەبێت مافی هەیە (١٢٠)رۆژ مۆڵەتی نەخۆشی بەمووچەی تەواو بەیەکەوە وەربگرێت ئەگەر پاشەکەوت کراوی هەبێت وە (٩٠)رۆژ بەنیوە مووچە.

٣ - نابێت کۆی مۆڵەتی نەخۆشی لە ماوەی (٥)ساڵ لە پێش کۆتای هاتنی مۆڵەتی نەخۆشی لە ١٨٠ رۆژ بە مووچەی تەواوو ١٨٠ رۆژیش بە نیوە مووچە زیاتر بێت.

Scanned with CamScanner

٤ - فەرمانبــەری لــەژێر چاودێری وەکــو فەرمانبــەری چەسـپاو ئــەژمار دەکرێت بۆ ماف و وەرگرتنی مۆڵەتی نەخۆشی بەمووچەی تەواو و بەنیوە مووچە وە لە دوای چەسپاندنی لە بەلانسی کەم دەکرێتەوە.

٥ - مۆڵەتی نەخۆشیە ترسناکەکان وەك (شـێرپەنجە ، ئایـدز ، شـەلەل ، شێتی) (٣)ساڵە ، بـەڕاپۆرتی پزیشـکی لیژنـەی پزیشـکی فـەرمی وە ئەگەر فەرمانبەر دوای تەواو بوونی مۆڵەتەکەکەی باش بوو دەگەرێتـەوە سەر فەرمانبەرایەتیەکەی بەلام ئەگـەر چـاك بوونەوەکـەی رێـژەیی بـو دەکرێت کارێکی گونجاوی لە گەل باری تەندروسـتی پـێ پسـپێردرێت وە ئەگەر پێویستی بە راهێنان بوو بۆ کارە تازەکەی ئامادەکاری بۆ دەکرێت وە لە ماوەی راهێنان دا مووچەو دەرمالەی تـەواوی بـۆ خـەرج دەکرێـت بەلام ئەگەر لە نەخۆشیەکەی چاك نەبیەوە خانەنشین دەکرێـت پێشـان ٢سال بوو بەلام بە بریاری ژمارە ( ٣٩٢ ) لە ١٩٨٠/٣/١٦ بوو بـە ( ٣) سال. لێرەدا فەرمانبەر و فەرمانگە مافیان هەیە داوا بکەن هەر(٦) مانگ جارێك دووبارە پشکنین بۆ فەرمانبەری مۆلەت پێدراو بکرێـت وە حالەت وشایستەی دەگۆردرێت بـە پێـی ئـەنجامی پشـکنینی پزیشـکی نویێ[1] .

٦ - بـۆ ئـەو فەرمانبەرانـەی لـە برگـەی (٤) ئاماژەمـان پـێ کـردن وە فەرمانگەش تانە بگرن لە بریاری لیژنەی پزیشـکی لـە لایـەن لیژنـەی پزیشکی تێهەلچونەوە (اللجنة الطبية الاستئنافية) لە مـاوەی (٣٠) رۆژ

---

[1] المادة الخامسة اولا من قانون العجز الصحي رقم(١١) لسنة ١٩٩٩

Scanned with CamScanner

لە رۆژی ئاگادارکردنەوەیان بە بڕیاری لیژنەی پزیشکی وە بڕیاری لیژنەی پزیشکی تێهەڵچوونەوە لەم بابەتە بە کۆتای دادەنرێت.

٧ – هەر فەرمانبەرێك تووشی پێکانی کار هات لە رۆژی پێکانی هەتا بە تەواوی چاك دەبێتەوە یان کۆچی دوای دەکات یان ئیسباتی پەکەوتەی تەواوی دەکرێت مۆڵەتی نەخۆشی تایبەتی پێ دەدرێت بە مووچەی تەواو.[1]

٨ – فەرمانبەر بێ بەش دەکرێت لە مۆڵەتی نەخۆشی تایبەت و پاداشتی پێکانی کار ئەگەر هاتوو:

أ – بە ئەنقەست خۆی پێکا . (لیژنەی لێکۆڵینەوەی دەی سەلمێنێت)

ب – ئەگەر هاتوو پێکانی لە ئەنجامی رەوشتێکی خراپی بە مەبەست یان سەرخۆش بوو یان سەرپێچی بە ئەنقەستی رێنمایەکانی سەلامەتی پیشەیی کردبێت یان هەڵەیەکی گەورەی کردبێت یان بە هۆی هەڵکوتانی سەر یەکێکی کردبێت .

٩ – پاشەکەوت کراوی مۆڵەتی ئاسایی و نەخۆشی فەرمانبەر نامێنێت ئەگەر هاتوو فەرمانبەر دەستی لەکار کێشایەوە جگە لەم حالەتانەی خوارەوە نەبێت.

أ- دەست لەکارکێشانەوە بۆ دامەزراندن بەوەزیر.

ب – بوون بەئەندامی ئەنجوومەنی نیشتمانی ( ئەندام پەرلەمان).

ج – دەست لەکارکێشانەوە بۆ خوێندن.

---

[1] المادة (١٠) من قانون العجز الطبي رقم (١١) لسنة ...

د – دەست لە کار کێشانەوە بە ڕەزامەندە فەرمانگە فەرمانبەر مافی هەیە مووچەی مۆڵەتی پاشەکەوت کراوی وەر بگرێت بە مەرجێك لە ١٨٠ ڕۆژ زیاتر نەبێت وە ئەگەر لەمەشی زیاتر هەبوو بە خزمەت هەژمار ناکرێت بۆ خانەنشینی [١].

## چونیەتی هەژمارکردنی مافی فەرمانبەر لەمۆڵەتی نەخۆشی و پاشەکەوت کراوی

١ - کۆی مافی فەرمانبەر لەمۆڵەتی نەخۆشی = {(ژمارەی ساڵانی خزمەت × ٣٠ ) + ( ژمارەی مانگانی خزمەت × ٢,٥ ) + (ژمارەی ڕۆژانی خزمەت ÷ ١٢)}

٢ - بەڵانسی فەرمانبەر لەمۆڵەتی نەخۆشی = کۆی ماف ـ کۆی مۆڵەتەکانی نەخۆشی وەری گرتوون بەمووچەی تەواو

نموونەی:١

فەرمانبەرێك دامەزراوە لە٥/٥/٢٠٠٥ وە دەست بەکاری وەزیفەکەی بوو لە٧/٥/٢٠٠٥ وە لەماوەی خزمەتی (٦٥)ڕۆژ مۆڵەتی نەخۆشی بەمووچەی تەواو وەری گرتووە.

داواکاری: دەیت نیشانی بەڵانسی بکە لەمۆڵەتی نەخۆشی بەمووچەی تەواو لە ١٧/١/٢٠١٠.

شیکار:

---

[١] عدلت المادة (٦٥) من قانون الخدمة المدنية رقم ٢٤لسنة١٩٦٠ المعدل بقانون رقم ٥٥ لسنة ٢٠٠٧ والمنشور في الوقائع العراقية العدد ٤٠٦٢ في ١٨/٢/٢٠٠٨ .

١- ماوەی خزمەت

بەرواری داوا کراو ١٧ / ١ / ٢٠١٠

بەرواری دەست بەکاربوونی بۆ یەکەم جار ٧ / ٥ / ٢٠٠٥

بەکەم کردن

١٠ / ٨ / ٢٠٠٤

رۆژ / مانگ/سال

٢- کۆی مافی فەرمانبەر لەمۆڵەتی نەخۆشی = {(ژمارەی ساڵانی خزمەت × ٣٠ ) + ( ژمارەی مانگانی خزمەت × ٢,٥ ) + (ژمارەی رۆژانی خزمەت ÷ ١٢)}

= {( ٣٠ × ٤) + ( ٢,٥ × ٨ ) + (١٠ ÷ ١٢)}

= {١٢٠ + ٢٠ + ٠,٨}

= ١٤٠,٨ = ١٤١ رۆژ

٣- بەڵانسی فەرمانبەر لەمۆڵەتی نەخۆشی = کۆی ماف - کۆی مۆڵەتەکانی نەخۆشی وەری گرتوون بەمووچەی تەواو

= ١٤١ - ٦٥

= ٧٦ رۆژ بەڵانسی ماوە ١٧/١٠/٢٠١٠

## پاداشتی پێکانی کار

هەر فەرمانبەرێك تووشی پێکانی کار هات وە رێژەی پەکەوتنی لە (٦٥٪) کەمتر بوو قەرەبووی دەکرێتەوە بە پاداشت بەم هاوکێشەیە:

پاداشتی پێکانی کار = کۆ مووچەی (٤) ساڵ Xرێژەی پەکەوتن

## سێیەم : مۆڵەتی سك و منداڵ بوون (اجازة الحمل والولادة)

له مادەی (٤٣) له یاسای راژەی شارستانیدا هاتوه فەرمانبەری ژن مافی هەیە مۆڵەتی سك و منداڵ بوون وەرگرێت که ماوەکەی (٧٢) رۆژه بەمووچەی تەواو (٢١) رۆژ پێش منداڵ بوون وه (٥١) رۆژیش دوای منداڵ بوون وه ئەم مۆڵەته پاشەکەوت ناکرێت بەڵام هەرجارێك فەرمانبەری ژن سکی هەبێت و منداڵی ببێت ئەم مۆڵەتەی دووباره دەبێتەوه هەروەها فەرمانبەری ژن دەتوانێت مووچەی مۆڵەتی سك و منداڵ بوون پێش وەخته وەربگرێت لەسەر داوای خۆی لەکاتی وەرگرتنی مۆڵەتەکه وه بەرای منیش ٥١ رۆژ دوای منداڵ بوون له نەریتیکی تورکی وەر گیراوه له بەر ئەوەی عێراق بەشێك بووه له دەولەتی عوسمانی وه بەپێی شەریعەتی ئیسلامی ماوەی دوای منداڵ بون ٤٠ رۆژه پێی دەوترێت ماوەی (نیفاس).

### چۆنیەتی وەرگرتنی مۆڵەتی سك و منداڵ بوون

ئەم مۆڵەته بەپێی راپۆرتی پزیشکی لەپزیشکی پسپۆڕ لەنەخۆشخانەیەکی فەرمی پسپۆڕی دەدرێت ئەگەر نەخۆشخانەی پسپۆڕی فەرمی نەبوو له نەخۆشخانەیەکی فەرمی گشتی دەدرێت که رۆژی پێشبینی کردنی منداڵ بوون دەست نیشان دەکرێت وه بەپێی ئەم راپۆرته کارگێری مۆڵەت بەم فەرمانبەره ژنه دەدات.

**چەند زانیاریەکی پێویست:**

١- ئەگەر هاتوو فەرمانبەری ژن منداڵی بەمردوویی بوو یان دوای چەند رۆژێك مرد بەردەوام دەبێت لەمۆڵەتەکەی و ناپچڕێت.

٢- ئەگەر هاتوو فەرمانبەری ژن پێش تەواو بوونی ماوەی (٢١)رۆژەکە منداڵی بوو لە رۆژی مندال بوونەکە مۆڵەتی سک دەپچڕێت وە مۆڵەتی منداڵ بوون (٥١)رۆژەکە دەست پێدەکات بۆ نموونە/ فەرمانبەرێکی ژن دوای دە رۆژ لەمۆڵەتی سك و منداڵ بوون منداڵی بوو مۆڵەتەکەی دەبێت بە (١٠ + ٥١ =٦١ )رۆژ لەجیاتی (٧٢)رۆژ، بەڵام ئەگەر هاتوو لەکۆتایی مۆڵەتەکە یان چەند رۆژێك پێش کۆتای هاتنی مۆڵەتی سك و مندال بوون منداڵی بوو تەنها (٧٢)رۆژ وەردەگرێت هیچ قەربویەك ناکرێتەوە چونکە ئەمە بەرپرسیاریەتی فەمانگە نیە لایەنی پزیشکی و خودی فەرمانبەر بەرپرسیارن.

٣- ئەگەر فەرمانبەری ژن منداڵی جمکی (دووانە یان زیاتر)ی بوو ئەوە بەیەك منداڵ هەژمار دەکرێت بۆ مۆڵەتی سك و منداڵ بوون تەنیا ٧٢ رۆژ مۆڵەتی پێ دەدرێت چونکە ئەم مۆڵەتە بۆ حالەتی سك و مندال بوونە نەك لە سەر بنەمای ژمارەی منداله.

نموونەی:١

لەبەرواری ٢٠٠٨/٩/١ فەرمانبەرێکی ژن مۆڵەتی سك و منداڵ بوونی وەرگرت وە لەبەرواری ٢٠٠٨/٩/١٠ کورێکی بوو.

داواکاری: دەست نیشانی رۆژی دەست بەکاربوونەوەی بۆ بکە.

شیکار:

| تێبینی | بەروار |
|---|---|
| بەرواری وەرگرتنی مۆڵەتی سك و منداڵ بوون | ٢٠٠٨/ ٩ / ١ |
| بەرواری منداڵ بوون | ٢٠٠٨/ ٩ / ١٠ |
| | + ٥١ |

٥١ + مۆڵەتی منداڵ بوون

٦١ / ٩ / ٢٠٠٨

- ٦٠ /+٢ ریکخستنی بەروار

١ / ١١ / ٢٠٠٨ بەرواری دەست بەکاربوونەوەی

## چوارەم : مۆڵەتی عیدە ( اجازة العدة)

بە پێی بریاری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێرقی فیدرال ژمارە ١٢ ی سالی ٢٠٠٧ کە مادە ٤٣ یاسای راژەی شارستانی ژمارە ٢٤ ی سالی ١٩٦٠ پێی هەموار کردوە تیایدا هاتوە فەرمانبەری ژن ئەگەر هاوسەرەکەی مرد مافی هەیە مۆڵەتی عیدە وەربگرێت کە ماوەکەی (١٣٠)رۆژە بەمووچەی تەواو وە لە هۆکارەکانی دەرچونی بریارەکە گونجانە لەگەل شەریعەتی ئیسلامی پیرۆز کە خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لە سورەتی (البقرە)لە ئایەتی ژمارە ٢٣٤ ئاماژەی پێ کردووە کە دەفەرموێت ( والذین یتوفون منکم ویذرون ازواجا یتربصن بأنفسهن اربعة اشهر وعشرا) ماوەی عیدە لە قورئانی پیرۆزدا چوار مانگ و دە رۆژە کە کۆیەکەی بە رۆژ دەکاتە(١٣٠) وەلە صحیحی بخاری فەرمایشی ژمارە١٢٢١هاتوە پێغەمبەر دەفەرموێت : **لا یحل لامرأة تؤمن بالله والیوم الاخر ان تحد علی میت فوق ثلاث ،الا علی زوج، فانها تحد علیه أربعة أشهر وعشرا.**

وە بە رای من ئەم مۆڵەتە پاشەکەوت ناکرێت چونکە حالەتەکەو ماوەکەی لەیاسادا دەست نیشان کراون ، وە ئەگەر ژنەکە لەماوەی مۆڵەتەکەی دا دەست بەکاری وەزیفەکەی بێت پێش تەواو بوونی ماوەکەی ئەم مۆڵەتە دەپچرێت وە مافی نامێنێت پاشماوەکەی وەربگرێتەوە چونکە بە ئارەزوی خۆی دەست بەکار

بۆتەوە لە لایەك وە لەلای تریشەوە ماوەکە تەنها ١٣٠ رۆژە لە رۆژی مردنی هاوسەری ئەگەر ماوەکە تەواو بوو فەرمانبەرە ژنەکە پاساوی وەرگرتنی مۆلەتەکە لە دەست دەدات .

## پێنجەم : مۆلەتی دایکایەتی (اجازة الامومة)

فەرمانبەری ژن مافی هەیە مۆلەتی دایکایەتی وەربگرێت بۆ ماوەی سالێك بەمووچەی تەواو بۆ چاودێری کردنی ئەو منداڵەی کەتەمەنی (٤)ساڵی تەواو نەکردووە ئەگەر فەرمانبەری دایك مۆلەتەکە وەر نەگرێت بۆی پاشەکەوت ناکرێت وە (٤)چاریش دەتوانێت لەژیانی فەرمانبەری دا ئەم مۆلەتە وەربگرێت. لە عێراق ماوەکەی سالێکە شەش مانگ بە مووچەی تەواو وە شەش مانگیش بە نیوە مووچە بەلام لە هەرێمی کوردستان سالێکەو بە مووچەی تەواو.

### چۆنیەتی وەرگرتنی مۆلەتی دایکایەتی

١- دەبێت فەرمانبەری ژن داوای مۆلەت بکات لەبەرێوەبەرەکەی بەنووسین وە لەگەڵ داواکەی دا فۆرمی زانیاری منداڵ بوون هاوپێچ بکات وە تیایدا دەست نیشانی رۆژی دەست پێکردنی مۆلەنەکە دەکات.

٢- دەست نیشان کردنی رۆژی پێدانی مۆلەتەکە بەرێوەبەر دیاری دەکات وە دەتوانێت مۆلەتەکە دوابخات لەبەر بەرژەوەندی گشتی ، وە بۆ مۆستایان لەگشت قوناغەکانی خوێندن ئەم مۆلەتە لە (١/٩) دەست پێدەکات بەشێوەی گروپ ، وە بەپێی رێنمایی تایبەت کە لەلایەن هەردوو وەزارەتی خوێندنی بالا و وەزارەتی پەروەردە.

Scanned with CamScanner

٣- مامۆستایان یان فەرمانبەرانی ژن دەتوانن مۆڵەتی دایکایەتی وەربگرن دوای تەواوبوونی مۆڵەتی سك و منداڵ بوون راستەوخۆ لەم حالەتانەی خوارەوە:

أ- ئەگەر منداڵێکی نەخۆشی بوو پێویستی بەچاودێری کردنی بەردەوامی دایکی بوو بەپێی راپۆرتی پزیشکی فەرمی.

ب - ئەگەر منداڵکی کەم ئەندام یان شێواوی بوو.

ج - ئەگەر منداڵی جمکی (دووانە یان زیاتری) بوو.

د - جمکەکان هەریەکە بەتەنیا ئەژمار دەکرێن بۆ مۆڵەتی دایکایەتی.

## حالەتەکانی کۆتایی هاتنی مۆڵەتی دایکایەتی

١- ئەگەر هاتووفەرمانبەری ژن مۆڵەتی دایکایەتی وەرگرت وە لە ماوەی مۆڵەتی کاری کرد لەکەرتی تایبەت یان بەگرێ بەست لەفەرمانگەیەکی دەوڵەت لەرۆژی دەست بەکاربوونی لە کەرتی تایبەت یان لە لای دەوڵەت مۆڵەتەکەی دەپچرێت وە دەبێت ئەو مووچانەی وەری گرتوون بگەرێنێتەوە خەزێنەی دەوڵەت.

٢- ئەگەر هاتوو فەرمانبەری ژنی مۆڵەت پێدراو گەشتی بۆ دەرەوەی عێراق کرد بۆ گەشتیاری لەرۆژی سەفەرکردنی مۆڵەتەکەی کۆتایی پێدێت ، بەڵام ئەگەر هاتوو سەفەرەکەی بۆ چارەسەرکردنی خۆی بوو یان ئەو منداڵەی مۆڵەتی لەسەر وەرگرتوو ئەوە مۆڵتەکەی بەردەوام دەبێت.

Scanned with CamScanner

٣- ئەگەر هاتوو منداڵەكە تەمەنی (٤)ساڵی تەواوكرد دەبێت فەرمانبەرەكە دەست بەكاربێتەوە.

٤- ئەگەر هاتوو فەرمانبەرە ژنەكە لەماوەی مۆڵەتی دایكایەتی دا دەست بەكاربوو لەوەزیفەكەی لەڕۆژی دەست بەكاربوونی مۆڵەتی دایكایەتی دەپچڕێت وە بۆشی قەرەبوو ناكرێتەوە (كۆتای بە مۆڵەتەكەی دێت).

٥- ئەگەر هاتوو منداڵەكەی مۆڵەتی لەسەر وەرگرتووە مرد دەبێت دوای (٣)ڕۆژ فەرمانبەرە ژنەكە دەست بەكاربێتەوە وەك نەریتێك كە پرسە سێ ڕۆژە.

*چەند زانیاریەك :

١- فەرمانبەری ژن كە لەژێر چاودێری دایە مافی وەرگرتنی مۆڵەتی دایكایەتی هەیە ، بەڵام ماوەی چاودێری كردنەكەی درێژ دەكرێتەوە بەماوەی مۆڵەتەكە.

٢- سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەهەرێمی كوردستان بڕیاری داوە كەمۆڵەتی دایكایەتی بدرێتە ئەو فەرمانبەرە ژنەی كەمنداڵێكی نەخۆشی درێژخایەن یان پەككەوتەی هەیە (٦)مانگ بەمووچەی تەواو وە بۆشی درێژ دەكرێتەوە هەر (٦)مانگ جارێك بەپێی راپۆرتی پزیشكی ، هەتا منداڵەكەی چارەنووسی دیاری دەكرێت.

## شەشەم : مۆڵەتی خوێندن (الاجازة الدراسية)

فەرمانبەران مافیان هەیە مۆڵەتی خوێندنیان پێ بدرێت لەدەرچووانی ئامادەیی و بەرەو سەر بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامەیەكی بەرزتر لەبڕوانامەی

خۆیان وە بەمووچەی تەواو لە بواری پسپۆری خۆیان وە لەو بوارەی کـە ئێسـتا فەرمانگە سوودی لێ وەردەگرێت یان لە دوارۆژدا.

## جۆرەکانی مۆڵەتی خوێندن

### یەکەم/مۆڵەتی خوێندن لەدەرەوەی عێراق:

١- وەزیری پەیوەندار یان سەرۆکی فەرمانگەی نەبەستراوە بە وەزارەت یـان ئەوەی وەزیر دەسەلاتی پێ دەدات مافی هەیە مۆڵەتی خوێنـدن بداتـە ئەو فەرمـانبەرەی کە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسە وە (٢)سـاڵیش خزمـەتی وەزیفی هەیـە مۆڵـەتی خوێنـدنی پـێ بـدات بەمووچـەی بنـەرەتی و هـەمو دەرماڵـە چەسـپاوەکان[١] بـۆ بەدەسـت هێنـانی بڕوانامەیـەکی بـاڵا (دبلـۆمی بـاڵا ، ماجسـتێر ، دکتـۆراە ، ئـەو بڕوانامانەی لەئاستی ئەوان دان) بەماوەی خوێندن و فێربـوونی زمـان بەپێی ئەو مەرجانەی کە پەیرەو دەکرێن بۆ قوتابیانی نێردە (بعثات).

٢- فەرمانبەر مافی هەیـە داوای مۆڵـەتێکی تـری خوێنـدن بکـات بـۆ وەرگرتنی بڕوانامەیەکی باڵاتر بەهەمان مـەرجی کەلـەلقی یەکـەم دا هاتووە.

٣- دەکرێت ئەو مۆڵەتانـە بـۆ مـاوەی (١)سـال درێـژ بکرێتـەوە ئەگـەر پێویست بێت.

٤- دەکرێت مۆڵەتەکە بۆ ماوەی (٦) مانگ درێژ بکرێتەوە ئەگەر مۆڵەت

---

[١] الوقائع العراقية – العدد ٤١٣٣ – ٢٠٠٩/٨/١٧

پێدراو داوابکات وە دەبێت قوتابی پشگیری پێویستی هەبێت لە زانکۆیەکەی یان کۆلێجەکەی بەو ماوەیەی کە یاسا رێگەی داوە ئەگەر قوتابی نەیتوانی لە ماوەی مۆڵەتی خوێندن و درێژ کردنەوە بروا نامەی داواکراو بە دەست بێنێت شەش مانگی تر مۆڵەتی بۆ درێژ دەکریتەوە.

٥- ئەگەر فەرمانبەر نەیتوانی لەماوەی دیاری کراو( ماوەی مۆڵەت و درێژ کردنەوە) بڕوانامە بەدەست بهێنێت بۆ ماوەی ساڵێک دەکرێت پێشینەی مووچەی پێبدرێت وەکو قوتابی نێردە (بعثات) وە ئەم ساڵەی بەمۆلەتی بێ مووچەی بۆ هەژماردەکرێت وە دوای دەست بە کاربوونی لە وەزیفەکەی بە قیستی مانگانە لە مووچەی مانگانەی دەبرێت هەتا پێشینەکە تەواو دەبێت.

٦- ئەگەر هاتوو فەرمانبەر نەیتوانی بڕوانامەکە بەدەست بهێنێت واتا سەرکەوتو نەبوو دەبێت گشت ئەو مووچانەی وەری گرتوون بیگەڕێنێتەوە خەزێنەی دەوڵەت بەشێوازی قیستی مانگانە وە ماوەکەی بەمۆلەتی ئاسایی بێ مووچە بۆ هەژماردەکرێت جگە لەو نەخۆشیە نەبێت کە ببێتە رێگر بۆ تەواو کردنی خوێندن بەپێی راپۆرتی پزیشکی لە لیژنەی پزیشکی فەرمی یان بارو دۆخیکی تێک دەر کە رێگر بێت لە درێژەدانی خوێندن (وەك تێك چوونی باری ئاسایش لەو ولاتەی کە تیایدا دەخوێنێت یان رووداني کارەساتی سروشتی وەك زەمین لەرزەی تێك دەرو لافاو بای بەهیز) .

Scanned with CamScanner

٧- دەبێت فەرمانبەر كەفیلی هەبێت فەرمانبەرێكی پلە(١) یان بازرگانێكی پلە (أ) وە بەڵێن بدات كەدوای تەواو بوونی خوێندن بگەڕێتەوە عێراق وە دووبەرامبەری ماوەی خوێندنی خزمەتی فەرمانگەی بكات ، وە ئەگەر دەست بەكاری وەزیفەكەی نەبوو گشت ئەو خەرجیانەی لەفەرمانبەر خەرج كراون وە ئەو مووچانەی وەری گرتوون دەبێت بگەڕێنێتەوە خەزێنەی دەوڵەت خۆی یان كەفیلەكەی.

## *شێوازی ناردنەدەرەوە بۆ خوێندن

أ- نێردەی خوێندن (بعثات دراسیة)/ ناردنی قوتابیانە بۆ دەرەوەی وولآت لەسەر حسابی دەوڵەت بۆ خوێندن وە وەزارەتی خوێندنی باڵا ڕێنمایی تایبەتی هەیە بۆ خەرج كردن و دابین كردنی خەرجیەكانی خوێندنیان كە بریتین لە كرێی زانكۆ و فێربونی زمان و شوێنی حەوانەوەو خەرجی مانگانەی خوێندكاران وە ئێستا لە كوردستان پەیرەو دەكرێت لە لایەن وەزارەتی خوێندنی باڵآ و توێژینەوەی زانستی بە سیستمی تواناسازی گەنجان كە وەزارەت ناوی لێناوە وە ئەم سیستمە زۆر باشە بۆ دابین كردنی پێداویستیەكانی دام دەزگاكانی هەرێمی كوردستان لە زاناو هەلگرانی بروانامەی بەرز لە گشت پسپۆریەكان (زانستی یان ئەكادیمی).

ب- زەمالەی خوێندن (زمالات دراسیة)/ ناردنی قوتابی و فەرمانبەرانە بۆ خوێندن لەدەرەوەی وولآت لەسەر حسابی ئەو وولآتە یان ئەو كۆمپانیایەی یان ئەو دەستە خێرخوازەی كە كورسی خوێندن بەوولآتەكەمان دەبەخشێت.

ج- مۆڵەتی خوێندن (إجازة دراسية)/ مۆڵـەتی خوێنـدن بەفەرمانبـەران دەدرێت بەمووچەی بنەرەتی و دەرماڵە چەسپاوەکان ئەم مۆڵەتە بەماوەی خوێندن و فێربونی زمانە.

## دووەم/ مۆڵەتی خوێندن لەناوەوەی عێراق

١- وەزیری پەیوەندار یان سەرۆکی فەرمانگەی نە بەستراوە بە وەزارەت یان ئەوەی وەزیر دەسەڵاتی پێـی دەدات مـافی هەیـە هـەر فەرمانبـەرێك (٢)ساڵ خزمەتی فەرمانبەرایەتی هەبێت مۆڵەتی خوێندنی پێ بدات لەناوەوەی عێراق بەمووچەی بنەرەتی و و دەرماڵە چەسپاوەکان ، بـەو ماوانەی خوارەوە:

أ- مۆڵەتی خوێندن بەماوەی خوێندن بۆ بەدەست هێنـانی بڕوانامـەی (دبلۆمی باڵا ، ماجستیر ، دکتۆرا ، ئـەو بڕوانامانـەی لەئاسـتی ئەوان دان) وە مافی درێژکرنەوەیان هەیە بۆ ماوەی ساڵێك ئەگەر پێویست بکات.

ب - بۆ ماوەی (٢)ساڵ بۆ بەدەست هێنانی بڕوانامـەی (دبلـۆم) دوای خوێندنی ئامادەیی.

ج - بۆ ماوەی (٤)ساڵ یان (٥)ساڵ یان (٦)ساڵ بۆ بەدەست هێنـانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس دوای خوێندنی ئامادەیی بەپێی ماوەکانی خوێندن لە کۆلیجەکان.

٢- دەبێـت بابـەتی خوێنـدن پەیوەنـدی هـەبێت بەئەرکـەکانی وەزیفـەی فەرمانبەر یان پسپۆری وەزارەتەکەی لەبواری پراکتیکـی و زانسـتیەوە

Scanned with CamScanner

یـان لـەدوای تـەواو کردنـی بڕوانامەکـەی فەرمانگەکـەی سـوودی لەپسپۆریەکەی وەربگرێت لەپلانێکی داهاتوویاندا.

٣- ماوەی مۆڵەتی خوێندن بەخزمەت هەژمار دەکرێت بۆ هەموو شتێك.

٤- دەبێت فەرمانبەر بەڵێن نامەیەك بنووسێت کە دوو بەرامبەری مـاوەی خوێندن لەپاش وەرگرتنی بڕوانامە خزمەتی فەرمانگەکەی بکات.

٥- ئەگەر هاتوو فەرمانبەری مۆڵەت پێدراو سەرکەوت و نەبوو لەخوێندن دەبێت گشت ئـەو مووچـانەی وەری گرتـوون بیگەڕێنێتـەوە خەزێنـەی دەوڵەت بەشێوازی قستی مانگانە وە ماوەکەش بەمۆڵەتی بێ مووچـە هەژمار دەکرێت جگە لە نەخۆشی رێگر لە تەواو کردنی خوێنـدن بـە راپۆرتی لیژنەی پزیشکی فـەرمی یـان کارەسـاتی ر ێگـر لـە درێـژە پێدانی خوێندن.

٦- ئەگەر هاتوو فەرمانبـەر سـاڵێك دواکـەت بـەهۆی کـەوتن مـانگانـە مووچەی پێدەدرێت بەڵام وەکو پێشینە لەسەری تۆمـار دەکرێـت دوای تەواوکردنی خوێندن دەبێت بەقستی مانگانە بیداتـەوە وە ساڵەکەشـی بەمۆڵەتی بێ مووچەی بۆ هەژمار دەکرێت.

٧- ئەگەر فەرمانبەری مۆڵەت پێ دراو بڕوانامەیـەکی نـزمتری وەر گـرت لەو بڕوانامەی مۆڵەتی بۆ وەر گرتبوو ئەو ماوەی زیـاترە لـە مۆڵەتـە نزمەکە بۆی هەژمار ناکرێت بۆ سەرموچەو بەرزبونەوە

٨- ئەو فەرمانبەرەی لە مـاوەی دیـاری کـراو بڕوانامـە بەدەسـت دێنێـت لەناوەی عێراق یان لە دەرەوەی ئەم جیاوکانەی خوارەوەی پـێ دەدرێـت جگە لەوانەی یاسا بۆی دەست نیشان کردون :

أ - ئەگەر پێش کۆتای هاتنی ماوەکەی بروانامەی وەر گرت ئەو ماوەیەی ماویەتی بۆی بە پێشخستن هەژمار دەکرێت بۆ سەرموچە یان پلە بەرزبونەوەو پایە بەرزبونەوەو خانەنشین کردنی.

ب - ئەگەر بروانامەی بە پلەی زۆر باش یان نایاب بەدەست هێنا مۆلەتی پێ دەدرێ بۆ بە دەست هێنانی بروانامەیەکی بەرزتر راستەو خۆ لە ناو عێراق و دەرەوەی.

*تێبینی/

وەزارەتی پلان دانان بەهاوکاری وەزارەتی خوێندنی بالا وە بەراوێژ لەگەڵ گشت وەزارەتەکان پێداویستیەکانی وولات دەست نیشان دەکەن لەکورسیەکانی خوێندن وە پسپۆریەکانیان.

## حەوتەم : مۆلەتی هاوەڵی ( اجازة المصاحبة)

مۆلەتی هاوەلی مافێکە لە مافەکانی فەرمانبەر بە هەردوو رەگەز پێشان تەنها بە فەرمانبەری ژن دەدرا بچێتە لای هاوسەرەکەی بەلام ئێستا بۆ هەردوو رەگەزە .

وەزیر یان سەرۆکی فەرمانگەی نەبەستراوە بە وەزارەت بۆی هەیە مۆلەتی هاوەڵی بە فەرمانبەر بدات بۆ ئەوەی بچێتە لای هاوسەرەکەی کە لە دەرەوەی وولات کاردەکات لەیەکێك لەدام و دەزگاکانی عێراق یان مۆلەتی خوێندنی هەیەلەدەرەوە یان بۆ چارەسەرو ئیفادی فەرمی چووە ماوەکەی لە سالێك بەرەو سەرە .

Scanned with CamScanner

## مووچەی مۆڵەتی هاوەڵی

مۆڵەتی هاوەڵی مۆڵەتێکی ئاساییە بێ مووچەی بێ ماوەیە بەڵام وەزیر بۆی هەیە ئەو فەرمانبەرەی مۆڵەتی هاوەڵی وەردەگرێت هەموو مۆڵەتی ئاسایی پاشەکەوت کراوی بەمووچەی تەواو پێبدرێت لەدەست پێکی مۆڵەتەکە بەمەرجێك لە (١٨٠)رۆژ زیاتر نەبێت وە لەدوای تەواو بوونی دەبێتە بێ مووچە.


## مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی هاوەڵی

١- دەبێت ئەو فەرمانبەری داوای مۆڵەتی هاوەڵی دەکات (٢)ساڵ خزمەتی وەزیفی هەبێت.

٢- ئەو مۆڵەتە قوتابییانی (بعپات و زملات) و مۆڵەت پێدراوانی خوێندن و توێژەران و نەخۆشەکان دەگرێتەوە کە لەدەرەوەی عێراق چارەسەر دەکرێن بەمەرجێك ماوەی مانەوەی ناوبراوان لەدەرەوە لەساڵێك زیاتر بێت.

٣- ئەگەر هاتوو فەرمانبەری مۆڵەت پێدراو دەست بەکاربۆوە لەفەرمانگەکەی مافی نیە جارێکی تر مۆڵەت وەربگرێتەوە بەبێ خزمەت کردنی (٢)ساڵی تر لەناو عێراق.

٤- ئەم مۆڵەتە بۆ هەر وڵاتێك یەك جار بەفەرمانبەر دەدرێت بەڵام ئەگەر هاوسەرەکەی گواسترایەوە لەووڵاتێك بۆ وڵاتێکی تر مۆڵەتەکەی بەردەوام دەبێت.



Scanned with CamScanner

## خزمەتی مۆڵەتی هاوەڵی

١- مۆڵەتی هاوەڵی مۆڵەتێکی بێ مووچەیە بەخزمەت هەژمار ناکرێت.

٢- مۆڵەتی هاوەڵی بەخزمەتی تەواو هەژمار دەکرێت لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

أ- ئەگەر هاتوو ئەو فەرمانبەرە دەستی بەخوێندن کرد وە بڕوانامەیەکی باڵاتری لەبڕوانامەکەی خۆی وەرگرت لەسەر خەرجی خۆی ماوەی خوێندنەکە بەخزمەت هەژمار دەکرێت.

ب - ئەگەر هاتوو فەرمانبەری مۆڵەت پێدراو بوو بەمامۆستا بەیەکێك لەقوتابخانەکان عێراقی لەدەرەوەی عێراق.

ج - ئەگەر هاتوو بوو بەفەرمانبەر بەشێوەیەکی کاتی لەیەکێك لەدام و دەزگاکانی عێراقی لەدەرەوە لەجیاتی فەرمانبەرە بیانیەکان.

## هەشتەم : مۆڵەتە تایبەتیەکان ( الاجازات الخاصە )

مۆڵەتی تایبەتی/ بەشێکە لەمۆڵەتی ئاسایی بەمووچەی تەواو بەڵام لەسەر داوای فەرمانبەر وە لەکاتی دیاری کراوی ئەم مۆڵەتانەی پێدەدرێت وەك (مۆڵەتی حەج کردن ، مۆڵەتی هاوسەرگیری) بۆ نمونە ناکرێت مۆڵەتی حەج کردن بە فەرمانبەر نەدرێت چونکە حەج کردن ماوەی دیاری کراوی هەیە هەر وەکو خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت ( الحج اشهر معلومات).

### مافی مۆڵەتی تایبەتی مامۆستایان لەگشت قۆناغەکانی خوێندن

١ - مامۆستایانی زانکۆ مافی مۆڵەتی تایبەتیان هەیە لە ماوەی ساڵی خوێندن (١٥)ڕۆژ بەمووچەی تەواو وە بۆیان پاشەکەوت دەکرێت وە دەبێ

Scanned with CamScanner

بەشێوەی پچڕپچڕ پێیان بدرێت وەنابێت لە ماوەی سالی خوێندن لە (٣٠) ڕۆژ زیاتر مۆلەتیان پێ بدرێت ئەگەر پاشەکەت کراویشیان هەبێت,١٤

٢ - مامۆستایانی سەرەتایی و ناوەندنی و ئامادەیی و وە پەیمانگاکانی سەر بەوەزارەتی پەروەردە مافی مۆلەتی تایبەتیان هەیە بۆ ماوەی (٧)ڕۆژ لەساڵی خوێندن دەبێت بەشێوەیەکی پچڕپچڕ وەری بگرن وە بۆیان پاشەکەوت ناکرێت.

٣ - ئەگەر فەرمانبەرێك گواسترایەوە بۆ سەرمیلاکی وەزارەتی پەروەردە یان خوێندنی بالا وەك مامۆستا مۆلەتە پاشەکەوت کراوەکانی لەگەڵی دەگوازرێتەوە بۆی هەیە وەریان بگرێت لەماوەی ساڵی خوێندن بەمەرجێك ڕەوتی خوێندن تێك نەچێت.

# باسی پانزەم

# پشووی قوتابخانەکان/ پشووی خوێندن

## (العطل المدرسية)

مامۆستایان لەگشت قۆناغەکانی خوێندن مافی وەرگرتنی پشووی خوێندنیان هەیە بەتایبەتیش پشووی هاوینە کە ماوەکەی (٢)مانگە لە (١/٧/ هەتاکو ٣١/٨) ، وە ئەم پشووە بەمووچەی تەواوە وە بەخزمەت ئەژمار دەکرێت بۆ هەموومەبەستێك بەچەسپاندنیشەوە بەڵام پشووی بەهاری ماوەکەی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا دەست نیشانی دەکەن وە ماوەکەی زۆرجار (٢)هەفتەیە.

***چەند زانیاریەك دەربارەی پشووی خوێندن/**

پشووی بەهاری لەهەرێمی کوردستان ئێستا لە (٣/١١ دەست پێدەکات هەتا ٣/٢٤) بەردەوام دەبێت.

پشووی بەهاری لەعێراق زۆربە سالەکان لە ١ /٢ دەست پێ دەکات بۆ ماوەی دوو هەفتە.

## چۆنیەتی وەرگرتنی پشووی خوێندن

ئەم پشووە دوای تەواوبوونی خوێندن و ئەنجام دانی تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ ئەم پشووە لە (١/٧)ەوە بۆ مامۆستایان دەست پێدەکات بەڵام ئەگەر هاتوو قوتابخانەکەی یان کۆلیژەکەی یان پەیمانگاکەی پێویستی بەراژەی

ئەم مامۆستایە هەبوو دەکرێت رابسپێردرێت بۆ ئەنجامدانی کارکردن لەلایەن وەزیری پەیوەند دار یان ئەو کەسەی وەزیر دەسەلاتی پیێ دەدات بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی خوێندن و فێرکردن لەماوەی پشووەکەدا بەمەرجێك ماوەی پشووی نابێت لە (٤٥)رۆژ کەمتر بێت ، بەلام یاسای خوێندنی بالا لەکوردستان و لەعێراق رێگای داوە بەراسپاردنی مامۆستایان بەکارکردن لەکۆلیژ و پەیمانگاکان لەماوەی پشووی هاوینە وە لەبەرامبەری دا دەبێت قەرەبووی پشووەکەی بۆ بکرێتەوە لەسالی خوێندنی داهاتووی بەمەرجێك رێرەوی خوێندن ئالۆز نەکات یان مانگانی پشوو مووچەی دوو بەرامبەری (دبل)ی پێبدرێت ، وە یان مۆلەتەکەی بۆ پاشەکەوت دەکرێت وەك مۆلەتی ئاسایی[١].

# باسی شانزەم

## پشووە فەرمیەکان (العطل الرسمیة)

یاسای راژەی شارستانی باسی پشوە فەرمیەکانی نەکردوە بەلام باسی جەژنەکان و پشوەکان لەیاسای پشوە فەرمیەکانی ژمارە (١١٠) سالی ١٩٧٢ هەموار کراودا هاتوە کە دابەشی ٣ جۆر کراون بەم شێوەیەی خوارەوە:

١ – پشوە فەرمیە گشتیەکان کە گشت فەرمانگەکانی دەولەت دەگریتەوە بریتین لە (رۆژی هەینی و رۆژی شەممەلە هەر هەفتەیەك دا وە ٣ رۆژ جەژنی رەمەزان وە ٤ رۆژ جەژنی قوربان وە یەکی محرم (سەری سالی کۆچی) وە ١٠ محرم وە یەکی کانونی دووەم (سەری سالی زایینی) وە (١٢) ربیع الاول (جەژنی لە دایك بوونی پێغەمبەر درودوو سەلامی خودای لێ بێت وە (٦) کانونی دووەم (جەژنی دامەزراندنی سوپای عێراق) وە(٢١)ئازار( یەکی نەورۆز جەژنی سەری سالی کوردی) وە ١٤ ی تەموز یادی شۆرشی عێراق و گورینی سیستەمی حوکمرانی لە عێراق لە پاشایەتی بۆ کۆماری ،وە لە هەرێمی کوردستان ئەم پشوانەی خوارەوەش پشووی فەرمین:

أ – رۆژی ٥ ئازاری یادی راپەرین.

ب – رۆژی ١٤ ئازار جەژنی دارو درەخت .

ج – رۆژی ٩ ی نیسان یادی پرۆسەی ئازادی عێراق.

د – رۆژی ١٨ ی نیسان جەژنی ئێزیدیەکان.

هـ – رۆژی ٢٥ ی کانوونی یەکەم جەژنی لەدایك بوونی حەزرەتی عیسا

سەلامی خودای
لەسەربێت.

و — پشووی جەژنی نەورۆز لە کوردستان ٣ ڕۆژە لە ڕۆژانی ٢٠ و٢١ و ٢٢ ئازار

ز — ڕۆژی ١١ ئەیلول یادی پەرپابوونی شۆرشی کورد.

٢ - پشووە فەرمیەکان بۆ ئایین و تایفەکان جگە لەموسلمانان

أ. (٣)ڕۆژ پشوو بۆ کریستیانەکان لەڕۆژی (١٢/٢٥/ــــ) لەهەر ساڵێك وە (٢)ڕۆژیش لەمانگی نیسان.

ب. (٥)ڕۆژ بۆ جوولەکەکان جەژنی (فصح ، المظلة ،الكفارة ).

ج. (٦)ڕۆژ بۆ سوبیەکان (صبیەکان) (٢)ڕۆژ جەژنی گەورە ، (١)ڕۆژ جەژنی بچووك ، (١)ڕۆژ جەژنی لە دایك بونی حەزرەتی یەحیا (٢)ڕۆژ جەژنی (البنجە).

د. (١٤)ڕۆژ بۆ یەزیدیەکان بریتیە لەیەکەم هەینی مانگی کانونی یەکەمی شەرقی ، (٤شەممەی یەکەمی)نیسانی شەرقی (١٨-٢١)ڕۆژ تموزی (٢٣- ٣٠)ئەیلول .

٣ — پشوە کاتیەکان کە یاسا دەسەلاتی بە سەرۆکی کۆمار داوە هەر ڕۆژێك بکا بە پشووی فەرمی ئەگەر پێویست بکات وە ئەم پشوە دووبارە نەبێتەوە لە سالی داهاتو وە ماوەی پشوەکان لە سالێکدا (٧) ڕۆژ زیاتر نەبن بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم برگەیە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە حکومەتی فیدرال وەسەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە هەرێمی کوردستان ئەم مافەیان هەیە وەك شیکردنەوەیەك بۆ ئەم برگە یاسایە

# بەشی سێ یەم

## کوتایی هاتنی پەیوەندی نێوان فەرمانبەرو فەرمانبەرایەتی (الموظف و الوظیفة)

لە چەند حالەتێك دا کۆتای بە پەیوەندی نێوان فەرمانبەرو فەرمانبەرایەتی دێت کە بریتین لەم حالەتانەی خوارەوە ئەمانەش بە ماف هەژماردەکرێن بۆ فەرمانبەر ئەگەر بەپێی یاسا بێت یان بە رەزامەندی نووسینی فەرمانبەر بێت:

١ – دەست لەکار کێشانەوە

٢ – دوور خستنەوە لە راژە (الاستغناء عن الخدمات)

٣ – نەمان و یەکگرتنەوەی میلاك ( حذف ودمج الميلاك)

٤ – خانەنشین کردن ( التقاعد )

٥ – مردن ( الموت)

٦ – جیاکردنەوە ( العزل)

Scanned with CamScanner

# باسی یەکەم

## مافی دەست لەکارکێشانەوە ( الاستقالة )

لە مادە (٣٥) لە یاسای راژەی شارستانی ژمارە ٢٤ی سالی١٩٦٠ هەموار کراو هاتووە کە فەرمانبەر مافی هەیە دەست لەکار بکێشێتەوە لەسەر داوای خۆی وە ئەم داوایەی لەیەکەی هاوردە تۆمار بکرێت ، وە دەبێت لەماوەی (٣٠)رۆژدا بەرپرسی فەرمانگەکە رای خۆی لەسەر دەست لەکار کێشانەوەکە دەرببڕێت ، ئەگەر رەزامەندی دەربڕی پێش تەواو کردنی (٣٠)رۆژەکە دەکرێت فەرمانبەر دەست لەکار هەڵگرێ ، بەڵام ئەگەر بەرپرسی فەرمانگە وەڵامی داواکەی نەداوە دوای تێپەر بوونی (٣٠)رۆژەکە فەرمانبەر بۆی هەیە دەستی لەکار هەڵگرێ وە بەدەست لەکار کێشانەوە ئەژمار دەکرێ بەپێی یاسا بەو نەریتەی کە بێ دەنگی نیشانەی رازی بوونە.

فەرمانبەر دەبێت لەداواکەی دا رۆژی دەست لەکار هەڵگرتنی دەست نیشان بکات ئەگەر فەرمانگەکە وەڵامی داواکەی نەداوە دەتوانێت لەو رۆژەی کە لەداواکەی دەست نیشانی کردوە دەست لەکار هەڵبگرێ ، وە بەدەست لەکار کێشانەوە ئەژمار دەکرێت بەپێی یاسا.

### *چەند زانیاریەکی پێویست

١ - فەرمانبەر مافی هەیە داواکەی بکێشێتەوە پێش ئەوەی بەڕێوەبەر رای خۆی لەسەر دەربڕێ وە بەرای من پێویستە وەزیر یان بەڕێوەبەر بەبێ بینینی راستەو خۆی فەرمانبەر نابێت رای خۆی دەربڕێت لە سەر داوای

Scanned with CamScanner

فەرمانبــەر چــونکە زۆر جــار فەرمانبــەر لــە حالــەتی بێزاریــەك لــە بەرپرسێکی فەرمانگە یان هەلچوون دەست لەکار کێشانەوەی دەنووسێت بەلام پاش ساردبوونەوەی پەشیمان دەبێتەوە من بە باشــی دەزانم رەچاوی ئەم حالەتانەی فەرمانبەران بکرێت .

٢ - ئەگــەر هــاتوو بەرپرســی فەرمانگــەی رازی نــەبوو لەســەر دەســت لەکارکێشانەوەکە فەرمانبەر بۆی نیە فەرمانگە جێ بهێڵێ .

٣- فەرمانبەری دەست لەکارکێشاوە هەموو مافەکانی لەدەســت دەدا ، وەك پاداشتی مۆلەتی پاشــەکەوت کــراو ، پاداشــتی خانەنشــینی جگــە لــە دامەزراندنی بەوەزیر یان بوونی بەئەندام پەرلەمان لەسەر ئاستی عێراق یان لەهەرێمی کوردستان مافــەکان لــە دەســت نــادات ( ئــەم برگەیــە هەموار کراوە کــە فەرمانبــەری دەســت لــەکار کێشــاوە بــە رەزامەنــدە فەرمانگەکەی مافی وەرگــرتنی مووچــەی مۆلــەتی پاشــەکەوت کــراوی هەیە)[1].

٤- فەرمانبەری دەست لەکارکێشــاوە ئەگــەر هــاتوو دووبــارە دابمەزرێتــەوە دەبێت لاری نەبوونی فەرمانگەی پێشوو وەربگرێت وە ئەگەر پێویســتیان بە راژەی بوو خۆیان دووبارە دای دەمەزرێنەوە.

# حالەتەکانی دەست لەکارکێشانەوە بەحوکمی یاسا

١- ئەگەر هاتوو فەرمانبەر راژەکەی گواستراوە بۆ فەرمانگەیەکی تر دەبێت دەست بەکاری وەزیفە بێت لەفەرمانگە تازەکەی لەماوەی (٥)رۆژدا جگە لەرۆژانی سەفەر ئەگەر لە فەرمانی گواستنەوەی دا ماوەیەکی تر دەست نیشان نەکرابێت، ئەگەر دەست بەکار نەبوو لەم ماوەیەدا دەبێت ووشیار بکرێتەوە کە لەماوەی ٧ رۆژدا دەست بەکاری فەرمانبەرایەتیەکەی بێت بە پێچەوانەی بەدەست لەکارکێشاوە بەحوکمی یاسا هەژماردەکرێت.

٢- ئەگەر هاتوو فەرمانبەر مۆلەتی درێژ خایەنی وەرگرت دوای تەواو بوونی مۆلەتەکەی بەبێ پاساوی شەرعی دەست بەکارنەبوو لەوەزیفەکەی هۆشیار دەکرێتەوە لەماوەی (٧)رۆژدا ئەگەر لەناوەوەی عێراقە وە لە ماوەی (٣٠)رۆژدا ئەگەر لەدەرەوەی عێراقە یان شوێنی نیشتەجێبوونی دیار نەبێت دەبێت دەست بەکاری وەزیفەکەی بێت بەپێچەوانە بەدەست لەکارکێشاوە بەحوکمی یاسا هەژمار دەکرێت.

٣- ئەگەر هاتوو فەرمانبەر دەوامی جێ هێشت بەبێ پاساوی رەوانی ( بدون عذر شرعی) و بەردەوام بوو لەنەهاتن دەبێت فەرمانگەکەی ووشیاری بکاتەوە کە دەست بەکاربێتەوە لەوەزیفەکەی لە ماوەی (٧) رۆژدا ئەگەر دەست بەکار نەبوو بەدەست لەکارکێشاوە بەحوکمی یاسا هەژماردەکرێت.

٤- ئەگەر فەرمانبەر شوێنی نیشتەجێبونی دیار نەبوو بە هۆی ریکلام کردن لە رۆژنامە ناوخۆیەکان هوشیار دەکرێتەوە وە رۆژی بلاوبونەوەی ریکلامەکە بەرۆژی دەست پێکردنی هوشیارکردنەوە دادەنرێت .

٥- ماوەی هوشیارکردنەوە کە تیایدا فەرمانبەر دەست بە کار دەبێتەوە بە مۆلەتی ئاسایی بە مووچەی تەواو هەژمار دەکرێت ئەگەر مۆلەتی پاشەکەوت کراوی هەبێت وە ئەگەر مۆلەتی پاشەکەوت کراوی نەبێت بۆی بە مۆلەتی ئاسایی بێ مووچە هەژمار دەکرێت ،

ئەو فەرمانبەرانەی دەست لەکار دەکێشنەوە بەپێی یاسا وە (١٥) ساڵ خزمەتیان هەبوو دوای تەواو کردنی تەمەنی (٥٠) ساڵ فەرمانبەر مافی هەیە داوای خانەنشین کردن بکات لەفەرمانگەکەی یان ئەو جۆرە فەرمانبەرانە کۆچی دوایان کرد جێماوەکانیان مافی مووچەی خانەنشینیان هەیە ئەگەر پێش تەواوکردنی تەمەنی (٥٠) سالیش کۆچیان کردبێت بەلام دەبێت خزمەتیان لە (١٥) کەمتر نەبێت.

# باسی دووەم

## نەمان و یەکگرتنەوەی میلاك ( حذف ودمج الملاك )

لەکاتی دامەزراندنی فەرمانبەر دەبێت پلەیەکی بەتاڵ هەبێت لەمیلاکی فەرمانبەران لەوەزارەت یان لەفەرمانگە ، بەڵام ئەگەر هاتوو وەزیفەکان نەمان، لێرەدا فەرمانبەر زیاد دەبێت لەمیلاکی وەزارەت دەبێت کێشەکە چارەسەر بکرێت ، وە نەمانی میلاك بەهۆی دووبارە ڕێکخستنەوەی هەیکەلی ڕێکخستنی وەزارەت یان فەرمانگە ڕوودەدات یان پێویستی نەمان بەفەرمانگەیەك یان بەشێك لەفەرمانگەکە یان یەکگرتنەوەی دوو وەزارەت یان دوو فەرمانگە وە بوون بەیەك.

## چارەسەرکردنی کێشەی فەرمانبەران بەهۆی نەمانی میلاك و یان یەکگرتنەوەی

لە شێوازی چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە مافی فەرمانبەر ڕەچاو دەکرێت وە نابێت پێشێلی مافی بکرێت لە لایەن وەزارەت یان فەرمانگە وە بەم شێوەیەی خوارەوە مافەکانی دابین دەکرێت:

١- ئەو فەرمانبەری وەزیفەکەی لەدەست دەدات لەبەر ئەم هۆیە ڕاژەکەی دەگواسترێتەوە بۆ شوێنێکی تر ئەگەر وەزیفەیەکی بەتاڵ هەبوو بەهەمان پلە.

٢- گواستنەوەی فەرمانبەر بۆ پلەیەکی نزم تر ئەگەر پلەیەکی نزم تر لەمیلاك بەتاڵ هەبوو بەمەرجێك فەرمانبەر بەنووسین پێی رازی بێت.

٣- خانەنشین کردنی فەرمانبەر وە پێدانی گشت مافەکانی بەتایبەتی مووچەی مۆڵەتی ئاسایی پاشەکەوت کراوی بەمەرجێك لە (١٨٠)رۆژ زیاتر نەبێت ، وە ئەگەر هاتوو فەرمانبەرەکە خزمەتی (١٥)ساڵ زیاتر بوو مووچەی خانەنشینی بۆ تەرخان دەکرێت وە ئەگەر خزمەتی لە (١٥)ساڵ کەمتر بوو پاداشتی خانەنشینی پێ دەدرێت.

Scanned with CamScanner

## باسى سێ یەم

# مافى خانەنشین كردن (التقاعد)

خانەنشین كردن حالەتێكە لەحالەتەكانى كۆتایى هاتنى پەیوەندى نێوان فەرمانبەر و فەرمانبەرایەتى كەفەرمانبەر خانەنشین دەكرێت لەبەر تەواوكردنى تەمەنى یاسایى یان خزمەتى زۆرى یان نەخۆشى یان مردن یان حالەتێكى تر ئەگەر لە یاسادا ئاماژەى پێ بكرابێت وە فەرمانبەرى خانەنشین كراو مافى خۆى وەردەگرێت خۆى یان جێماوە شایستە بووەكانى كە بریتیە لە مووچەى خانەنشینى یان پاداشتى خانەنشینى بەپێى یاسا.

خانەنشین كردن مافێكە لە مافەگرنگەكانى فەرمانبەر وە ئەم مافەش بە یاسایەكى تایبەت داین كراوە كە یاسایى ژمارە ٢٧ سالى ٢٠٠٦ هەموار كراوە بە ناوى یاساى خانەنشین كردنى یەكگرتوو كە بەدرێژى مادەكانى باس دەكەین لەگەل ئەو كەلێنانەى لە یاسایەكەدا هاتوون.

## ووشەو زاراوەى بەكارهاتوو لەیاساى خانەنشینى یەكگرتوو

لەیاساى خانەنشینى یەكگرتووى ژمارە ٢٧ سالى ٢٠٠٦ هەمواركراودا چەند ووشەو زاراوە هاتوون كە مەبەستى یاسادانەرى عێراقى ئەمەى خوارەوەیە كە بەرامبەر هەر یەكیان دیار كراوە:

وەزارەت: لە هەر شوێنێك هاتبێ مەبەستى وەزارەتى داراییە

**دەستە:** مەبەست دەستەی خانەنشینی نیشتمانیە کە بەپێی ئەم یاسایا دادەمەزرێت

**سەرۆکی دەستە:** فەرمانبەرێکە بە پلەی بریکاری وەزارەت کە سەرۆکایەتی دەستەی پێ دەسپێردرێت

**فەرمانبەر:** هەرکەسێك فەرمانبەرایەتیەکی پێ پسپێردرێت لە ناو میلاکی فەرمانبەرایەتی شارستانی یان سەربازی یان هێزی ناوخۆ کە مووچەی لە دەولەت وەربگرێت وە گلدانەوەی خانەنشینی لە مووچەی مانگانەی ببردرێت وە ئەم پێناسەیە کەرتی گشتیش دەگرێتەوە ئەگەر دەقێکی یاسایی نەهاتبێك بە پێچەوانەی.

**مووچەی فەرمانبەرایەتی:** مەبەست مووچەی بنەرەتیە بەبێ دەرمالەکان کە فەرمانبەر لە ماوەی خزمەتی خانەنشینی وەریان دەگرێت مانگانە.

**جێماوەکان :** ئەندامانی خێزانی فەرمانبەرن یان خانەنشین کراون کە جێگاە دەگرنەوە لە کاتی مردنی بە پێی ئەوەی کە لە یاسادا دەستنیشان دەکرێن.

**لێژنەی پزیشکی:** ئەو لێژنەفەرمییەیە کە لەوزارەتی تەندروستی پێك دەهێندرێت بۆ مەبەستی پشکنین و بریاردان لە رەوشی تەندروستی فەرمانبەر بۆ مەبەستی خانەنشینی.

**مافەکانی خانەنشینی:** بریتیە لە مووچەی خانەنشینی یان پاداشتی خانەنشینی کامەیان شایستە ببێت دوای خانەنشین کردنی .

**راژەی خانەنشینی ( خزمەتی خانەنشینی):** ئەو خزمەتەیە کە هەژمار دەکرێت بۆ خانەنشینی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

Scanned with CamScanner

**دەرامەتی تایبەت:** ئەو کۆژمەیە یان ئەو مووچەیە کە کەمتر نەبێت لە لایەنی کەمی مووچەی خانەنشینی خێزان. بۆ نموونە ئەگەر شایستەبووی مووچەی خانەنشینی لە جێماوەکانی خانەنشین کراو لەکەرتی تایبەت کار بکەن بە کارێکی بیمە کراو وە مووچەی مانگانەی لە مووچەی خانەنشینی خێزان زیاتر بوو بە خاوەن دەرامەتی تایبەت هەژمار دەکرێت بەڵام ئەگەر کەمتر بوو بە خاوەن دەرامەتی تایبەت هەژمار ناکرێت.

**شایستە بوو:** ئەوەی شایستەی مافەکانی خانەنشین دەبێت لە جێماوەکانی خانەنشین کراو بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**بەشی خانەنشینی:** ئەو بەشەیە کە مانگانە بەبەر شایستەبووی مووچەی خانەنشینی دەکەوێت.

**خانەنشین کراو:** ئەو کەسەیە کە مووچەی خانەنشین وەردەگرێت بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە یان شایستەی پاداشتی خانەنشینی دەبێت لە بڕی راژەکەی ئەگەر شایستەی مووچەی خانەنشینی نەبێت.

## حالەتەکانی خانەنشین کردن

لە یاسای خانەنشین کردنی یەکگرتووی ژمارە ٢٧ ساڵی ٢٠٠٦ هەموارکراودا هاتوە فەرمانبەران لەم حالەتانەی خوارەوە خانەنشین دەکرێن کە لە برگە (١) دووەم تا چوارەم هاتوە :

١- هەر فەرمانبەرێك تەمەنی (٦٣)ساڵی تەواوکرد خانەنشین دەکرێت وە بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هەیە لە سەر پێشنیاری وەزیری پەیوەندار یان سەرۆکی فەرمانگەی نەبەستراوە بە وەزارەت فەرمانبەر دوای تەواو کردنی تەمەنی (٦٣) درێژە بە خزمەتی بدات بە مەرجێك

له (٣) سال زیاتر نەبێت جگە لەو فەرمانبەرانەی کە بەیاسای تایبەت ماوەی تەمەنیان درێژکراوەتەوە وەك مامۆستایانی زانکۆ هەتا تەمەنی ٦٥ سال بۆ ٧٠ سال وە ووتار بێژ و پێش نوێژ خوێنەکان بۆ تەمەنی (٧٠)ساڵی درێژکراوەتەوە لە هەرێمی کوردستان. بەرای من ئەم برگەیە بۆ هەندێك حالەتی ناشایستە بەکار دێت بە درێژکردنەوەی ماوەی تەمەنی خانەشینی بۆ (٣) سال بۆ زۆر لە فەرمانبەران درێژ دەکرێتەوە شایستەی درێژ کردنەوە نین وە بۆ ئەوانەی شایستەی درێژکردنەوەن بۆیان درێژ ناکرێتەوە وە بەگشتی زیادکردنی تەمەنی خانەنشینی زیان بە پرۆسەی دامەزراندن و پایە بەرزکردنەوە دەگەینێت چونکە دەبێتە رێگر لە سورانی کارمندان دەبێت سالانە ئەوەی تەمەنی ٦٣ سال تەواو دەکات خانەنشین بکرێت بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە پلەی فەرمانبەرایەتی بەتال بێت وە پڕکردنەوەی ئەم پلە فەرمانبەرایەتیانە لە لایەن دەرچوانی گەنج دەبێت کە کۆلێج یان پەیمانگایان تەواو کردووەو چاوەروانی دامەزراندن.

٢- لە برگە (٢) ی یاسادا هاتووە خانەنشین کردنی فەرمانبەرانی نەخۆش کە تووشی نەخۆشی درێژ خایەن هاتوون یان نەخۆشیە ترسناکەکانی بێ چارەسەری بەپێی راپۆرتی پزیشکی لە لیژنەی پزیشکی تایبەت بەخانەنشین کردن کەوەزارەتی تەندروستی پێکی دەهێنێت بۆ ئەم مەبەستە ، وە ئەگەر خزمەتیشی لە (١٥)ساڵ کەمتر بوو بۆی بەرزدەکرێتەوە بۆ (١٥)ساڵ خزمەت و مووچەکەشی بەرز دەکرێتەوە وە لە برینی خانەنشین دەبوردرێت بۆ ئەو ماوەیەی خراوەتە سەر خزمەتی ئەگەر لە (١٥) سال کەمتری هەبوو.

حالەتی نەخۆشی
3

٣- ئەگەر فەرمانبەر تەمەنی (٥٠)ساڵ و بەرەو سەر بوو وە خزمەتی (٢٥)ساڵ و زیاتر بوو مافی هەیە داوای خانەنشینکردن بکات لە وەزیری پەیوەندار یان سەرۆکی فەرمانگەی نەبەستراوە بە وەزارەت یان ئەوەی دەسەلاتی پێ دراوە وە داواکەی تۆمار بکات لەیەکەی وەرگرتە لە فەرمانگەکەی وە لایەنی پەیوەندار دەبێت وەلامی داوەکەی لە ماوەی (٤٥) رۆژدا بداتەوە وە ئەگەر ماوەکە تەواو بوو وەلاّمی نەدرایەوە بە خانەنشینکراو هەژمار دەکرێت .

٤- ئەگەر فەرمانبەرکۆچی دوایی کرد لە رۆژی کۆچ کردنی خانەنشین دەکرێت (ئەگەر خزمەتی بە سەعاتیش بێت نەك بەرۆژ و سال) وە ئەگەر خزمەتی خانەنشینی لە (١٥) سال کەمتر بوو ، خزمەتەکەی و مووچەکەی بۆ بەرز دەرکرێتەوە بۆ (١٥)ساڵ وە لە برینی گلدانەوەی خانەنشینی( توقيفات تقاعديه) دەبووردرێت بۆ ئەو ماوەیەی دەخرێتە سەر خزمەتی وە مووچەی خانەنشینی بۆ جێماوە شایستەبووەکانی خەرج دەکرێت.

- هیچ فەرمانبەرێك مافی خانەنشین کردنی نیە ، ئەگەر تەمەنی (٥٠)ساڵ تەواو نەکردبێت هەرچەند خزمەتی لە (١٥)سالیش زیاتر بێت. ئەم خالە بۆتە گرفت لە بەردەم فەرمانبەران ئەوانەی خزمەتیان (١٥) سال و زیاترە کە دەیانەوێت خانەنشین بکرێن بەتایبەتی ئێستا لە هەموو دام و دەزگاکانی دەولەت فەرمانبەران زۆرن وە زیاتر لە پێویستن جگە لە هەبوونی ژمارەیەکی زۆری دەرچوانی کۆلێج و پەیمانگەکانی بێ کار ئەگەر فەرمانبەران خانەنشین بکرێن شوێنی

بەتال لە میلاك پەیدا دەبێت بۆ دامەزراندنی فەرمانبەرانی نوێ لە دەرچوان وە هەروەها ڕێگا خۆشکەر دەبێت بۆ پایە بەرز کردنەوە بەرای من باشە ئەم برگەیە هەموار بکرێتەوە هەتا هەر فەرمانبەرێك خزمەتی (١٥) سال بەرەو سەر هەبێت مافی خانەنشینی پێ بدرێت بەبێ ڕەچاوکردنی تەمەن.

- دەرکردن و جیاکردنەوەی فەرمانبەر یان دەست لە کار کێشانەوەی بەرەزامەندی فەرمانگەی ڕێگر نابن لە پێدانی مووچەی خانەنشینی بۆیان ئەگەر خزمەتیان ١٥ سال یان زیاتر بێت بەلام دەبێت تەمەنی ٥٠ سالیان تەواو کردبێت .ئەگەر فەرمانبەری ئاماژە پێکراو کۆچی دوای کرد پێش تەواو کردنی تەمەنی (٥٠) سال جێماوە شایستە بووەکان مافی وەرگرتنی مووچەی خانەنشینیان هەیە.
- دەکرێت فەرمانبەر پێش تەواو کردنی تەمەنی خانەنشینی بە مەرجی خزمەت خانەنشین بکرێت وە مووچەی خانەنشینی بۆ ئامادە دەکرێت بەلام بۆی خەرج ناکرێت هەتا تەمەنی (٥٠) سال تەواو دەکات یەرای من ئەمەکارایەکی سەیرە لە جێ بەجێ کردنی یاسا.

## چۆنیەتی ئەژمارکردنی مووچەی خانەنشین

١- مووچەی خانەنشین = کەلەکەبووی مووچەی مانگانە × ڕێژەی ماف

٢- ڕێژەی ماف = ژمارەی سالانی خزمەتی × ڕێژەی سەدی سالانە

ڕێژەی سەدی سالانە : بریتیە لە (٢,٥٪) بۆ هەر سالێکی خزمەت یان (٢٪) بۆ هەر سالێك لەخزمەتی.

## حاڵەتەکانی (٢,٥٪) بۆ هەر ساڵێك لەساڵانی خزمەت:

١- ئەگـەر فەرمانبـەر تەمـەنی (٦٠)ساڵی تـەواوکرد وە خزمـەتی لـە (٢٥)ساڵ کەمتر نەبێت.

٢- ئەگەر فەرمانبەر تەمەنی (٥٥)ساڵی تەواوکردبێت لەکاتی خانەنشین کردن وە خزمەتی لە (٣٠)ساڵ کەمتر نەبێت.

٣- ئەگەر فەرمانبەر کۆچی دوایی کرد.

٤- ئەو فەرمانبەرانەی بەڕاپۆرتی پزیشکی خانەنشین دەکرێن.

٥- هێزەکانی سـوپا و پـۆلیس و ئاسـایش ئەگـەر تەمـەنیان (٥٠)سـاڵ تەواوکردبێت وە خزمەتی خانەنشینیان لە (٢٠) سال کەمتر نەبێت.

## حاڵەتەکانی (٢٪)بۆ هەر ساڵێك لەساڵانی خزمەت

هەر فەرمانبەرێکی خانەنشین کـراو ئـەو حاڵەتانـەی سـەرەوەی نەگرێتـەوە ساڵانی خزمەتی بە (٢٪)بۆ هەر ساڵێك لە خزمەت هەژمار دەکرێت.

* نابێت ڕێژەی مافی فەرمانبەر لە٨٠٪ زیاتر بێت.

## کەڵەکەبووی مووچەی مانگانەی ماوەی خزمەتی:

مەبەست لە کەڵەکەبووی مووچەی فەرمانبەرایەتی خزمـەتی خانەنشینی کۆتـایی بۆئامـانجی هـەژمارکردنی مووچـەی خانەنشـینیە وە بـۆ دۆزینـەوەی کەڵەکەبووەکە ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاو دەکرێن:

١ ـ ئەگەر فەرمانبەری خانەنشین کراو دەستی لە کار هەڵگرت پێش ساڵی ٢٠٠٨ دوا مووچـەی مانگانـەی کـە وەری گرتـووە بـە کەڵەکـەبووی

مووچەی هەژمار دەکرێت بۆ نمونە دواموچەی پێش خانەنشین کردنی ٧٥٨٠٠٠ دیناربوو ئەم مووچەیە دەبێتە کەلەکەبوو بۆ هەژمارکردنی مووچەی خانەنشینی.

٢ – ئەگەر فەرمانبەر خانەنشین کرا دەستی لە کار هەڵگرت پێش سالی ٢٠١٠ مووچەی (١٢) مانگی پێش خانەنشین کردن و دەست لەکار هەلگرتنی کۆ دەکرێتەوە وە دابەشی (١٢) دەکرێت کەلەکەبووی مووچەی دەردەچێت.

٣– ئەگەر فەرمانبەر لە دوای دەسپێکی سالی ٢٠١٠ خانەنشین کرا مووچەی سالی ٢٠٠٩ وە مانگانی سالی ٢٠١٠ بەرەو سەر هەژمار دەکرێت کۆی گشت مووچەکان دابەشی ژمارەی مانگەکان دەکرێت بۆ دۆزینەوەی کەلەکەبووی مووچەی مانگانەی.

٤– ئەو خزمەتەو مووچەیە رەچاو ناکرێت ئەگەر کەمتربوو لە مووچەی تەواو بۆ هەژمارکردنی کەلەکەبووی مووچەی مانگانەی فەرمانبەر.

## ماوەی خزمەتی خانەنشینی :

بریتیە لە ( رۆژی خانەنشین کردن - رۆژی دەست بەکار بوون بۆ یەکەم جار لە فەرمانبەرایەتی – رۆژانی نەهاتن و مۆڵەتی بێ مووچە و نیوەی ماوەی مۆڵەتی بە نیوە مووچە). بۆ زانیاری زیاتر سەیری نموونە پراکتیکیان بکە لە باسی چونیەتی هەژمارکردنی ماوەی خزمەت .

لە مادەی( ٧ ) لەشەشەم لە یاسادا هاتووە (ماوەی شەش مانگ و بەرەو سەر) بە سالێك هەژمار دەکرێت بۆ سالانی خانەنشینی بەڵام لە (شەش مانگ کەمتر) هەژمار ناکرێت بە بێ سوود دەروات.

Scanned with CamScanner

## چۆنیەتی هەژمارکردنی مووچەی خانەنشین بە پراکتیکی:

بۆ زیاتر شارەزا بوون بەچۆنیەتی هەژمارکردنی مووچەی خانەنشینی چەند نمونەیەکی پراکتیکی شیکار دەکەین کە ئەمانەی خوارەوەن:

نموونەی:١

لەبەرواری١/٤/٢٠١٠ فەرمانبەرێك بەناونیشانی سەرۆکی تێبینەران خانەنشین کرا لەبەر ئەوەی تەمەنی یاسایی تەواوکردبوو وە دوا مووچەی مانگانەی (٤٥٠,٠٠٠)دینار بوو کە شایستەی بووە لە١/١/٢٠١٠ وە خزمەتی فەرمانبەرایەتی (١٨)ساڵ و (٩)مانگ و (١٠)رۆژە.

داواکاری: مووچەی خانەنشینی بۆ ئەژمار بکە

شیکار:

رێژەی ماف بۆ مووچەی خانەنشینی = ژمارەی ساڵانی خزمەت × رێژەی مافی هەر ساڵێك

= ١٩ × ٢%

= ٣٨%

لەبەر ئەوەی خزمەتی (١٨)ساڵ و (٩)مانگ و (١٠)رۆژە بە (١٩)ساڵ ئەژماردەکرێت

مووچەی خانەنشینی = کەلەکەبووی مووچەی مانگانە × رێژەی ماف

کەلەکەبووی مووچەی مانگانەی ساڵانی خزمەتی =

مووچەی ساڵی ٢٠١٠ ٣ × ٤٥٠,٠٠٠ = ١,٣٥٠,٠٠٠

مووچەی ساڵی ٢٠٠٩ ١٢ × ٤٤٣,٠٠٠ = ٥,٣١٦,٠٠٠

٦,٦٦٦,٠٠٠ دینار

١٥ مانگ

٦,٦٦٦,٠٠٠ ÷ ١٥ = ٤٤٤,٠٠٠ دینار کەلەکەبووی مووچەی مانگانە

Scanned with CamScanner

مووچەی خانەنشینی = کەلەکەبووی مووچەی مانگانە × ڕێژەی ماف

= ٤٤٤٠٠٠ × (٪٣٨) = ١٦٨,٧٢٠ دینار مووچەی خانەنشینی

نموونەی:٢

لەڕۆژی ٢٠١٠/١/١ فەرمانبەرێك بەناونیشانی بەڕێوەبەر خانەنشین کرا لەبەر تەواوکردنی تەمەنی یاسایی ، وە ناوبراو لە ١٩٧٨/٢/٥ دامەزراوە وە لەهەمان ڕۆژیش دەست بەکاربووە وە دوا مووچەی مانگانەی (٩٨٨,٠٠٠)دینار بوو کە لە٢٠٠٩/١/١ شایستەی بووە.

داواکاری: مووچەی خانەنشینی بۆ ئەژمار بکە.

شیکار:

ماوەی خزمەتی / ڕۆژی خانەنشین کردنی ١ / ١ / ٢٠١٠

/ ڕۆژی دەست بەکاربوونی ٥ / ٢ / ١٩٧٨ بەکەم کردنەوە

٢٦/ ١٠/ ٠٠٣١ = ٣٢ ساڵ

ڕێژەی ماف = ژمارەی ساڵانی خزمەت × ڕێژەی هەر ساڵێکی خزمەت

= ٣٢ × ٪٢,٥

= ٪٨٠

کەلەکەبووی مووچەی مانگانەی:

٩٨٨٠٠٠ ×١٢ =١١٨٥٦٠٠٠

١١٨٥٦٠٠٠ ÷١٢ =٩٨٨٠٠٠ دینار کەلەکەبووی مووچەی مانگانەی

مووچەی خانەنشینی = تێکرایی کەلەکەبووی مووچەی × ڕێژەی ماف

= ٩٨٨,٠٠٠ × (٪٨٠) = ٧٩٠,٠٠٠ دینار مووچەی خانەنشینی

Scanned with CamScanner

**نموونەی:٣**

فەرمانبەرێك لەرۆژی ١٩٩٠/١/٧ دەست بەکاربوو لەوەزیفەکەی وە لەرۆژی ٢٠١٠/٤/٣ خانەنشین کرا بەپێی راپۆرتی پزیشکی کە مووچەی مانگانەی (٧٧٥,٠٠٠)دینار بوو ، ئەم مووچەیەی لە ٢٠١٠/١/١ شایستەبووە.

**داواکاری: مووچەی خانەنشینی بۆ دەست نیشان بکە.**

**شیکار:** رۆژی خانەنشین کردنی ٢٠١٠ / ٤ / ٣

رۆژی دەست بەکاربوونی بۆ یەکەم جار ٧ / ١ / ١٩٩٠ بەکەم کردنەوە

٢٧ / ٢ / ٢٠ = ٢٠ ساڵ

رۆژ/ مانگ / ساڵ

ڕێژەی ماف = ژمارەی ساڵانی خزمەت × ڕێژەی ساڵانە

= ٢٠ × ٪٢,٥ = ٪٥٠

کەلەکەبووی مووچەی مانگانەی

ساڵی ٢٠١٠ ٣ × ٧٧٥,٠٠٠ = ٢,٣٢٥,٠٠٠

ساڵی ٢٠٠٩ ١٢ × ٧٥٨,٠٠٠ = ٩,٠٩٦,٠٠٠ بەکۆکردنەوە

١٥ مانگ ١١,٤٢١,٠٠٠

= ١١,٤٢١,٠٠٠ ÷ ١٥ = ٧٦١,٤٠٠ دینار کەلەکەبووی مووچەی مانگانەی

مووچەی خانەنشینی = کەلەکەبووی مووچەی مانگانەی × ڕێژەی ماف

= ٧٦١,٤٠٠ × ٪٥٠ = ٣٨٠,٧٠٠ دینار

## چۆنیەتی هەژمارکردنی پاداشتی خانەنشینی

پاداشتی خانەنشینی = ژمارەی مانگانی خزمەت × ١٤٪ لە کەلەکەبووی مووچەی مانگانەی سالآنی خزمەتی

ژمارەی مانگانی خزمەتی =( ژمارەی سالانی خزمەتی×١٢)+ژمارەی مانگانی خزمەتی +( ژمارەی رۆژانی خزمەتی ÷٣٠ )

کەلەکەبووی موچەی مانگانی خزمەتی = کۆی گشتی مووچەی مانگانی خزمەتی ÷ کۆی مانگانی خزمەتی

کۆی گشتی موچەی مانگانی خزمەتی : لە دەسپێکی سالی ٢٠٠٤ بە گەرانەوە بۆ خشتەکانی مووچەی هەژماردەکەین وە پێش ٢٠٠٤/١/١ بەرێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی هەرێمی کوردستان مووچەی مانگانە بۆ سالانی خزمەت بە( ١٠٠٠٠٠ ) دەخەملێنن چونکە پێش ئەم بەرواره کار بە پارەی چاپی سویسری کراوە وە ئەگەر لەسەر بنەمای یەك دیناری چاپی سویسری لە مووچەی فەرمانبەر بە نرخی گۆرینەوە هەر یەك دینار بە ١٥٠ دینار ئالوگۆر بکەین فەرمانبەری خانەنشین کراو زیانی زۆری بەر دەکەوێت وە ئەم خەملاندنە بەرای منەوە زۆر باشە بۆ فەرمانبەر(ئەم زانیاریەم لە سەردانێکی زانستیم لەبرواری ٢٠١١/٢/١٤ بۆ بەریوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی هەرێمی کوردستان وەر گرتووە ).

### چەند نموونەیەکی پراکتیکی دەربارەی هەژمارکردنی پاداشتی خانەنشینی :

بۆ زیاتر روونکردنەوە لەچۆنیەتی هەژمار کردنی پاداشتی خانەنشینی چەند نمونەیەك شیکار دەکەین کە ئەمانەی خوارەوەن:

Scanned with CamScanner

نموونەی:١

فەرمانبەرێك خانەنشین کرا بەهۆی تەواوبوونی تەمەنی یاسایی لەبەرواری ٢٠١٠/٤/٧ وە خزمەتی فەرمانبەرایەتی (٣)ساڵ و (٥)مانگ و (١٧)ڕۆژە وە دوا مووچەی پێش خانەنشین کردنی (٤٥٠,٠٠٠)دینار بوو کە لە ٢٠١٠/١/١شایستەی بووبوو.

داواکاری: پاداشتی خانەنشینی بۆی هەژمار بکە.

شیکار:

ماوەی خزمەتی مانگانی خزمەت = (ژمارەی ساڵانی خزمەت × ١٢) + (ژمارەی مانگانی خزمەت) + (ڕۆژانی خزمەت ÷٣٠)

= (١٢ × ٣) + ٥ +( ١٧ ÷٣٠ )

= ٣٦ +٥ +١

= ٤٢ مانگ

ساڵی ٢٠١٠ = ٤ × ٤٥٠,٠٠٠ = ١٨٠٠٠٠٠

ساڵی ٢٠٠٩ = ١٢ × ٤٤٣,٠٠٠ =٥٣١٦٠٠٠

ساڵی ٢٠٠٨ = ١٢ × ٤٣٦,٠٠٠ = ٥٢٣٢٠٠٠

ساڵی ٢٠٠٧ = ١٢ × ٢٦٤,٠٠٠ =٣١٦٠٠٠٠

ساڵی ٢٠٠٦ =٢×٢٢٦٠٠٠ =٤٥٢٠٠٠

٤٢ مانگ ١٥٩٦٠٠٠٠ دینار

کەلەکەبووی مووچەی مانگانەی =١٥٩٦٠٠٠٠ ÷٤٢ =٣٨٠٠٠٠ دینار

پاداشتی خانەنشینی = ژمارەی مانگانی خزمەت × ١٤٪ لەکەلەکەبووی مووچەی مانگانەی ساڵانی خزمەتی

= ٤٢ × ١٤٪ × ٣٨٠٠٠٠

=٢٢٣٤٤٠٠ دینار پاداشتی خانەنشینی

**نموونەی:٢**

لە ١/٤/٢٠١٠ فەرمانبەرێك خانەنشین کرا لەبەر تەواوکردنی تەمەنی یاسایی وە ناوبراو لەرۆژی ٦/٣/١٩٩٩ دامەزراوە وە دەست بەکاربووە ، وە تێکرایی مووچەی مانگانەی ماوەی خزمەتی (٤٠٠,٠٠٠)دینارە.

داواکاری: پاداشتی خانەنشینی بۆ ئەژمار بکە.

شیکار:

ماوەی خزمەتی  مێژووی خانەنشین کردن  ١ / ٤ / ٢٠١٠

مێژووی دەست بەکاربوون  ٦ / ٣ / ١٩٩٩  بەکەم کردنەوە

٢٥/ ٠ / ٠٠١١

رۆژ/مانگ/ساڵ

ژمارەی مانگانی خزمەت = {(ژمارەی ساڵانی خزمەت × ١٢) + ژمارەی مانگانی خزمەت + (ژمارەی رۆژانی خزمەت ÷ ٣٠)}

= {(١١ × ١٢) + ٠ + (٢٥ ÷ ٣٠)}

= {١٣٢ + ٠ + ١}

= ١٣٣ مانگ

پاداشتی خانەنشینی = ژمارەی مانگانی خزمەت × ١٤٪ لەکەلەکەبووی مووچەی مانگانەی ساڵانی خزمەتی

= ١٣٣ × ١٤٪  × ٤٠٠,٠٠٠

= ٧,٤٤٨,٠٠٠ دینار پاداشت

# پاداشتی مۆڵەتی پاشەکەوت کراو

فەرمانبەر کە خانەنشین کرا پاداشتی مۆڵەتی ئاسایی پاشەکەوت کراوی بۆ خەرج دەکرێت بە مەرجێك لە ١٨٠ رۆژ زیاتر نەبێت (٦ مانگ)لەسەر بنەمای دوا مووچەی بنەرەتی لەکاتی خانەنشین کردن بەبێ دەرماڵەکان بەم هاوکێشەیەی خوارەوە:

پاداشتی مۆڵەتی پاشەکەوت کراو=( مووچەی بنەرەتی÷٣٠ )× کۆی مۆڵەتی پاشەکەوت کراوی

ئەم پاداشتە بۆ فەرمانبەرانی خانەنشین کراو خەرج دەکرێت شایستەی مووچەی خانەنشینی بن یان پاداشتی خانەنشینی وە دەکرێت فەرمانبەری خانەنشین کراو پاداشتی مۆڵەتی پاشەکەوت کراو وەر نەگرێت بۆ ئەوەی بیخاتە سەر حزمەتی خانەنشینی.

ئەم پاداشتە بۆ مامۆستایان لە گشت قۆناغەکانی خوێندن مووچەی بنەرەتی (٦) مانگ خەرج دەکرێت بە بێ رەچاو کردنی مۆڵەتی پاشەکەوت کراو وە بۆ فەرمانبەری کۆچ کردووش مووچەی (٦) مانگ خەرج دەکرێت وە بۆ فەرمانبەری خانەنشین کراو بە پێی راپۆرتی پزیشکی بەهۆی نەخۆشی یان پەکەوتەیی ( پێکانی کار) لە ماوەی خزمەتی یان لە بەهۆی خزمەتی یان کۆچی دوای کرد لە بەریان بە مەرجێك ماوەی خزمەتیان (١٥) ساڵ تەواو کردبێت یان زیاتر بێت[١].

---

[١] قانون رقم ٢٩ لسنة ٢٠٠٨ قانون تعديل المادة ٦٥ من قانون الخدمة المدني رقم ٢٤ لسنة ١٩٦٠ المعدل والمنشور في الوقائع العراقية عدد ٤٠٨٤ في ٢٠٠٨/٨/٢٥

Scanned with CamScanner

## مووچەی خانەنشینی پێکانی کار ( اصابة عمل):

ئەو فەرمانبەرانەی لە ئەنجامی کار کردنیان تووشی پێکانی کار دێن مووچەی خانەنشینیان بۆ دەبرێتەوە بە رەچاو کردنی رێژەی پێکان بەم شێوەیەی خوارەوە کەلە مادە (٦) یاسای پەکەوتنی تەندروستی فەرمانبەران ژمار (١١) سال١٩٩٩ هاتووە:

١ - ئەگەر فەرمانبەر بە هۆی پێکانی کار تووشی پەکەوتن هات بە رێژەی (٦٥٪) وە خانەنشین کرا مووچەی خانەنشینی پەکەوتنی بەم شێوەیە دەبێت:

أ – خزمەتی دەکرێتە (١٥) سال ئەگەر کەمتر بوو وە لە گلدانەوەی خانەنشینی دەبووردرێت.

ب - رێژەی (٣٥٪) لەدوا مووچەی دەخرێتەسەر مووچەی خانەنشین هەژمارکراوی بە پێی یاسای خانەنشینی بە مەرجێك رێژەی پەکەوتنی (١٠٠٪) بێت ، بەلام ئەگەر رێژەی پەکەوتنی (٦٥٪) بێت یان لە (١٠٠٪) کەمتربێت ئەم هاوکیشەیە بەکار دێت ( رێژەی پەکەوتن X ٣٥٪ لە دوامووچەی مانگانەی ئەم برەی هەژمار دەکرێت دەخرێتە سەر مووچەی خانەنشینی بە پێی یاسای خانەنشین کردن. وە دوای خستنە سەری ئەم رێژەیە نابێت مووچەی خانەنشینی لە(٨٠٪)ی دوا مووچەی کەمتربێت .

ج – ئەگەر پێکانی کار بووە هۆی کۆچی دوای کردنی فەرمانبەر بۆ خێزان مووچەی خانەنشینی دەبرێتەوە بە پێی رێژەی پێکانی (١٠٠٪) وە نابێت مووچەی خانەنشینی خێزانی لە (٩٠٪) دوامووچەی فەرمانبەر کەمتربێت لە گەل رەچاو کردنی مووچەی

Scanned with CamScanner

خانەنشینی خێزان( ژمارەی شایستە بووەکان).

## شایستەبووەکانی مووچەی خانەنشینی

هەر فەرمانبەرێك تەمەنی (٦٣)ساڵی تەواوکرد خانەنشین کرا وە ماوەی خزمەتی لە (١٥)ساڵ کەمتر نەبوو مووچەی خانەنشینی بۆ دەبڕێتەوە.

١- هەر فەرمانبەرێك تەمەنی لە (٥٠)ساڵ زیاتر بوو وە خزمەتیشی لە (١٥)ساڵ کەمتر نەبوو بۆ ئەو فەرمانبەرانەی خانەشین دەکرێن بە هۆی نەمان یان یەکگرتنەوەی میلاك یان سزادراو بە سزای جیاکردنەوە(العزل) یان دەست لە کار کشاوە بە پێی یاسا.

٢- شایستە بووەکانی مووچەی خانەنشینی بۆ فەرمانبەری کۆچ کردوو بریتین لەهاوسەری یان هاوسەرەکانی ، کوڕەکانی ، کچەکانی ، دایکی ، باوکی ، (خوشك و برا ناکامەکانی) ئەگەر باوکی پێش خۆی مردبێت وە فەرمانبەری کۆچ کردوو بەخێوکەریان بێت ئەمانەی سەرەوە مافیان هەیە داوای مووچەی خاننەنشینی بکەن لە ڕۆژی کۆچی دوای فەرمانبەربەبێ ڕەچاو کردنی ماوەی خزمەتی چونکە ئەگەر خزمەتی لە (١٥) سال کەمتر بوو بۆی بەرز دەکرێتەوە بۆ (١٥) ساڵ.

٣- هەر فەرمانبەرێك خانەنشین بکرێت بەپێی راپۆرتی پزیشکی لیژنەی پزیشکی تایبەت بەخانەنشینکردن شایستەی مووچەی خانەنشینی دەبێت بەبێ ڕەچاوکردنی ماوەی خزمەتی ئەگەر خزمەتیشی لە (١٥) ساڵ کەمتر بوو بۆی دەکرێتە (١٥) ساڵ خزمەت و مووچەشی.

Scanned with CamScanner

## چۆنیەتی پێدانی مووچەی خانەنشینی بەشایستەبوەکانی فەرمانبەری کۆچ کردوو

لـە برگـەی (١٦)ی یاسـادا هـاتووە لـەکاتی کۆچـی دوای فەرمانبـەر جێماوەکانی فەرمانبەری کۆچ کردوو مووچەی خانەنشینیان بەسەسەردا دابەش دەکرێت بە شێوەیە ئەگەر تەنها(١ شایستە بـوو) یـەك کـەس بـوو (٦٠٪)ی مووچـەی خانەنشـینی پـێ دەدرێـت ، ئەگـەر(٢ شایسـتە بـوو) دووان بـوون (٧٥٪)ی مووچەی خانەنشینیان پێ دەدرێـت ، ئەگـەر(٣ شایسـتەبوو) سـێ کەس بوون یان زیاتر (١٠٠٪)ی مووچەی خانەنشینیان پێ دەدرێـت ، وە هـەر یەکێك مافی نەما بەشەکەی دەچێتە سەر ئەوانی تـر ، بەمـەرجێك مووچـەی خانەنشـینی لـە (١٣٠,٠٠٠)دینـار کـەمتر نـەبێت وە کـە لەسـالّی ٢٠٠٨ زیاد کراوە.

مووچـەی خانەنشـینی بـۆ شایسـتەکان دەبێـت کەسـی شایسـتە هـیچ مووچەیەکی تری نـەبێت لەخەزێنـەی دەولّـەت ، وە ئەگـەر خانەنشـینی تـری هەبوو سەرپشك دەکرێت بۆ ئەوەی کامـەیان بـۆی باشـە ئـەویان هەلّبـژێرێت هەروەها نابێت شایستەکان دەرامەتێکی تایبەتیان هەبێت کە پێویسـتیەکانی ژیانیـان دابـین بکـات ، وە بـۆ ژن و کـچ یـان دایـك ئەگـەر شـوو بکاتـەوە لەشایستەبوون دەردەچێت.

* لە برگە (١٥)ی یاسادا هاتوە نابێت هیچ شایستە بووێك لەیـەك بـەش لە مووچەی خاننەنشینی وەر بگرێت ئەگەر شایستەی دوو پشك ببێت وە بۆ یك جار سەر پشك دەکرێت کامەیان هەلّبژێرێت بەلام بۆ(کور یان کچ ئەگەر ناکام بوون) وەدایك و باوکیان هەردووکیان فەرمانبەر بـوون وە هـەردووکیان کۆچـی دواییان کردبێت ئەم ناکامانە شایستەی دوو مووچەی خانەنشینی دەبن ئـەوەی

دایکیان وباوکیان ئەمانە سەرپشك ناکرێن لە کامە بەشیان زیاترە لە مووچەی خانەنشینی باوك یان دایك هەلیبژێرن.

## کەی مووچەی خانەنشینی دەبڕدرێت؟

١- مووچەی خانەنشینی کوڕ بەردەوام دەبێت تا تەمەنی (١٨)ساڵ ئەگەر قوتابی نەبوو مووچەکەی دەبڕدرێت ، ئەگەر قوتابی بوو لەهەر قۆناغێکی خوێندن دا بوو تا تەمەنی (٢٢)ساڵ بەمەرجێك ئامادەیی تەواوکردبێ وە تا تەمەنی (٢٦)ساڵی بەمەرجێك لەقۆناغی زانکۆیی دابێت ، بەلاّم ئەگەر هاتوو کوڕەکە پەك کەوتە بوو پەك کەوتەی تەواوی هەمیشەی بەپێی راپۆرتی پزیشکی مووچەکەی بەردەوام دەبێت بەلام دەبێت پاش (٥)سال دوو بارە پشکنینی پزیشکی بۆ ئەنجام بدرێت وە مووچەی خانەنشینی دەبرێت ئەگەر دەرامەتێکی تایبەتی پەیدا بوو. (پەك کەوتەی دوای تەمەنی (٥٠)ساڵی بە پەك کەوتە ئەژمار ناکرێ بۆ شایستە بوونی مووچەی خانەنشینی ).

٢- مووچەی کچ بەردەوام دەبێت تەنها لەسێ حالەتدا دەبڕدرێت:

أ- دامەزراندن ، یان پەیداکردنی دەرامەتێکی تایبەت.

ب- شووکردن ، لەرۆژی گرێ بەستی هاوسەرگیری.

ج- ئەگەر کچەکە مرد مووچەی خانەنشینی دەبڕێت.

دەربارەی کچ مووچەی خانەنشینی بەردەوام دەبێت هەرچەند تەمەنی درێژ بێت ، بەلاّم چاو خشاندنەوەی لەباری کۆمەلایەتی ودەرامەتی دەکرێت لەدوای تەمەنی (٣٥)ساڵی و دوای تەمەنی (٤٥)ساڵی.

Scanned with CamScanner

٣- هاوسەر یان هاوسەرەکانی (ژن یان ژنەکانی): مووچەی خانەنشینی هاوسەر یان هاوسەرەکانی ئەگەر بێ دەرامەتی تایبەت بوون بەردەوام دەبێت تاکو مردنیان یان شووکردنیان یان دامەزراندنیان.

٤- دایکی: مووچەی خانەنشینی دایك ئەگەر هیچ دەرامەتی نەبوو بەردەوام دەبێت تاکو مردن یان شووکردنەوە یان دامەزراندن.

٥- مووچەی خانەنشینی باوك بەردەوام دەبێت ئەگەر دەرامەتێکی تایبەتی نەبوو یان پەککەوتە بوو وە دوای تەمەنی (٦٣)ساڵی بە پەك کەوتەی تەواو ئەژمار دەکرێت.

٦- مووچەی خانەنشینی براو خوشکەکان ئەگەر ناکام بن وە باوکی پێش خۆی مردبێت وە فەرمانبەری کۆچ کردوو بەخێوکەریان بێت تا تەمەنی (١٨)ساڵی بەردەوام دەبێت.

## *چەند زانیاریەك:

١- مووچەی خانەنشینی هاوسەر یان هاوسەرەکانی (ژن) ، کچ یان کچەکانی بەردەوام دەبێت ئەگەر حالەتێك لەحالەتەکانی بڕین نەیان گرێتەوە هەروەها ئەگەر ئەمانەی سەرەوە شویان کرد پاشان تەلاق دران یان هاوسەریان کۆچی دوای کرد وە لەکاتی شووکردنیان مووچەکەیان بڕابوو ، لەکاتی تەلاق دانیان یان کۆچی دوای هاوسەریان مووچەکەیان دووبارە دەگەڕێتەوە ، بەمەرجێك هیچ دەراەمتێکیان نەبێت.

٢- مێرد شایستەی مووچەی خانەنشینی ژنەکەی دەبێت بەمەرجێك پەککەوتە بێت پەککەوتەی تەواوو هەمیشەی بە پێی راپۆرتی لیژنە

پزیشکی ، وە ئەگەر تەمەنی (٦٣)ساڵ تەواو کرد بە پەککەوتەی تەواو هەژمار دەکرێت.

## وازهێنان لەمووچەی خانەنشینی بۆ کەسێکی تر

یاسایی خانەنشینی عێراقی رێگای نەداوە بەفەرمانبەری خانەنشین کراو واز بهێنێت ( تەنازول) بکات لە مووچەی خانەنشینی بە تەواوی یان بەشێکی بۆ کەسێکی ترلە دەرەوەی شایستە بوەکان وە هەر واز هێنانێك بە نایاسایی هەژمار دەکرێت .

## سندوقی خانەنشین کردن

١- دەستەیەك دروست دەبێت لەسەر ئاستی عێراق بەناوی دەستەی نیشتمانی خانەنشین کردن وە کەسێك سەرپەرشتی دەکات بە پلەی جێگری وەزارەت وە کەسایەتی مەعنەوی دەبێت.

٢- سندوقێك دروست دەبێت بەناوی سندوقی خانەنشینی کەسایەتەیەکی مەعنەوی دەبێ ئەنجوومەنێك بەرێوەی دەبات لەم سوندوقەدا داهەتەکان کۆدەبنەوە وە مووچەی خانەنشینی لێدەدرێ.

٣- سندوقی خانەنشینی سەنتەری سەرەکی لەبەغدا دەبێ وە لەهەموو پارێزگایەك لقێکی دەکاتەوە.

٤- هەموو دام و دەزگاکانی بەرێوەبەرایەتی خانەنشین ودەزگای بیمەکردن کۆمەڵایەتی و بەرێوەبەرایەتی خانەنشین لەپارێزگاکان دەخرێتە سەر دەستەی نیشتمانی خانەنشین کردن بەهەموو کەلو

پەل و مولکەکانیانەوە.

## داهاتی سەندوقی خانەنشین کردن

١- گلّدانەوەی خانەنشین لەمووچەی فەرمانبەران بەڕێژە (٧٪) لەمووچەی بنەڕەتی.

٢- بەشی دەوڵەت لەگلّدانەوەی خانەنشین کە بریتیە لە (١٢٪) لەمووچەی مانگانەی هەر فەرمانبەرێك.

٣- دیاری و یارمەتی وەزارەتی دارای بۆ سندوقەکە.

٤- وە بەرهێنانی سندوقی خانەنشینی بۆ سەرمایەکەی.

٥- ئەو مووچەی خانەنشینی کە لەرۆژی ٢٠٠٦/١/١٧ خەرج دەکرێ بەشێوەیەکی بەدەرلەم یاسایە دەبێ وەزارەتی دارایی بیداتە سندوقی خانەنشینی.

٦- بەخشینی سالانەی وەزارەتی دارایی بۆ سندوقەکە،کە بە هاوکاری هەماهەنگی دەبێت لەنێوان کارگێری سندوق و فەرمانگەی بوجە لە وەزارەتی دارایی.

٧- ئەم سندوقە مووچەو پاداشتی خانەنشینی دەداتە ئەو فەرمانبەرانەی گلدانەوەی خانەنشینی دەدەن کە ئەم یاسایەیان دەگرێتەوە وشایستەی دەبن لە رۆژی جێ بەجێ کردنی ئەمم یاسایە.

٨- هەر لە سالی یەکەمی دروست بوونی دەستەی خانەنشین هەل دەستێت بە پێکهێنانی بنکەی زانیاری تایبەت بە فەرمانبەرانی دەولەت و خانەنشین کراوەکان کە ئەم یاسایەیان دەگرێتەوە بە ئامانجی شەفافیەت

لەکارەکانیانـــدا وە بەدەســـت هێنـــانی خەملانـــدنی وورد دەربـــارەی جێگیربوونی دارایـــی ســـندوقەکە وە دەبێـــت وەزارەتـــەکان و فەرمانگـــە نەبەستراوەکانی بە وەزارەت زانیارو داتای تەواویان پێ بـدات دەربـارەی کارمەندەکانیان .

٩- لە فەرمانگەکانی دەستە لە پارێزگاکان لقێکی سندوق دەکرێتـەوە وە وەزارەتی دارایی پێداویستەکانی دارایی و مولکایـەتی و مـرۆی دابـین دەکات.

١٠ - گلدانەوەی خانەنشینی بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە خزمەتیان دەخەنـە سەر خزمەتی خانەنشینی.

١١ - دیاری و پاداشت لەلایەنانی تر کە دەبەخشرێتە سندوقەکە عێراقـی بن یـان لـەدەرەوەی عێـراق بـن وە بـۆ ئـەوانی دەرەوەی عێـراق دەبـێ رەزامەندی لایەنی پەیوندار هەبێ.

١٢ - دەستەی خانەنشـینی بوجـەی سـالانەی سـندوق ئامـادە دەکـات وە پێشکەش بە وەزارەتی دارایـی دەکـات بـۆ بـروا پێهێنـان وە وەزارەتـی دارایی حسابەکانی کۆتای سندوق بەرز دەکاتـەوە لەگـەل حسـابەکانی کۆتای دەولەت بۆ ئەنجومـەنی وەزیـران بـۆ خسـتنە رووی ئەنجومـەنی نوێنەران بۆ بریار لە سەر دان.

١٣ - لە مادە (١٩)ی یاسادا هاتوە بۆدجەی گشتی دەولەت ئەم خەرجیانە داین دەکات:

أ — مووچەو پاداشتی خانەنشین کراوەکان پێش جێ بەجێ کردنـی ئـەم یاسایە .

ب- مووچەی خانەنشین کردنی شایستەبوەکان کە بەدەر کراون لە حوکمەکانی ئەم یاسایە لە بەرواری ٢٠٠٦/١/١٧.

* دەستەی خانەنشینکردن بەردەوام دەبێت لە خەرج کردنی مووچەو پاداشتی خانەنشینی کە دەقی بۆ دارێشتراوە بۆ خەرج کردنی مووچەی خانەنشینی بۆ جێماوەکانی فەرمانبەری کۆچ کردوو( خانەنشینی خێزان).

* سندوقی خانەنشینی داهاتی تری هەیە ئەویش بریتیە لەمانەی خوارەوە:

أ- بەشی سندوق کە وەزارەتی دارایی بۆی دابین دەکات لەبوجەی گشتی دەوڵەت.

ب- مووچەی فەرمانبەرانی خانەنشین کراو لەپێش دەرچوونی ئەم یاسایە خانەنشین کراون دەبێ خەزێنەی دەوڵەت مانگانە مووچەکەیان یان پاداشتەکەیان بۆ سندوقەکە بگەڕێنێتەوە.

## دەست بەسەرداگرتنی مووچەی خانەنشینی

یاسا رێگای نەداوە دەست بەسەر مووچەی خانەنشینی دابگیرێ تەنها لەدوو حالەت دا نەبێ:

أ- بۆ نەفەقەی شەرعی بۆ هاوسەری بێت یان دایك وباوکی کە دادگا بریاری لەسەر داوە.

ب - بۆ دانەوەی قەرزی دەوڵەت لەبەر ئەوەی قەرزی دەوڵەت قەرزی نایابە دەست بەسەر داگرتن نابێ لە (٥٠ %)ی مووچەی خانەنشین کراو زیاتر بێ.

Scanned with CamScanner

## تانەگرتن لەبڕیاری خانەنشین کرن / الطعن في قرار التقاعد

لە مادەی (٢٠)ی یاسای خانەنشین کردنی ژمارە ٢٧ سالی ٢٠٠٦ هەموارکراودا باسی لە تانە گرتن کردوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- لێژنەیەك دروست دەبێت بەناو لێژنەی ووردبینی کردنی کاروباری خانەنشین کراوەکان بەسەرۆکایەتی دادوەرێکی پلە (٢) کە ئەنجومەنی دادوەری دایدەنێت وە بە ئەندامیەتی دوو فەرمانبەری یاسایی کە پایەیان لەبەڕێوەبەر کەمتر نەبێت یەکیان نوێنەری وەزارەتی دارایی دەبێت ئەوی تریشیان نوێنەری وەزارەتی بەرگری دەبێت ، ئەم لێژنەیە بڕیارەکانی بەزۆرینەی دەنگ دەدات وە سەیری گشت کێشەکانی خانەنشین کراوەکان دەکات کە تانەیان لەسەر گرتووە لە ئەنجامی جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە.

٢- فەرمانبەری خانەنشین کراو مافی هەیە تانە بگرێ لەبڕیاری خانەنشین کردنی یان لەمووچەی یان لەپاداشت لەڕۆژی ئاگادارکردنەوەی لەبڕیارەکە یان زانینی بە بڕیاری وەزیر یان سەرۆکی فەرمانگە یان دەستە لەماوەی (٩٠)ڕۆژ لەلایەن لێژنەی وورت بینی کاروباری خانەنشین کراوەکان ، وە ئەم لێژنەیەش بڕیاری خۆی لەسەر تانەکان دەدات.

٣- دەبێت فەرمانبەری خانەنشینکراو رەسمی تانەگرتن بدات کە وەزارەتی دارایی برەکەی دەستێنیشان دەکات وە ئەگەر فەرمانبەر لەسەر ماف بوو لە هەموو برگەکانی تانەکەی ( تانەکەی بردەوە) یان بەشێکی بردەوە وە باش ئەوەی بڕیارەکە پلەی کۆتای وەردەگرێت رەسمەکەی بۆ

دەگەڕێندرێتەوە وە ئەم حوکمە هەموو تانەکانی پێشکەش کراو دەگرێتەوە لە ڕۆژی جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایە

٤- فەرمانبەری خانەنشین کراو یان فەرمانگەکە بۆیان هەیە تانە بگرن لەبریاری لیژنەکە لەلایەن دادگای تەمیز لەماوەی (٦٠)ڕۆژدا لەدوای تەبلیغ بوونیان بەبڕیاری لیژنە وە بڕیاری دادگای تەمیز کۆتایی (قطعی) دەبێت.

٥- ئەگەر فەرمانبەری خانەنشین کراو مووچەی یان پاداشتی خانەنشینی وەرگرت وە تانەی نەگرت لەچۆنیەتی هەژمارکردنی یان ئەو پێوەرانەی پێی هەژمار کراوە مووچەکەی یان پاداشتی وە (٩٠)ڕۆژی بەسەردا تێپەڕ بوو بێت مافی تانەگرتنی نامێنێت وە بریاری فەرمانگەی خانەنشین کردن کۆتای دەبێت.

* ئەو فەرمانبەرانەی ڕاژەیان خواستراوە بۆ دەرەوەی فەرمانگەکانی دەولەت دەبێت فەرمانگە تایبەتیەکە (١٢٪)ی لەمووچەی بنەڕەتی فەرمانبەر بداتە سندوقی خانەنشین کردن وە ئەمەش بەسەر چاوەیەکی داهات هەژمار دەکرێت بۆ سندوقی خانەنشینی.

## دووبارە دامەزراندنی خانەنشین کراوەکان

لە مادەکانی (٩ و ١٠ و١١ ) لەم یاسایەدا هاتوە:

ئەو فەرمانبەرەی کەتەمەنی یاسایی تەواو نەکردووە وە خانەنشین کراوە مافی هەیە دووبارە دابمەزرێتەوە لە دام و دەزگاکانی دەولەت یان ئەو فەرمانبەرانەی دوای تەواو کردنی تەمەنی یاسایی بەگرێ بەست دادەمەزرێنەوە لە دام ودەزگاکانی دەولەت بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

١- ئەگەر فەرمانبەر دووبارە دامەزراوە وە پادشتی خانەنشینی وەرگرتبوو بەپێی هەر یاسایەکی خانەنشینی لە فەرمانبەرایەتیەك کە بۆ خانەنشینی هەژمار دەکرێت دەبێت گلدانەوەی خانەنشینی بداتە سندوقی خانەنشینی هەر وەك ئەوانەی بەردەوامن لە خزمەتکردن وە مەبەستیش لە فەرمانبەرایەتی خانەنشینی بە پێی ئەم یاسایە کە خزمەتی فیعلی ( کرداری) بە خزمەتی خانەنشینی هەژمار دەکرێت بە مەرجێك خزمەتەکەی لە دام دەزگاکانی دەولەت ئەنجام دابێت وە گلدانەوەی خانەنشینی لە خزمەتەکەی دابێت . ئەگەر بریاردرا پاداشتی خانەنشینی لە فەرمانبەر وەربگیرێتەوە بە رێژەی یەك لەسەر چواری مووچەی مانگانەی زیاتر نابێت بە مەرجێك بە (٥)ساڵ بیداتەوە وە دەتوانێت بەیەك گوژمە بیداتەوە.

٢- ماوەی خزمەتی پێشوی دەخاتە سەر خزمەتی ئێستای وە هەر خزمەتێکی گڵدانەوی خانەنشینی نەدابوو دەبێت بیدات وە خستنە سەر خزمەتی بۆ ئەم حاڵەتە تەنها ئەو خزمەتەیە کە لەدام و دەزگاکانی دەوڵەتی ئەنجام داوە.

٣- ئەگەر هاتوو فەرمانبەر دووبارە دامەزراوە کۆچی دوایی کرد پێش ئەوەی هەموو پادشتەکە بگەڕێنێتەوە سندوقی خانەنشین کردن دەبێت جێماوەکانی پاداشتەکە بدەنەوە سندوقی خانەنشینکردن بەبڕینی یەك لەسەر چوار لە مووچەی خانەنشینیان مانگانە یان بەیەك گوژمە بیدەنەوە یان ئەگەر شایستەی پاداشت بوون لە پاداشتەکەیان دەبردرێت.

٤- ئەگەر هاتوو فەرمانبەری خانەنشینکراو دامەزراوە وە پێشان مووچەی خانەنشینی بۆ دەرچووبوو خزمەتی کۆنی دەخاتە سەر خزمەتی ئێستای وە مافی هەیە هەر کاتێك خۆی خانەنشین بکات بەمەرجێك مووچەی خانەنشینی ئێستای لەمووچەی خانەنشینی کۆنی کەمتر نەبێت.

٥- لەڕۆژی دەست بەکاربوونی فەرمانبەری دووبارە دامەزراو دەبێت فەرمانگەکەی ئاگاداری فەرمانگەی خانەنشین کردن بکاتەوە بۆ بڕینی مووچەی خانەنشینی لەڕۆژی دەست بەکاربوونی وە مافی هەیە هەر کاتێك خۆی خانەنشین بکات بە بێ ڕەچاوکردنی تەمەن یان ماوەی خزمەتی.

٦- ئەو فەرمانبەرانەی کەپلەی تایبەتن چۆن خانەنشین دەکرێن بەهەمان شێوە دادەمەزرێنەوە.

٧- ئەو فەرمانبەرانەی کە تەمەنیان (٦٣)ساڵ تەواو کردووە دووبارە دانامەزرێنەوە وەك فەرمانبەر بەڵکو بەگرێبەست یان بەپاداشتی مانگانە کاردەکەن وە لەم حاڵەت سەر پشك دەکرێن لەنێوان کرێی گرێبەستەکە یان مووچەی خانەنشینی یان پاداشتەکە کامەیان هەڵبژێرێت وە نابێت کۆیان بکاتەوە.

٨- کرێی وانە زێدەکیەکان بۆ مامۆستایانی زانکۆیی خانەنشین کراو یان مامۆستایانی قوتابخانەو پەیمانگەکان خاڵی (٧)یان ناگرێتەوە ئەگەر وانە بلێنەوە لە کۆلیج و پەیمانگەو قوتابخانە و سەنتەرەکانی مەشق کردن وە مامۆستای خانەنشینکراو بۆی هەیە وانەی زێدەکی بلێتەوە

كرێیەكەی بۆ خەرج دەكرێت وە مووچەی خانەنشینی وەردەگرێت (هەردووكیان).

## چەند زانیاریەكی پێویست:

١ — موچەی خانەنشینی بەسەر ناچێت بە تێپەربونی كات ئەگەر شایستە بوەكان مەرجی وەرگرتنیان لە دەست نەدابێت.

٢ — دەبێت خانە نشین كراو لە ماوەی سالیك دا داوای پێدانی موچەی خانەنشینی بكات خۆی یان بریكاری چونكە دوای تێپەر بونی سالەكە لەو رۆژە بۆی خەرج دەكرێت كە داوای پێشكەش كردوە نەك لە رۆژی خانە نشین كردنی بەلام ناكامەكان لەم مادەیە دەبەخشرێن هەر كاتێك داوا بكەن لە رۆژی خانەنشین كردن بۆیان هەژمار دەكرێت .

## موچەی خانەنشینی تایبەت

بەدەر لەحوكمەكانی ئەم یاسایە دەكریت لەسەر پێشنیاری سەرۆكی كۆمار یان سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران وە لەكوردستانیش ( سەرۆكی هەرێم و سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران) وە بە باوەر پێهینانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی وە لە كوردستانیش پەرلەمانی كوردستانی عێراق موچەی خانەنشینی تایبەت بۆ ئەمانەی خوارەوە دیار بكریت :

١ - موچەیەكی خانەنشینی تەرخان دەكرێت بۆ ئەو عێراقیەی یان خێزانی كە لە دووسەدو پەنجا هەزار دینار زیاتر نەبێت ئەگەر موچەی لە دەولەت نەبێت یان موچەی لەم كۆژمەیە كەمتر بێت ئەگەر كوژرابێت یان مردبێت یان پەكەوتە بوبێت بە هۆی هەلوێستی نیشتمانی لەگەل

Scanned with CamScanner

ڕەچاو کردنی دابەشکردنی موچەی بەسەر ژمارەی شایستەبوەکان لەدوای مردنی یان کوژرانی.

٢ – هەموار کردنی موچەی خانەنشینی هەندێك لە کەسایەتیە نیشتمانیەکان کە زیانیان بەرکەوتوە لە ڕژێمی پێشووکە گونجاو بێت لە گەل ئاستی کۆمەلایەتیان.

## دەسەلاتی زیادکردنی موچەی خانەنشینی

بۆ ئەنجومەنی وەزیران هەیە لەسەر پێشنیاری وەزیری دارایی ڕەزامەندی دەر ببرێت لە سەر زیادکردنی موچەی خانەنشینی بەم شێوەیەی خوارەوە:

١ – زیاد کردنی موچەی خانەنشینی وە موچەی خانەنشین کراوەکانی پێشوو بە پێی هاوسانی ئابوری سالانە بە مەرجێك لە ڕێژەی هاوسان زیاتر نەبێت وە ئەم زیاد بونە ئەو کەسانە ناگرێتەوە کە موچەی خانەنشینیان زیاد دەکرێت بەدەر لەم یاسایە.

٢ – ڕێژەی ئەژمارکردنی موچەی خانەنشینی هەموار دەکرێت بە پێی دراسەتی ئەکتواری دوای (٣) سال لە جێ بە جێ کردنی ئەم یاسایە وە دوای هەر (٥) سال جارێك هەلسەنگاندنی ورد بۆ دراسەکە دەکریت لە لایەن لێژنەیەکی وردبین کردنی سەربەخۆ بۆ دلنیابون لە بەردەوام بونی سندوقی خانەنشین کردن وە دەکرێت ڕەچاوی کەلەکەبوی برینی خانەنشینی لە گەل کەلەکەبوی ماوەی تەمەنی پێشبینی کراوی خانەنشین بکرێت بۆ هەموار کردنی ڕێژەی کەلەکەبو وە دەبێت ئەنجومەنی نوێنەران ئاگادار بکرێتەوە.

## هەندێك لەحوكمەكانی یاسایی خانەنشین كردن (بعض احكام قانون التقاعد)

١- یاسا ڕێگای داوە هەر فەرمانبەرێك جیاكرابێتەوە (عزل) كرابێت یان دەركرابێت یان خزمەتی جێ هێشتبێ یان دەستی لەكار كێشابێتەوە بەڕەزامەندی فەرمانگەكەی خانەنشین بكرێت ئەگەر خزمەتی (١٥)ساڵ و بەرەو سەرە و تەمەنی (٥٠)ساڵ تەواوكردوە.

٢- بەهەمان شێوە یاسا ڕێگای داوە فەرمانبەری جیاكراوە (عزل) كراو یان دەركراو یان ئەوەی خزمەتی جێ هێشتووە یان بەشێوەیەكی یاسایی دەستی لەكار كێشاوەتەوە وە خزمەتی (١٥)ساڵ تەواوكردووە ئەگەر كۆچی دوایی كرد جێ ماوە شایستەبووەكانی مووچەی خانەنشینیان بۆ دەبرێتەوە.

٣- فەرمانبەرانی پلە تایبەتەكان چۆن دامەزراون بەهەمان شێوەش خانەنشین دەكرێن واتا بەفەرمایشی كۆماری یان بە فەرمانی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران یان بەفەرمانی سەرۆكایەتی پەڕلەمان.

٤- ماوەی دەركردنی سیاسی بەخزمەت ئەژمار دەكرێت بۆ خانەنشین كردن بەپێی یاسای دەركراوە سیاسیەكانی ژمار (٢٤) بۆ ساڵی ٢٠٠٥ پاش ئەوەی گڵدانەوەی خانەنشینیان بەدرێژایی ماوەكە لێ وەردەگیرێت بەشی فەرمانبەر (٧٪) بە پێی مووچەی لانی كەمی بروانامەیان.

٥- ماوەی خوێندن لەكۆلێژی سەربازی وپۆلیس و هێزی ناوخۆ وە خوێندنی باڵایی سەربازی كە لەئەنجامی دا سەركەوتو بوو بەخزمەت ئەژمار

دەکرێت وە دەبێت گلدانەوەی خانەشینیا لی وەربگیرێت بەپێی ئەو مووچەیەی پێی دادەمەزریت ئەگەر پێشان دانەمەزرابوو.

٦- هەر فەرمانبەرێك کە دەستی لەکار کێشاوە یان خزمەتی جێ هێشت یان خانەنشین کرا وە پاداشتی خانەنشینی وەرنەگرتبوو مافی هەیە خزمەتی لەدەوڵەت بخاتە سەر خزمەتی لەکەرتی تایبەت.

٧- خزمەت کردن پێش تەمەنی (١٨)ساڵی و پاش تەمەنی (٦٣)ساڵی بەخزمەت هەژمار ناکرێت بۆ خانەنشین کردن ئەگەر یاسایەك ڕێگر نەبێت.

٨- مافی خانەنشینی کۆن نابێت ئەگەر شایستەبوو مەرجەکانی لەدەست نەدابێت.

٩- ئەگەر شایستەبووی مووچەی خانەنشینی لەماوەی یەك ساڵ لەبەرواری خانەنشین کردنی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی نەکرد بۆ جێ بەجێ کردنی کاررایی خانەنشینی دوای تەواو بونی ساڵەکە مافی خانەنشینی لەڕۆژی پێشکەش کردنی داواکەی پێ دەدرێت نەك لەڕۆژی خانەنشین کردنی بەڵام ناکامەکان بەدەر دەکرێت لەم بڕگەیە.

١٠ - ئەگەر چەسپاندنی تەمەن بۆ فەرمانبەر کرا لەدوای دامەزراندنی بەهیچ شێوەیەك دەست کاری ناکرێت.

١١ - ئەو فەرمانبەرەی پاداشتی خانەنشینی وەرگرت مافی نیە هیچ خزمەتێکی تر بخاتە سەر خزمەتەکەی تەنیا ئەگەر دووبارە دانەمەزرێتەوە لەدام و دەزگای دەوڵەت.

Scanned with CamScanner

١٢ - بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران هەیە لەسەر پێش نیاری وەزیری دارایی لەدوای تێپەڕبوونی ساڵێك لەسەر ئەم یاسایە فەرمانبەرانی کەرتی تێکەڵاو ئەم یاسایە بیان گرێتەوە کەلە ٢٠٠٣/٤/٩ دامەزراون.

١٣ - دەزگای بیمەی کۆمەڵایەتی لە ٢٠١٠/١/١ وە بەهەموو فەرمانبەر و مومتەلەکاتی دەگواسترێتەوە بۆ سەر دەستەی نیشتمانی خانەنشین کردن.

١٤ - ئەو فەرمانبەرەی دادەمەزرێت یان دووبارە دامەزراوە مافی هەیە داوا بکات خزمەتی پێشووی لەدام و دەزگاکانی دەوڵەت پێش جێبەجێ کردنی ئەم یاسایەو خانەنشین کردن هەژمار بکرێت وە ئەگەر گلدانەوەی خانەنشینی نەدابێت دەبێت ئەم گلدانەوەیە بدات بەپێی مووچەی دامەزراندنی.

١٥ - ئەم یاسایە کارمەندانی سوپاو هێزەکانی ناوەخۆ و ئاسایشیش دەگرێتەوە ئەوانەی (١٥)ساڵ خزمەتیان هەیە خانەنشین دەکرێن ئەوانەی تریش پاداشتی خانەنشینیان پێدەدرێت ئەگەر لەشوێنێکی تری دەوڵەت کار نەکەن.

## مەرجەکانی داوای خانەنشین کردن

١- دەبێت داواکە بەنووسین بێت.

٢- دەبێت بەویستی خودی فەرمانبەر بێت وە لەژێر هیچ فشارێك نەبێت.

٣- نابێت لەداوای فەرمانبەردا هیچ مەرج و دوودڵیەك هەبێت.

Scanned with CamScanner

## مووچەی خانەنشینی پلە تایبەتیەكان و دادوەران

## ومامۆستایانی زانكۆ

١ – مووچەی خانەنشینی پلە تایبەتیەكان ٨٠٪ لەمووچە بنەرەتیان و ٨٠٪ ل دەرماڵەی پۆستیان بۆ نمونە بەریوەبەرێكی گشتی خانەنشین كرا مووچەی بنەرەتی ١٨٣٢٠٠٠ دینار بوو وە دەرماڵەی پۆستی ١٥٠٠٠٠٠ دینارە

مووچەی خانەنشینی =( ١٨٣٢٠٠٠ + ١٥٠٠٠٠٠ )

X٨٠٪=٢٦٦٥٦٠٠ دینار

٢– مووچەی خانەنشینی مامۆستایانی زانكۆ بریتیە لە مووچەی بنەرەتیان لەگەل گشت دەرماڵەكان دەرماڵەی خزمەتی خۆ تەرخان كردنی زانكۆیی كە لە ١٠٠٪ مووچەكەیانە بۆ نمونە مامۆستایەكی زانكۆی خانەنشین كرا مووچەی بنەرەتی ٩٨٨٠٠٠ دیناربوو وە هەلگری بروانامەی ماستەر بوو وە هاوسەرو (٢) منالی شایستە بووی دەرماڵەی مندال بوون .

مووچەی حانەنشینی = مووچەی بنەرەتی + گشت دەرماڵەكان

={٩٨٨٠٠٠

+(٩٨٨٠٠٠*٧٥٪)+(٩٨٨٠٠٠*١٠٠٪)+٥٠٠٠٠+(٢*١٠٠٠٠)}

={ ٩٨٨٠٠٠ +٧٤١٠٠٠+٩٨٨٠٠٠+٥٠٠٠٠+٢٠٠٠٠}

=٢٧٨٧٠٠٠ دینار وە دەبێت ٧٪ لە مووچەی بنەرەتی كەم بكرێتەوە چونكە لە یاسادا ئاماژە بەوە كراوە كە مووچەی خانە نشینی وەك هاوەلانی بێت كە لە خزمەت بەردەوامن

مووچەی خانەنشینی دەبێتە( ٢٧١٧٨٤٠ )دینار.

٣ – دادوەران مووچەی خانەنشینیان بریتیە لە ٨٠٪ لەمووچەی بنەرەتیان لەگەل دەرماڵەی راژەی دادوەری

# بەشی چوارەم

## ئەرکەکانی فەرمانبەر / واجبات الموظف

پێش ئەوەی باسی ئەرکەکانی فەرمانبەر بکەین هەروەك لە یاسای رێککاری فەرمانبەرانی گشتی و کەرتی گشتی ژمارە ١٤ ی سالی ١٩٩١ ی هەموار کراودا هاتووە وە ئەو ئەرکانەی دەستەی نەزاهەی عێراقی دەست نیشانی کردوون پێناسەی ئەرك و پێناسەی ئەرکەکانی فەرمانبەر دەکەین.

Scanned with CamScanner

# باسی یەکەم

# پێناسەی ئەرك وئەركی فەرمانبەر / تعريف الواجب وواجبات الموظف

پێناسەی ئەرك لە رووی زمانەوانیەوە بە واتای کەوتن (کەوتنە سەری ، کەوتنە سەرشانی) دێت بە نەرێتی زانایانی شەرع ناس بریتە لە سەلماندنی هەبوون بە رێبەری نیمچە نەبوون وەك یەك هەوال کە بەکردنی پاداشت وەردەگرێت وە بە ئەنجام نەدانی سزا دەدرێت ئەگەر پاساوی رەوانی نەبوو[1].

## پێناسەی ئەرکی فەرمانبەر

فەرمانبەر ئەو کەسەیە کە کۆمەلە ئەرکێکی دەکەوێتە ئەستۆ کە لە سەر کەسانی تر پێویست نیەوە ئەم پابەندبوونەی فەرمانبەر بەو ئەرکانە هۆکاری خۆی هەیە ئەویش کار کردنە لە بەرێوەبردنی کەرتی گشتی کە ئامانجی بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتیە وە ئەم ئەرکانەی لەگەلی دادەبێت هەتا لە

[1] علي بن محمد بن علي الجرجاني ، التعايفات ،ط١،ج١،دار الكتاب العربي،بيروت، ١٤٠٥، ص٣٢٢ ( تحقيق ابراهيم الابياري)

Scanned with CamScanner

ژیانی تایبەتیشی[1] كە پێی دەوترێت هەڵس و كەوتی فەرمانبەر لەناوەو دەرەوەی فەرمانگە.

پێناسەیەكی تر ئەركی فەرمانبەر بریتیە لە كۆمەڵە كردارێكی جەستەی كە دەبێت فەرمانبەر ئەنجامی بدات بۆ جێ بەجێ كردنی ئیش و كاری فەرمانگەكەی بەرهەم هێنان بێت یان پێشكەش كردنی خزمەت گوزاری بە ئامانجی بەدیهێنانی بەرژەوەندی گشتی وە هەروەها دووركەوتنەوە لە هەر هەڵس و كەوتێك كە زیان بە رێزی فەرمانبەرایەتی بگەینێت.

هەر فەرمانبەرێك مافی بۆ دابین بكرێت دەبێت لە بەرامبەر مافی ئەركی پێ بسپێردرێت وە هاوكێشەیەك هەیە لە نێوان ماف و ئەرك وە ئێمە پێشەكی باسی مافەكانی فەرمانبەرمان كرد وە مافما پێش ئەرك خست لە بەر ئەوەی مرۆڤ لە گەل لە دایك بوونی چەند مافێكی سروشتی دەبێت وەك مافی ژیان مافی میرات ... هتد وە مافمان باس كرد لە بەرئەوەی هەتا فەرمانبەر مافی دامەزراندن وەر نەگرێت ئەركی نابێت ئەركەكانی فەرمانبەر دوای دامەزراندنن وەك فەرمانبەر پێ دامەزراندنی هاولاتیەكی ئاساییە بەلام كە فەرمانی دامەزراندنی دەرجوو وە دەست بەكاری فەرمانبەرایەتیەكەی بوو دەبێتە فەرمانبەر ئەركی دەكەوێتە ئەستۆ.

---

١ جوزف بادروس ، القاموس الموسوعي الاداری ، منشورات الحلبي الحقوقية ، بیروت ، ٢٠٠٦

Scanned with CamScanner

# باسی دووەم

## ئەرکەکانی فەرمانبەری گشتی /
## واجبات الموظف العام

له بەشی دووەم له یاسای رێککاری فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژماره ١٤ ی سالی ١٩٩٠ هەموار کراو دەست نیشان کراون بەم شیوەیەی خوارەوە[١]:

١- دەبێت کارەکانی وەزیفەکەی بەخودی خۆی ئەنجامیان بدات به ئەمانەت و هەست کردن به بەرپرسیاریەتی.(نابێت کەسێکی تر رابسپێرێت له شوێنی ئەو کاریکات به کرێ بێت یان به هاوکاری فەرمانبەر به خودی خۆی کارەکەی ئەنجام بدات به ئەمانەت وهەست کردنی به بەرپرسیاریەتی گشتی که به هۆی فەرمانبەرایەتی پابەندی دەبێت).

٢- پابەند بوون بەکاتەکانی دەوام و هەرکاتێك ئەگەر ئامادەی دەوام نەبوو دەبێت به وەرگرتنی مۆڵەت بێت وه هەموو کاتەکانی دەوامیش بۆ ئیش کردن تەرخان بکات. وه یاسا رێگای داوه مۆڵەتی ئاسایی بێت یان نەخۆشی یان هەرمۆڵەتێکی وەر بگرێت هەتا مۆڵەتی کاتیش بۆ چەند کاتژمێرێك.

[١] یاسای ریککاره فەرمانبەران ژماره ١٤ سالی ١٩٩١ ی هەموار کراو

٣- ڕێزگرتنی سەرۆکەکانی وە بەکارهێنانی ڕەوشت و ڕەوان بێژی لە کاتی قسەکردن لەگەڵیان دا هەروەها جێ بەجێ کردنی فەرمانی سەرۆکەکانی لە چوارچێوەی یاسا . ئەگەر هاتوو فەرمانەکە سەرپێچی یاسای تێدابوو دەبێت فەرمانبەر بە نووسین بۆ سەرۆکەکەی بنووسێت ئەم فەرمانە جێ بەجێ ناکرێت لەبەر ئەوەی سەرپێچیەکە دژی یاسایە ، بەلاّم ئەگەر سەرۆکەکەی سوور بوو لەسەر فەرمانەکە دەبێت بە نووسین بنووسێت بۆ فەرمانبەرەکە . ئەو کات فەرمانبەر بەرپرسیار نیە لەسەرپێچیەکە وە سەرۆکەکەی بەرپرسیارە.

٤- هەڵسوکەوت کردنی باش لەگەڵ فەرمانبەرانی لەژێر چاودێری ئەو کاردەکەن وە پاراستنی کەرامەتیان. بەکار هێنانی هونەری سەرپەرشتیاری بۆ سەرپەرشتی کردنی فەرمانبەرانی

٥- ڕێزگرتن لە هاولاّتیان وە ئاسانکاری بۆ جێ بەجێ کردنی مامەلەکانیان.

٦- پارستنی سەر و سامانی دەولّەت کە لە ئەستۆی ئەو دایە وە بەکارهێنانی بە شێوەیەکی باش. دەبێت سامانی دەولەت لە لای گرنکتر بێت لە سامانی خۆی لەبەر ئەوەی سامانی دەولەت سامانی گشتیە

٧- پارستنی نهێنی زانیاریەکان و دۆکیۆمێنتەکان کە چاوی پێدەکەوێت یان لەکاتی کارکردنیان کاریان پێ دەکات کە بلاّو بوونەوەیان زیان بە بەرژەوەندی گشتی یان تاکە کەس دەگەیەنێت یان فەرمانی بۆ دەرچووە لە سەرۆکەکەی ئەم زانیاریانە کەس نەیبینێت وە ئەم

Scanned with CamScanner

ئەرکەش بەردەوام دەبێت هەتا پاش خانەنشین کردن و دەست لەکارکێشانەوش لەوەزیفە ، وە هەر دۆکیۆمێنتێکی فەرمی نهێنی لەلای بێت دەبێت بیانگەڕێنێتەوە بۆ فەرمانگەکەی بۆ شوێنی تایبەت.

٨- پاراستنی کەرامەتی وەزیفە وە دوورکەوتنەوە لە هەرشتێك کە لە ڕێزگرتنی وەزیفە کەم دەکاتەوە چ لە کاتی دەوام یان لە دەرەوەی کاتەکانی دەوام.

٩- نابێ وەزیفەکەی بەکاربهێنێ بۆ سوودێك یان قازانجێك بۆ خۆی یان بۆ کەسانێك (خزم و کەس).

١٠- گەڕاندنەوەی هەموو ئەو کەل و پەلانەی یان ئەو ئامێرانەی بە کاریان دەهێنێت بۆ شوێنی خۆی بۆ جێگەی خۆی جگە لەو ئامێرانەی نەبێت کە ڕوالەتی کار وایە کە ڕۆژانە بەکاریان بهێنێت.

١١ - پابەند بوون بە یاسا و ڕێسا و ڕێنماییەکانی تایبەت بە پاراستنی تەندروستی گشتی و سەلامەتی کار و خۆ پارستن لە سووتان.

١٢ - جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی وەزیفە بەپێ ی یاسا و ڕێسا و ڕێنماییەکانی.

Scanned with CamScanner

# باسی سێیەم

## ئەو هەڵسوکەوتانەی کە نابێ فەرمانبەر ئەنجامیان بدات

هەندێ هەڵسەکەوت هەن دەبێ فەرمانبەر خۆی لێیان دوور بگرێ ئەگەر نزیکیان ببێتەوە سزا دەدرێت سزای وەزیفە بێت یان سزای تاوان بێت لە دادگا وە بریتین لە مانەی خوارەوە[١]:

١- نابێت فەرمانبەر دوو وەزیفە وەربگرێت بە شێوەیەکی بنەڕەتی یان کۆ بکاتەوە لە نێوان وەزیفەیەك وە کارێکی تر ئەگەر بە یاسا نەبێت.

٢- نابێت فەرمانبەر کاری بازرگانی بکات یان کۆمپانیا دابمەزرێنێت یان ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی کارگێری کۆمپانیاییەك وە لەم خاڵە دووشت بەدەر دەکرێن:

أ- کڕینی پشك (سهم) لە کۆمپانیاکان.

ب - بەڕێوەبردنی کاری سەرمایە تایبەتەکەی ، کە لەڕێگای میراتەوە بۆ بەجێماوە یان بەڕێوەبردنی کارەکانی سەرمایەی هاوسەری یان خزمێکی هەتا پلە (٣) بە مەرجێك وەزیری پەیوەندی دار لە ماوەی (٣٠) رۆژدا ئاگادار بکاتەوە وە ئەگەر وەزیر پێ ی وابوو کاری تایبەتی زیان بە وەزیفەکەی ناگەیەنێت

ئەوا دەتوانێت هەردوو کاری ئەنجام بدات بەڵام ئەگەر وەزیر پێی وابوو کاری تایبەتی زیان بە بەرژەوەندی گشتی دەگەیێنێت لێرەدا فەرمانبەر سەر پشك دەکرێت لە نێوان وەزیفەکەو کارە تایبەتەکەی دەبێت لە ماوەی (١)ساڵ خۆی یەکلا بکاتەوە، ئەگەر کاری تایبەتی هەڵبژارد دەبێت لە وەزیفەکەی خۆی خانەنشین بکات ئەگەر (١٥)ساڵ خزمەتی هەبێت ، وە ئەگەر کەمتریش بوو دەبێت دەست لە کاربکێشێتەوە.

٣- بەشداری کردن لە کەم کردنەوەو داشکاندن نابێت بەشداری بکات لە کەمکردنەوەو داشکان کە فەرمانگەکەی ئەنجامی دەدات.

٤- نابێت فەرمانبەر بەشداری بکات لە مەزادی ئاشکرا ئەوەی فەرمانگەدەی کات بۆ فرۆشتنی کەل و پەلی گوێزراوەو نەگوێزراوە (منقولە و غیرمنقولە) دەوڵەت یان بەکرێ دانی مولکی دەوڵەت بە تایبەتیش ئەگەر فەرمانبەر ئەندام یان سەرۆکی لێژنەی فرۆشتن و خەملاندن و پێدان و یان بڕیار بەدەست بێت بە فرۆشتن و بەکرێ دان یان فەرمانبەر بێت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی یان بەرزتر کە فەرمانگەکەی پێی بەستراوەتەوە.

٥- نابێت ئامێر و ئالەت و ئامرازەکانی گواستنەوە کە تایبەتن بە فەرمانگەکانی دەوڵەت یان کەرتی گشتی بۆ سوودی کەسی خۆی بەکاربهێنێت.

٦- نابێت فەرمانبەر بە سەرخۆشی بێتە ناو فەرمانگەکەی یان بە سەرخۆشی بسوڕێتەوە لە شوێنە گشتیەکان.

Scanned with CamScanner

٧- نابێت بەرهەم کەم بکاتـەوە یـان زیـانی پێبگـەیێنێت بـە شـێوەیەکی ئەنقەست( عمدا).

٨- بە باشی بەکار نەهێنانی کاتژمێرەکانی کـار وە ئامرازەکـانی بەرهـەم هێنان بۆ ئەنجام دانی کارەکەی وە هەروەها گـوێ نـەدان و سسـتی کـە ببێتە هۆی زیان گەیاندن بـە بەرهـەم و خزمـەت گـوزاری و مـولکی دەوڵەت. نابێت فەرمانبەر سست بێت لە ئەنجام دانی کارەکانی یان بـە نادروستی ئامرازەکانی بەرهەم هێنان بەکار بێنێت زیـان بـە بەرهـەم هێنان یان پێشکەش کردنی خزمـەت گـوزاری بگـەینێت وە هـەروەها کاتژمێرەکانی کار کردن بۆ سوودی گشتی بـەکار نـەهێنێت هـەر وەك دەبینین فەرمانبەران کاتەکانی دەوام تەرخان دەکـەن بـۆ نـان خـواردن دووجار ویان ئەتاری کردن بە کۆمپیەتەر یان چنین (

٩- دواخستنی ئەنجام دانی کارەکەی کە دەبێتـە هـۆی پەککـەوتنی کـاری کەسانی تر. بەتایبەتی ئەو کارانەی کـە بـە هـەنگاو هـەنگاو ئـەنجام دەدرێت دواخستن لە هەنگاوێك دەبێتە دواخستن و پـەك کـەوتنی کـار کردن لە هەنگاوەکانی لە دوای ئەو دێن.

١٠- نابێت هیچ ئامێر و ئالـەتی بەرهـەم هێنـان بـەکاربهێنێت ئەگـەر سەرۆکی راستەو خۆ رای نەسپاردبێ وە نابێت فەرمانبەر هیچ بەڵگـە نامەیەك یان کاغەزێك لەناو دۆسیەیەك دەربێنێت وە بەکاری بهێنێت بۆ کاری نافەرمی.

١١- نابێت هیچ لێدوانێك بۆ دەزگاکانی راگەیانـدن و بلاوکردنـەوە بـدات دەربارەی ئیش و کاری فەرمانگەی یان ئیش و کاری وەزیفەکەی خۆی ،

ئەگەر ڕێگەی پێ نەدرابێت لەلایەن سەرۆکی تایبەتمەندەوە. جێگای خۆیەتی کە دەبینین یان دەبیسین فەرمانبەرێك رازی نەبەبوو لێدوان بدات بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەبەر ئەوەی دیارە ڕێگای پێ نەدراوە لە سەرووی خۆی لێدوان بدات وە ئەمەش پابەند بوونە بە یاسا .

١٢- نابێت فەرمانبەر یاری بە پڕۆژە بکات وە ئالەت و ئامێرو کەرستەکان و کەرستەی خاوی بفەوتێنێت.

١٣- نابێت فەرمانبەر پارە قەرز بکات یان دیاری و پاداشت لە بەڵێن دەران ومراجعەکان وگرێبەستکارەکان و (متعاقدەکان) وپەیماندەرەکان (متعهدەکان) وەربگرێت بەرامبەر بەسوودێك یان لەبەر هەبوونی پەیوەندی کار لەگەڵ فەرمانبەر بە حوکمی فەرمانبەرایەتیەکەی.

## ئەو بڕگە یاساییانەی کە تایبەتن بەکارکردنی فەرمانبەر دوای کاتەکانی دەوامی فەرمی:[1]

أ - فەرمانبەر بۆی هەیە دوای دەوامی فەرمی کاری تایبەتی خۆی یان لەکەرتی تایبەت کاربکات لە پلە (٧)و بەرەو خوار واتا پلە(١٠,٩,٨,٧) ، وە دەبێت ساڵی جارێك ئاگاداری فەرمانگەکەی بکاتەوە بە شوێنی و ڕوالەتی کاری وە نابێت کارەکەی وای لێ بکات کەوا ئەرکەکانی وەزیفەی پێ جێ بەجێ نەکرێت.

ب - وەزیر یان ئەو کەسەی وەزیر دەسەلاتی پێدەدات بۆیان هەیە ڕێگا بە فەرمانبەر بدەن کە دوای دەوامی فەرمی بۆ خۆی یان لە کەرتی تایبەت

---

[1] یاسای ڕێککاری فەرمانبەر بڕگە (٦)

کاربکات لە پلەی (٦) بەرەو سەر واتا (پلەکانی١,٢,٣,٤,٥,٦) بۆ ماوەی ساڵێك وە دەکرێت نوێش بکرێتەوە.

ج - ناکرێت ئەو فەرمانبەرانە لە خوارەوە هاتوون دوای دەوامی فەرمی کاربکەن بە هیچ شێوەیەك کە بریتین لە:

١- ئەو فەرمانبەرانەی کە بە فەرمایشی کۆماری یان فەرمانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێن واتا پلە تایبەتیەکان (أ ، ب) [1].

٢- فەرمانبەرانی وەزارەتی دەرەوە.

٣- کارمەندانی راژەی دەرەوە (بالیۆزەکان، سکرتێرەکان، قونسولەکان،....هتد).

---

[1] تێبینی/ هەر فەرمانبەرێك سەرپێچی ئەرکەکانی وەزیفەی بکات یان کارێك بکات کە رێگەی پێنەدراوە دەبێت سزا بدرێت بە یەکێك لە سزاکانی هاتوو لە یاسای (١٤) (١٩٩١) یاسای رێککاری فەرمانبەران وە دەکرێت فەرمانبەر بدرێتە دادگا ئەگەر تاوانی جینائی ئەنجام دابێت بە حوکمی وەزیفەکەی بۆ ئەوەی سزای یاسایی خۆی وەربگرێت.

Scanned with CamScanner

# باسی چوارەم

# بنەماكانی ڕەوشتی تایبەت بە فەرمانبەرانی دەوڵەت و كەرتی گشتی و كارمەندانی كەرتی تێكەڵاو بۆ ساڵی ٢٠٠٦

دەستەی نەزاهەی عێراقی كۆمەڵێك بنەمای داناوە بۆ پابەندبوونی بە فەرمانبەرانی دەولەت و كەرتی گشتی وە ئەمانە بە ئەركی فەرمانبەر دادەندرێ وە ئەگەر سەر پێچیان بكات دەبێت سزا بدرێت بە یەكێك لە سزاكانی هاتوو لە یاسای ڕێككاری فەرمانبەرانی گشتی ژمارە ١٤ ساڵی ١٩٩١ هەموار كراو.

١- ئاگادار كردنەوەی لایەنی تایبەتمەند بە هەر حاڵەتێك لە حاڵەتەكانی گەندەڵی یان خراپ بەكارهێنانی دەسەڵات ئەگەر پێ بزانێ.

٢- جێ بە جێ كردنی ئەركەكانی فەرمانبەرایەتیەكەی بە ئەمانەت و لێ هاتوویی و لە خۆ بوردەیی و سوو ربوون لەسەر بەرژەوەندی گشتی وە نابێت پابەند بوونی و چالاكی سیاسی لە پاش جێ بە جێ كردنی ئەركەكانی فەرمانبەرایەتی كەم بكاتەوە.

٣- ئەنجام دانی ئەرکەکانی فەرمانبەرایەتی بەبێ لایەنی و بەبێ جیـاوازی کردن لەسەر بنەمای ڕەگەز و نەتەوە و ئـاین و ڕەنـگ و بیر و بـاوەری سیاسی هەر پێوەرێکی تر هاوتا ئەگەر پێچەوانەی یاسا بێت.

٤- نابێت بخرێتە ناو هەر ڕێککارێکی دارایی کە بکەوێتە ناو ئەرکـەکانی فەرمـانبەرایەتیەکەی یان فەرمـانبەر دەوری هەبێت لـە ئامـادەکردن و پێدان و جێ بەجێکردن و پێدانی زانیاری فەرمی بۆ بەرژەوندی کەس و پابەند بوون بە بەشداری نەکردنی کەسی خۆی لـە پرسـە فەرمیـەکان کە ئەو ڕاستەوخۆ یان پێش بینی کراو سەنگی دەبێت لـە بەرژەوەندیـە داراییەکان یان بەرژەوەندی هاوسەری یان یـەکێ لـە نزیکـەکان تـاکو پلە٤.

٥- جێ بەجێکردنی یاساکان و ڕێساکان و ڕێنماییەکانی جێ بە جێ کـراو وە فەرمانەکان کە بۆی دەردەچن لە سەرۆکی کارگێڕی بە پـێ ی یاسـا وە ئەگەر فەرمـانەکان سەرپێچی یاسا بـوون دەبێـت فەرمانبـەر ڕووی سەرپێچەکەو زانیاریەکانی بۆ سەرۆکی بنووسێت بـە نوسـین و نابێـت جێ بەجێ بکات بەلاّم ئەگەر سەرۆکەکەی دووپاتی کردەوە جـێ بـەجێ یان دەکات وە سەرۆکەکەی بەرپرسیار دەبێت .

٦- ئاشکرا کردنی ڕواڵەتی بەرژەوەندیە کەسیەکان لەکاتی دامەزراندی کە ئاسەواریان هەبێت لەسـەر ئەنجامـدانی ئەرکـەکانی فـەرمی وە هـەر گۆڕانگاریەکیان بە سەربێت لەکاتی خزمەتی دا.

٧- نابێت هیچ کارێك یان پیشەیەك ئەنجام بدات کە نـاکۆك بێـت لەگـەڵ ئەرکە فەرمیەکانی ئەگەر کارەکە یان پیشەکە بە کرێ بێت یان بە بێ کرێ .

٨- پاراستنی نهێنی زانیاریەکان و بەڵگەنامە فەرمیەکان کە لە لای ئەون یان دەیان بینێت بە حوکمی فەرمانبەراییتیە کەی وە نابێت بـەکاریان بێنێت بە پێچەوانەی یاسا.

٩- نابێت دیاری وەربگرێت یان داوای سودێك بکات کـە ئامـانجی دەبێتـە هۆی لەکەدارکردنی بێ لایەنیەکەی یـان نەزاهەتەکـەی وە ئاسـەواری دەبێت لەسەر جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی یان ڕێ گرتن لە جێ بەجێ کردنیان یان دەبێتە سەرچاوە بۆ بەرژەوەندی تاکێك لە تاکـەکانی یـان نزیکەکانی هەتا پلە ٤ ئەگە بۆ هەمان ئامانج بێت.

١٠- نابێـت هـیچ بـەلێنێك بـدات سەرپێچـی یاسـا بێـت وە نابێـت هەڵبخەڵەتی بە هەست و نەست بەرامبەر بە کەسانی تر لە کاتی جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی فەرمانبەرایەتیەکەی دا .

١١- نابێت زانیاری نادروست یان هەڵ خەڵەتێنـەر بخاتـە نـاو قەیـدەکانی دەوڵەت بە هەر هۆکارێـك بێـت وە ببێتـە هـۆی دەسـتکاری سـامانی دەوڵـەت و کەرەسـتەکانی وە نابێـت دەسـتکاری سـامانی دەوڵـەت و کەرەستەکانی دەوڵەت بکات بە بێ ڕێگا پێدانی ڕاست و دیار .

١٢- نابێت هیچ لێدوانێك یان زانیاریەکانی فەرمی بدات ئەگـەر ڕێگـا پێدانێکی فەرمی نەبێت.

Scanned with CamScanner

١٣ - ئەو زانیاریانەی کە دەداتە دەستەی نەزاهە دەبێت ڕاست و ورد بن هەر کاتێك داوای لێ کرا یان یاسا بەسەری سەپاند کە پێشکەشیان بکات.

١٤ - دەبێت بایەخی پێویست بە پاراستنی کەرەستەی دەوڵەت و مولی بدات کە لەە ئەستۆی دایە یان بەکاریان دێنێت بە حوکمی کارەکەی و دەبێت بەکارهێنانیان بە کارایی و لێهاتووی و ئابوری بێت وە نابێت بە کاریان بێنێت بە پێی یاسا و ڕێساو ڕێنماییەکان نەبێت.

١٥ - نابێت ئەو دەسەڵاتەی بە پێ ی یاسا پێ ی دراوە بە خراپی بەکاری بهێنێت وە نابێت قۆرخی بکات بۆ بەدی هێنانی بەرژەوەندی و سودی کەسی یان دارایی یان زیان بە مافەکانی خەڵکی تر گەیاندن یان ببێتە هۆکار بۆ زیان گەیاندن لە کاتی ئەنجامدانی کارەکانی وەزیفەکەی وە بەر پرس دەبێت بە پێ ی یاسا بە زیان گەیاندن بە قەرەبوو کردنەوەی زیانەکان کە لە ئەنجامی کارەکەی رووی داوە.

١٦ - پاراستنی کەرامەتی فەرمانبەرایەتی گشتی وە دەبێت دەربکەوێت بە سیمایەکی گونجاو وە دوور بکەوێتەوە لە هەر هەڵسو کەوتێك کە لە ڕێزی وەزیفە کەم بکاتەوە لە کاتی دەوامی فەرمی یان لە دەرەوەی دەوام بێت.

١٧ - کارکردن بۆ گەشە کردنی زانیاری فەرمانبەرایەتی کە ببێتە هۆی گەشەکردنی شارەزایی لە کار و تێگەیشتنی ئەو ئەرکانەی کە پێ ی سپێردرانە .

Scanned with CamScanner

١٨ – هەڵس وکەوت بە باشی لەگەڵ ئەو فەرمانبەرانەی لە ژێر سەرپەرشتی ئەو دان وە کەرامەتیان بپارێزێ .

١٩ - رێز گرتنی هاوڵاتیان و ئاسان کردنی کارەکانیان بە پێ ی یاسا.

٢٠ - پابەند بوونی تەواو بە کاتەکانی دەوامی فەرمی وە دەبێت گشت کاتەکان بۆ کاری فەرمی تەرخان بکات.

٢١ - نابێت کار بکات لەگەڵ هەر لایەنێك بێت لە کەرتی تایبەت کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەبێت بە وەزیفەکەی یان لە بواری کاری وەزیفەکەی پێشووی وە نابێت هیچ پاداشتێك قبوڵ بکات بۆ ماوەی (٢) ساڵ لە دوای تەواو بوونی خزمەتی فەرمانبەرایەتیەکەی.

**ئەو پابەند بوون و رێککاریانەم بینی کە لە بنەماکانی ڕەوشتی وەزیفەدا هاتوون و بەڵێن دەدەم کە پابەندیان بم وە سەرپێچی کردنیان دەبێتە هۆی لێپێچینەوە و سزای شارستانی یان کۆتایی هێنانی خزمەتم بە پێ ی یاسا و لەبەر ئەوە واژووم کرد:**

ناوی چوارینی فەرمانبەر ..........................................................

نازناوی.............................

واژوو :

بەروار:

ئەو زانیاریانە دەربارەی فەرمانبەر لە لایەن فەرمانگەی پڕ دەکرێتەوە وە سەرۆکی ڕاستەوخۆ بەرپرسە لە دروستی زانیاریەکان .

*ناوی فەرمانبەری ڕاسپێراوی چواریان :

*بەروار و شوێنی لە دایك بوون:

Scanned with CamScanner

*ناوی دایکی:

*ناوی وەزارەت و فەرکانگە و بەش:

*ناونیشانی فەرمانبەرایەتی:

*ڕۆژی دامەزراندنی :

*گرێبەستی و بەرواری گرێبەست:

*دووبارە دامەزراندنەوەی :

*بەرواری دامەزراندنی یەکەم:

*بەرواری دووبارە دامەزراندنوە:

*ژمارەی ناسنامەی باری کەسی:

*ژمارەی سجل:

*ژمارەی لاپەرە:

*لایەنی دەرکردە:

*بەرواری دەرچوون:

*ناوی بەڕێوەبەری فەرمانگە:

*واژووی :

*بەروار :

* *تێبینی:

کۆپییەك لە ناسنامەی باری کەسی هاوپێچ دەکرێت لەگەڵ ئەو فۆرمەی کە بۆ دەستەمان ڕەوانە دەکرێت.

Scanned with CamScanner

# بەشی پێنجەم

# سزادانی فەرمانبەران / انضباط الموظفين

هەر فەرمانبەرێك سەرپێچی ئەرکەکانی فەرمانبەرایەتیەکەی بکات یان کردارێکی نابەجێ ئەنجام بدات رووبەرووی بەر پرسیاریەتێکی رێککاری دەبێت کە لە یاسای رێککاری فەرمانبەرانی گشتی و کەرتی گشتی بنەماکانی دارێژراوە.

لە عێراق سێ یاسای رێککاری فەرمانبەران دەرچووە یەکەمیان یاسای ژمارە ٤١ ی سالی ١٩٢٩ وە دووەمیان یاسای ژمارە ٦٩ ی سالی ١٩٣٦ کە بۆ ماوەی زیاتر لە ٤٠ سال کاری پێکرا وە یاسای سێیەم یاسای ریککاری فەرمانبەرانی دەولەت و کەرتی گشتی ژمارە ١٤ سالی ١٩٩١ ی هەموار کراوە وە ئەم یاسایا ئێستا لە عێراق و هەرێمی کوردستان کاری پێ دەکرێت وە بۆ زیاتر ئاشنا بوون بەم یاسایا پیویستی بە پێناسەکردنی چەند دەستەواژەیەك هەیە کە لەم یاسایەدا هاتون کە ئەمانەی خوارەوەن :

ئەنجومەن : ئەنجومەنی ریککاری گشتی پیک هاتوە بەپی ی یاسای ئەنجومەنی راویژکاری دەولەت ژمارە(٥٦)ی سالی ١٩٧٩ هەموار

کراو وە پێك دێت لە سەرۆك و دوو ئەندام وەزیری داد دەستنیشانیان دەکات کە سەرۆکەکەی یەکێك بێت لە دادوەرانی دادگای تەمیز یان راوێژکارێکی ئەنجومەنی شۆرای دەولەت یان دادوەرێکی پلە یەك وە دوو ئەندامەکەی تر بەلانی کەم دادوەری پلە دوو بن وە دەکرێت ئەندامی یەدەك هەبێت ئەگەر ئەندامێك ئامادە نەبو شوێنی بکرێتەوە وە ئەم ئەنجومەنە لە بەغدا دەبەسترێت وە ئەم ئەنجومەنی سەیری تانەکانی فەرمانبەران دەکات کە مافی سکالا کردنیان هەیە کە مافیان پێ شێل کراوە وە بەپێی یاسای راژەی شارستانی کە یاسا رێگای بە فەرمانبەر نەداوە لە دادگا داوا لەسەر فەرمانگەکەی تۆمار بکات.

**وەزیر:-** وەزیری تایبەتمەندو سەرۆکی لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت بەوەزیر دادەنرێ بۆ مەبەستی ئەم یاسایە.

**سەرۆکی فەرمانگە:-** بریکاری وەزارەت و ئەوەی لەپلەی ئەو دایە لەخاوەن پلە تایبەتیەکان ئەوانەی پێك هاتەیەکی دیاری کراو بەڕێوەدەبەن وبەڕێوەبەری گشتی یان هەر فەرمانبەرێکی تر وەزیر دەسەلاتی سەپاندنی ئەم سزایانەی لەم یاسایە دەقی بۆ دارێژراوە پێ بدات.

**فەرمانبەر:-** هەموو کەسێك کارێکی پێ سپێردرابێ لەناو (میلاك)ی وەزارەت یان لایەنی نەبەستراوە بەوەزارەت

**لێژنە:-** لێژنەی لێکۆلینەوە کەو وەزیر یاخود سەرۆکی فەرمانگە پێکی دێنێت یۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە.

**یەکەم:-** حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر گشت فەرمانبەرانی دەولەت وکەرتی گشتی پەیرەو دەکرێ.

دووەم:- هێــزە چــەکدارەکان و هێزەکــانی ئاسایشــی نــاوەخۆ و دەزگــای هەوارڵگری نیشتمانی و داد پرس وئەندامانی داواکاری گشتی ملکەچی حوکمەکانی ئەم یاسایە نابن جگە لەوەی گەر دەقێك لەیاساکانیان هەبێ رێگا بەجێ بەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە بدات.

سێیەم : ئەگەر فەرمانبەر سەرپێچی کرد لەئەرك و کارەکانی یـان هەڵسـا بەکارێك لەوکارانەی رێگەی پێ نەدراوە بیکات ئەوا سزا ئەدرێ بەیەکێ لەو سزایانە لەم یاسایە دەقی بـۆ دارێـژراوە وە ئەمــە نابێتــە رێگـر بـۆ سەپاندنی هەر کارڕاییێك لەدژی بە پێ ی یاساکان.

Scanned with CamScanner

# باسی یەکەم

## سزاکان وکاریگەریان لەسەر فەرمانبەر

## العقوبات واثارها على الموظف

ئەو سزایانەی کە دەکرێ بەسەر فەرمانبەردا بسەپێندرێن لەمادە هەشتی یاسای ریککاری فەرمانبەرانی ژمارە(١٤)ی سالی ١٩٩١ هەموار کراودا دەست نیشان کراون لەم مادە یاسایەدا تەنها ئاماژە بە جۆری سزاکان کراوە وە دەست نیشانی سەرپێچیەکان نەکراون کە شایستەی سزایەکەی بەرامبەری بێت وە فە رمانبەر سزا دەدرێت بە پێوانی ئەو کردارەی یان سەرپێچیەی فەرمانبەر کردویەتی بۆ ئەوەی کام سزا گونجاوە بەسەری دا پسەپێندرێت وە ئەمە وەك یاسای سزادانی عێراقی نیە کە بنەما یاسایەکەی (هیچ تاوانێك وهیچ سزایەك نیە بە دەقی یاسایی نەبێت )[1] بەلام ئەگەر فەرمانبەر کردارێکی ئەنجام دا تاوان بوو ئەوا دۆسیەکەی رەوانە دادگا دەکرێت بۆ ئەوەی لە دادگا سزایەکەی وەر بگرێت بە پێی یاسای سزادانی عێراقی .

---

[1] د. ماهر صالح علاوي الجبوري ، مبادىء القانون الاداري ، المكتبة القانونية ، بغداد ، ١٩٩٦ ،ص١٢٣

# جۆرەکانی سزایەیەکان:

**یەکەم: سەرنج راکێشان (لفت النظر):** بە ئاگادارکردنەوەی فەرمانبەرە بە شێوەی نووسین لەو سەرپێچییەی ئەنجامی داوە و ئاراستە کردنی بۆ چاککردنی ڕەفتاری لە ئەرکەکەی ، وە سەپاندنی ئەم سزایە دەبێتە هۆی دواکەوتنی (بەرزکرنەوە) یان (سەرموچە) بۆ ماوەی سێ مانگ بۆ نمونە ئەگر فەرمانبەریك شایستەی سەر موچە بو لە ٢٠١٠/٩/٢ وەلە ٥/٥/ ٢٠١٠ سزادرا بە سزای سەرنج راکێشان وەسزایەکەی لەسەر جی بەجی کرا سەرموچەکەی دوادەخرێ بۆ ماوەی (٣) مانگ لە ٢٠١٠/١٢/٢ پێی دەدرێت.

**دووەم: بەئاگاهێنانەوە ( الانذار ):** بە ئاگادارکردنەوەی فەرمانبەر دەبێ بە شێوەی نووسراو بیت لەو سەرپێچییەی ئەنجامی داوە وە هۆشیار کردنەوەی لە کەم تەرخەمی لە ئەرکەکەی لە داهاتوو وە سەپاندنی ئەم سزایە دەبێتە هۆی دواکەوتنی (بەرزکردنەوە) یان (سەرموچە) بۆ ماوەی شەش مانگ بۆ نمونە فەرمانبەریك سزادرا بەم سزایە لە ٢٠١٠/٢/٩ وە شایستەی بەرزکردنەوەی پلەکەی بو بۆ پلە شەش لە ٢٠١٠/٥/١ دوای جی بەجی کردنی سزایەکە بەرزبونەوەی دوا دەخری بۆ ٢٠١٠/١١/١ .

**سێ یەم: بڕینی موچە ( قطع الراتب ) :** بە بڕینی پاژەی ڕۆژانە لە موچەی فەرمانبەر دەبێ بۆ ماوەیەك لە (دە) ڕۆژ زیاتر نەبێ بە فەرمانێکی نوسراو ئەو سەرپێچییەی تیایدا دیاری دەکری کە فەرمانبەر ئەنجامی داوە وا پێویستی کردوە ئەم سزایەی بە سەردا

Scanned with CamScanner

بسەپێندرێت وە ئەمە دەبێتە هۆی دواکەوتنی (بەرزکردنـەوەی) یان (سەرموچە) بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- پێنج مانگ لەکاتێدا برینی موچە لە پێنج رۆژ زیاتر نـەبێت (بۆ نمونە فەرمانبەریك لـەرۆژی ٥/٣/٢٠١٠ سـزا درا بـەبرینی موچـەی بـۆ مـاوەی ٣ رۆژ وە شایسـتـەی سـەر موچـە بـو لـە ٤/٥/٢٠١٠ دوای جی بەجی کردنی سزایەکە لە سەر فەرمانبەر لە موچەی مانگی ٣ پاژەی رۆژانەی ٣رۆژی لی دەبریت ( تەنها لە مانگی ٣) وە سەرموچەکەشی دوا دەخری بۆ مـاوەی ٥ مـانگ وە لە رۆژی ٤/١٠/٢٠١٠ شایستە دەبێت.

ب - یەك مانگ لەبەرامبەر هەر رۆژێك لـەبڕینی موچە لـە کاتێـك گـەر ئـەم سـزایە لـە پێـنج رۆژ زیـاتر بـوو. بـۆ نمونـە فەرمانبـەریك سـزا درا بـە بـرینی موچـە بـۆ مـاوەی ٩ روژ لـە ٤/١/٢٠١٠ وە شایستەی سەرموچە بو لـە رۆژی ٢/٣/٢٠١٠ دوای جی بە جی کردنی سزایەکە پاژەی ٩ رۆژی لەموچەی مانگی یەك دەبریت بەتەنها لەم مانگە وە سەر موچەکەشـی دوا دەخری بۆ٢/١٢/٢٠١٠

**چوارەم: سەر زەنشت کردن (التوبیخ):** ئاگادارکردنەوەی فەرمانبەر بەشێوەی نووسین لەو سەرپێچیەی ئەنجامی داوە وە ئەم هۆیانـەی وای لیّ کردووە کە رەفتاری جێگای پەسند نەبێت و داوای لێدەکرێت واز لە ئەنجامدانی ئەو سەرپێچیانە بهێنێت و رەفتاری جیّ بەجیّ کردنی ئەرکەکەی خۆی چاك بکات وە سەپاندنی ئـەم سـزایە دەبێتـە هۆی دواکەوتنی (بەرزکردنەوە) یان (سەرموچە) بۆ ماوەی یـەك سـاڵ بۆ

Scanned with CamScanner

نمونــە فەرمانبــەریك ســزا درا بــە ســزای سەرزەنشــت كــردن لــە ٢٠١٠/٦/٧ وە شایستەی بەرزكردنەوەی پلە بوو بۆ پلـە چـوار لـە ٢٠١٠/٨/١ دوای جی بە جی كردنــی ســزایەكە بەرزكردنــەوەی دوا دەخری بۆ ٢٠١١/٨/١ .

**پێنجەم: كەم كردنــەوەی موچــە ( انقـاص راتـب ):** بـە بڕینـی گوژمەیەك دەبێـت لـە موچـەی فەرمانبـەر بـە ڕێـژەی (١٠٪) لـە موچەی مانگانەی زیاتر نەبێ بۆ ماوەیەك لە شـەش مـانگ كـەمتر نەبێ و لە دوو ساڵیش زیاتر نەبێ بە پێ ی فەرمانێكی نوسراو دەبێ فەرمانبەر ئاگادار بكرێتەوە لەو كردەوەی ئەنجامی داوە وە سـەپاندنی ئەم سزایە دەبێتە هۆی دواكەوتنی (بەرزكردنەوەی) یان (سەرموچـە) بۆ ماوەی دوو ساڵ بۆ نمونە لە رۆژی ٢٠١٠/٩/٨ فەرمانبەریك سزا درا بەسزای كەمكردنەوەی موچە بۆ ماوەی یەك سـال بەریـژەی ١٠٪ لەموچـەكەی وە موچــەی بنــەرەتی مانگانــەی ٤٢٩٠٠٠ دینــارە وەشایستەی سەرموچەیە لە ٢٠١٠/١٢/١ جێ بەجێ كردنــی ئـەم سزایە بەم شێوەیەی خوارەوە ئەنجام دەدرێت :

أ - كەمكردنەوەی موچەی مانگانەی بـە ریـژەی ١٠٪ لـەو مانگـەی سزای بەسەر سەپێندراوە ئەویش مانگی ٩ / ٢٠١٠ كەمانگانە بـری (٤٢٩٠٠ دیناری ) لەموچەی مانگانە كەم دەكریتەوە بۆ ماوەی یەك سال بەم هاوكێشەیەی خوارەوە موچەی بنەرەتی مانگانەی X ریژەی برین = ٤٢٩٠٠٠ X ١٠٪ = ٤٢٩٠٠ دینار

ب - دواخستنی سـەر موچـەكەی بـۆ مـاوەی ٢سـال واتـە لـە رۆژی ٢٠١٢/١٢/١ سەر موچە وەردەگری .

شەشەم: داگرتنی پلە( تنزيل درجة): بەفەرمانێکی نوسـراو دەبـێ فەرمانبـەر ئاگاداربکرێتـەوە لـەوکردەوەی ئـەنجامی داوە کـە بۆتـە شایستەی سەپاندنی ئەم سزایە بە سەری دا وە سەپاندنی ئەم سزایە دەبێتە هۆی:

أ- سەبارەت بەو فەرمانبەرانەی ملکەچی ئەم یاسایانەن یان سیستەم یان بنەما یان ڕێنمایی راژە کە کار بەسیستەمی پلەی دارایـی و بەرزکردنەوە دەکەن ، هێنانەخوارەوەی پلەو موچەی فەرمانبەر بـۆ ئاستی خوار ئەو پلەییەی کە تیایەتی راستەوخۆ لەگـەل پێـدانی ئەو سەر موچانەی وەری گرتوون لەو پلەیەی کە تیایـدابووە پـێش هێنانە خوارەوەی وە لە پلەی دابزێندراو بۆی ئەو سـەر موچـانەی پـێ دەدرێـن وە دابەزانـدنی پلـە بـو مـاوەی ٣ سـالە لـە رۆژی سەپاندنی سزایەکە بەسەریدا وەدوای تەواوکردنی ماوەی سزایەکە کە٣ سالە دەگەڕێنرێتەوە بۆ ئەو موچەی کـە وەری دەگـرت پـێش هێنانە خوارەوەی لەگەڵ خولی ماوەی بەسەر بردوولە دوا موچـەی پـیش سـەپاندی سـزاکە.بۆ نمونـە فەرمانبـەریك سـزا درا لـە رۆژی٢٠٠٨/٧/٨ بەسزای دابەزاندنی پلە وەموچـەی مانگانـەی بنەرەتی ٣٧٤٠٠٠ دینار بو واتە پلە شەش وەشایستەی سەرموچە بولە ٢٠٠٨/١١/٥ . دوای جیّ بە جیّ کردنی سزایەکە پلەکەی دادەبەزی بۆ پلە حـەوت وە موچەکەشـی دادەبـەزی بـو ٣٠٨٠٠٠ دینار وەدوای تەواوکردنی ماوەی سزایەکە کـە ٣ سـالە لە ٢٠١١/٧/٨ موچەکەی دەبێتەوە ٣٧٤٠٠٠ دینار وەلـە رۆژی ٢٠١٢/١١/٥ سەر موچەی شایستە بووی پیّ دەدرێت .

ب- سەبارەت بەو فەرمانبەرانەی ملکەچی ئەو یاسایانەن یان سیستەم یان بنەما یان ڕێنمایی راژەن کە کار بە سیستەمی سەرموچە هەر (٢)ساڵ جارێك دەکەن داشکاندنی دوو سەرموچە لە موچەی فەرمانبەر دەکرێت بۆ ماوەی (٣) ساڵ لە مێژووی سەپاندنی سزا کە لەگەڵ خولی ماوەی بەسەر بردوو لە دوا موچەی پێش سەپاندنی سزاکە وە دوای تەواو کردنی ماوەکە دەگەڕێنرێتەوە بۆ ئەو موچەی کە پێش هێنانە خوارەوەی پلەکەی وەری دەگرت وە لە دوای (٣) سال لە رۆژی شایستە بوونی سەرمووچەی داهاتوو وەر دەگرێت.

ج- سەبارەت بەو فەرمانبەرانەی ملکەچی ئەو یاسایانەن یان سیستەم یان ڕێنمایی راژەن کە کار بە سیستەمی سەرموچەی سالأنە دەکەن ، داشکاندنی سیٚ سەر موچەی سالأنە لە موچەی فەرمانبەر لەگەڵ خولی ماوەی بەسەر بردوو لە دوا موچەی پێش سەپاندنی سزاکەوە دوای تەواو بونی ٣سال بەسەر دابەزاندنەکە موچەکەی دەگەریتەوە شوینی خوی وە لە بەرواری شایستە بوونی دوای (٣) سال سەرمووچەکەی وەر دەگرێت.

**حەوتەم: دەرکردن ( فصل):** لابردنی فەرمانبەرە لە فەرمانبەرایەتی بۆ ماوەیەکی دیاری کراو کە لەفەرمانی دەرکردن دیاری دەکریٚ وە دەست نیشان کردنی ئەو هۆکارانەی بونەتە هۆی سەپاندنی ئەم سزایە بە سەر فەرمانبەر وە بەم شیوەیەی خوارەوە :

أ- ماوەکە لەساڵێك کەمتر نەبیٚ و لە (٣)ساڵ زیاتر نەبیٚ ئەگەر فەرمانبەر بە دوو سزا لە مانەی خوارەوە سزا درا یان بە یەکیان دوو جار و لە جاری سیٚ یەم لە ماوەی (٥)ساڵ لە مێژووی

سەپاندنی سزایی یەکەم کارێك ئەنجام بدات دەبێ سزا بدرێ بە یەکیان:

١- سەرزەنشت کردن.

٢- کەم کردنەوەی موچە.

٣- داگرتنی پلە.

بۆ نمونە : فەرمانبەرێك سزادرا لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٦/٩ بە سزای سەرزەنشت کردن وەلە ڕۆژی١٥/١٢/٢٠٠٨ سزادرا بە سزای کەمکردنەوەی مووچە بە ڕێژەی ٨٪ بۆ ماوەی ٦ مانگ وە لە ڕۆژی ٢٠١٠/٨/٤ سەرپێچیەکی کرد شایستەی سزای سەرزەنشت کردن بوو بەلام لەبەر ئەوەی لەماوەی ٥سالی رابردوو سزاکانی سەرزەنشت کردن وکەم کردنەوەی موچەی بەسەر سەپێندرابوو دەبیت ئەمجارە لە جیاتی سزای سەرزەنشت کردن دەبێت سزا بدرێت بە سزای دەرکردن بۆ ماوەی سالیك کەمتر نەبێت وە لە ٣سالیش زیاتر نەبێت . ئەم برگەیە روون نیە ئایا فەرمانبەر راستەو خۆ سزا دەدرێت بە سزای دەرکردن بۆ ماوەی سالێك کەمتر نەبێت وە لە (٣) سالیش زیاتر نەبێت ئەگەر رەفتارێکی کردبێت بە راسپاردەی لیژنەی لێکۆلینەوە شایستەی سەپاندی سزای دەرکردن بێت بێ ئەوەی پێشوو سزادرابێت بەدوو سزا لە یەکێك لەم سێ سزایانە( سەرزەنشت کردن ، کەمکردنەوەی مووچە ، دابەزاندنی پلە) لە ماوەی ٥سالّ لە بەرواری یەکەم سزادانی بە رای من پێویستە پرسیار لە ئەنجومەنی شورای دەولەت بکرێت بۆ ساغکردنەوەی وە ئەگەر مەبەستی یاسا دانەر ئەوە بێت رێگا نەدرێت بە سەپاندنی سزای

Scanned with CamScanner

دەرکردن بە بێ تێپەربوون بە پلەکانی سزا توندەکان دوو جا ئەگەر بۆ جاری سێیەم سەر پێچی ئەنجام دا دەردەکرێت وە ئەمەش بە پاراستی فەرمانبەر دادەندرێت لەم سزایە.

ب- ماوەی مانەوە لە بەندیخانە ئەگەر فرمانی بەندکردن یان زیندانی کردن بۆ دەربچێ لەسەر تاوانێك پەیوەندی بە ئابرووەوە نەبێ وە رۆژی دەرچوونی فرمانی بەند کردنی دەبێت فەرمانگەکەی سزای دەرکردنی بدات لەرۆژی دەستگیر کردنی سزایەکەی لەسەر جێ بەجێ دەکری وە ئەو نیوە موچەی بۆی خەرج کراوە لەماوەی دەست کێشانەوەی ( سحب اليد)لیّ ی وەرناگیرێتەوە بەلام لەم برگەیەدا دیار نیە ئەگەر فەرمانبەر حوکم درا بە کاریکی ئابرۆ بەر سزایەکەی بە پێی ئەم یاسایە چی دەبێت وە هەر وەها لە سزای جیاکردنەوەش ( العزل) باسی ئەم کردارە ئابرۆ بەرە نەکراوە ئەگەر فەر مانبەر لە سەری حوکم درا جیابکرێتەوە بەلام بەرای من دەبێت فەرمانبەر جیابکرێتەوە چونکە یەکێك لە مەرجەکانی دامەزراندن نابێت فەرمانبەر حوکم درابێت بە کەتنێت پەیوەست بە ئابرۆ (شرف) بێت .

**هەشتەم: جیاکردنەوە (العزل):** دەرکردنی فەرمانبەرە لە فەرمانبەرایەتی بەشێوەی کۆتایی و نابێ جارێکی تر دابمەزرێتەوە لە فەرمانگاکانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ئەمەش بە بریارێك دەبێ لەلایەن وەزیر وە هۆیەکانی تیایدا دیاری دەکرێن وە لە یەکێ لەم حالەتانەی خوارەوە:-

أ- ئەگەر سەلمێنرا کردەوەیەکی ترسناکی ئەنجام داوە وا دەکات مانەوەی لە راژەی دەوڵەت زیان بە بەرژەوەندی گشتی بگەیەنێ.

ب – ئەگەر حوکم درا بە تاوانێك کە لە ئەنجامی فەرمانبەرایەتی ئەنجامی داوە یان بەشێوەی فەرمی کردویەتی .

ج- ئەگەر سزادرابوو بە دەرکردن دواتر دامەزرایەوە وە کردەوەیەکی ئەنجامدا کە دەبوو جارێك تر دەربکرێتەوە ئەم جارە دەرناکرێت جیا دەکرێتەوە.

ئەم سزایە توندترین سزایە کە بەسەر فەرمانبەردا دەسەپێندریت بەتایبەتی بەسەر ئەو فەرمانبەرانەی کە جاسوسی بۆ لایەنیکی بیانی بکەن وە نهێنیەکانی فەرمانگەکەی بداتە ئەوان وەزیان بەبەرژەوەندی گشتی بگەیێنێت .

# باسی دووەم

# چون ئاسەواری سزا لەسەر فەرمانبەر جێ بەجێ دەکرێ

یەکەم: ماوەی دواخستنی بەرزکردنەوە پلەی یان سەرموچەی لە بەرواری شایستە بوونی فەرمانبەر بە بەرزکردنەوەی پلە یان سەرموچە دەست پێ دەکات.

دووەم: ئەگەر فەرمانبەر سزادرا بە زیاتر لە سزایەك لەمیانەی یەك پلەی فەرمانبەرایەتی ئەوا کام سزای توندتر بوو کە پەیوەندی بە دواخستنی بەرزکردنەوە هەیە ئەوەی لەسەر جێ بەجێ دەکرێ بەو پێیەی بڕیاری لێدراوە لە بڕگەی پێشوو.

سی یەم : نابێت زیاتر لە سزایەك بە سەر فەرمانبەر بسەپێندریت بۆ یەك سەرپێچی بۆ نمونە نابێت فەرمانبەر لەسەر سەرپێچیەك سزای برینی موچە بۆ ماوەی ٨ رۆژو سەرزەنشت کردنی دەبێت سزایەکە یان برینی موچە بێت یان سەرزەنشت کردن.

Scanned with CamScanner

# باسی سێیەم

# چونیەتی سەپاندنی سزا یەکان

**بەپێی حوکمەکانی مادە ١٠ لەیاسایی ڕێککاری فەرمانبەرانی گشتی دەست نیشانیچونیەتی سەپاندنی سزا بەسەر فەرمانبەران کراوە بەم شێوەیەی خوارەوە:**

یەکەم: لەسەر وەزیرە یان سەرۆکی فەرمانگەیە لیژنـەی لێکۆلینـەوە پێـك بهێنێ لە سەرۆك و دوو ئەندام لەو کەسانەی خاوەنی شـارەزایین وە دەبـێ یەکێ لەوانە هەلگری بڕوانامەی زانکۆیی بێت لە یاسا.

دووەم: لیژنە لێکۆلینەوە دەبێت بە نووسین لەگـەڵ فەرمانبـەری سەرپێچـی کار کە دراوەتە ئەو لیژنەیە لێکۆلینەوە بکـات وە لـەپێناو جـێ بـەجێ کردنی ئەرکەکانی بۆی هەیە گوێ لەفەرمانبەرەکەو شاهیدەکان بگـرێ و ووتەکانیان بنووسێ وە تەماشای سەرجەم ئەو بەڵگە نامەو زانیاریانـە بکات کە بە پێویسـت و گرینگـی دەزانـێ بـۆ لێکۆلینـەوە وە دەبێت کۆنووسێك بنووسێت و هەموو ئـەو کارڕاییانـەی ئـەنجامی داوە تیایـدا جێگیر بکات لەگەڵ ئەو ووتانەی گوێبیستی بووە لەگـەل ڕاسـپاردەکانی وە دیاری کردنی هۆیەکانی ئەو ڕاسپاردانە ، یان بە لێ نەپرسـینەوە لـە فەرمانبەر وە داخستنی لێکۆلینەوە یان بە سەپاندنی یەکێ لەم سزایانە لەم یاسایە دەقی بـۆ دارێـژراوە ، و بەرزکردنـەوەیان بـۆ ئـەم لایەنـەی فەرمانبەرەکەی بۆ هەواڵە کردون .

سێ یەم: ئەگەر لیژنەکە بۆی دەرکەوت کردەوەی ئـەو فەرمانبـەری دراوەتـە لیژنە تاوانێکی دروست کردوە بە هـۆی فەرمانبەرایەتیەکـەی یـان بـە

سیفەتی فەرمی ئەنجامی داوە ئەوە دەبێ رابسپێرێ بە رەوانەکردنی فەرمانبەرەکە بۆ دادگای تایبەتمەند.[1]

چوارەم: بە دەر لە حوکمی بڕگەکانی (یەکەم و دووەم) لەم ماددەیە بۆ وەزیر یان سەرۆکی فەرمانگە هەیە پاش لێپرسینەوە لە فەرمانبەری سەرپێچی کەر راستەوخۆ هەر یەك لەم سزایانەی خوارەوە بەسەردا بسەپێنیت :

أ - سەرنج راکیشان

ب - بە ئاگاهینانەوە

ج - بڕینی موچە

پینجەم :ئەگەر دەرکەوت بۆ وەزیر یان سەرۆکی فەرمانگە یان ئەو فەرمانبەرەی دەسەلاتی پێدراوە لەلایەن وەزیرەوە یان ئەنجومەنی رێککاری گشتی لە کردەوەی ئەو فەرمانبەرەی دراوەتە لیژنەی لێکۆلینەوە یان لە ناوەڕکی تۆمەتەکەی تاوانی لێ پەیدابووە بە هۆی فەرمانبەرایەتیەکەی یان ئەنجامی داوە بە شێوەی فەرمی ئەوە دەبێ بدرێتە دادگای تایبەتمەند.

شەشەم : رێگر نابن لە ئەنجامدانی لێپێچینەوە لەگەل فەرمانبەر ئەگەر راژەکەشی خواسترابێت یان گواسترابێتەوە بۆ فەرمانگەیەکی تر.

حەوتەم : ئەستۆپاکی فەرمانبەر یان ئازادکردنی لەسەر ئەو کردەوەیەی لە پێناوی دراوەتە دادگای تایبەتمەند نابێتە رێگر بۆ سەپاندنی یەکێ لەم سزایانەی لەیاسای ریککاری فەرمانبەرانی ژمارە ١٤ سالی ١٩٩١ ی هەموار کراودا هاتون.

---

[1] قانون انضباط موظفي الدواة رقم ١٤ لسنة ١٩٩١ المعدل

Scanned with CamScanner

# باسی چوارەم

# دەسەلاتی سەپاندنی سزاکان

دەسەلاتی سەپاندنی سزا بەسەر فەرمانبەران بەم شێوەیەی خوارەوەیە:
یەکەم: بۆ سەروك کۆمار یان ئەو کەسەی دەسەلاتی پێ دەدات هەر یەك لەم سزایانە بسەپێنی بەسەر ئەو فەرمانبەرانەی پاشکۆی ئەون .
دووەم: بۆ سەروکی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیر یان سەرۆکی فەرمانگەی نەبەستراوە بە وەزارەت هەیە یەکێك لەم سزایانەی خوارەوە بسەپێنی بە سەر ئەو فەرمانبەرانەی سەر بە وەزارەتەکەی یان فەرمانگەکەیەتی :

أ - کەم کردنەوەی موچە
ب - داگرتنی پلە
ج - دەرکردن
د - جیاکردنەوە

سی یەم: بەرەچاوکردنی ئەنجامی راسپاردەکانی لیژنەی لیکولینەوە وە دەسەلاتەکان بۆ وەزیر هەیە هەریەکێك لەم هەشت سزایانەی لەسەرەوە باسمان کردون بیانسەپێنیّ لەسەر ئەو فەرمانبەرەی سەرپێچی حوکمەکانیان دەکات.
چوارەم: بۆ سەرۆکی فەرمانگە هەیە یان ئەو فەرمانبەرەی دەسەلاتی پێدراوە هەریەك لەم سزایانەی خوارەوە بسەپێنی بەسەر ئەو فەرمانبەرەی کە سەرپێچی حوکمەکانیان دەکات:

أ- سەرنج راکێشان.

ب- بە ئاگاهێنانەوە.

ج- بڕینی موچە بۆ ماوەیەك لە پێنج رۆژ تێپەر نەکات.

د- سەرزەنشت کردن.

پینجەم: ئەگەر راسپاردەی لیژنەکە سەپاندنی سزایەك بوو لەوانەی لە برگەی (دووەم) ئاماژەی پی کراوە ئەوە لەسەر سەرۆکی فەرمانگەیە یان ئەو فەرمانبەرەی دەسەلاتی پیدراوە ئاراستەی وەزیری بکات بۆ ئەوەی وەزیر بڕیاری کۆتایی لیبدات.

## دەسەلاتی سزادانی بەرێوەبەرەگشتیەکان بەرەوسەر

لە مادەی (١٢)ی یاسای ریککاری فەرمانبەرانی گشتی ژمارە ١٤ سالی ١٩٩١ هەموارکراودا هاتوە لەریگای لیژنەی لیکۆلینەوە بەم شیوەیەی خوارەوە دەسەلاتی سەپاندنی سزا بەسەر بەرێوەبەرە گشتیەکان و بەرەو سەر دەست نیشان کراوە:

یەکەم: لەگەلّ رەچاوکردنی راسپاردەکانی لیژنەی لیکولینەوە بۆ وەزیر هەیە سزای سەرنج راکیشان یان بە ئاگا هینانەوە یان بڕینی موچە بسەپێنیّ بە سەر ئەو فەرمانبەری ئەرکی بەڕیوەبەری گشتی و بۆ سەروە دەبینیّ کاتیك کاریك بکات پیچەوانەی حوکمەکانی ئەو یاسایە بیّ.

دووەم: ئەگەر بۆ وەزیر روون بووەوە لە میانەی لیکۆلینەوە ئەو فەرمانبەری حوکمی برگەی (یەکەمی) دەگریتەوە کرداریکی ئەنجام داوە پیویست بە سەپاندنی سزایەکی توندتر دەکات لەوەی

لە دەسەڵاتی خۆی دایە ، لە سەریەتی ئەمە بخاتە بەر دەست ئەنجومەنی وەزیران وە پێشنیاری سزایەك بكات لەم سزایانەی خوارەوە:

أ - سەزەنشت کردن

ب - کەمکردنەوەی موچە

ج - دابەزاندنی پلە

د - دەرکردن

هـ - جیاکردنەوە ( عزل) .

Scanned with CamScanner

# باسی شەشەم

## هەلوەشاندنەوەی سزاكان /الغاء العقوبات

هەروەك لە مادەی (١٣) یاسای ریككاری فەرمانبەران هاتوە سزاكانی سەپێندراو هەلدەوەشێنەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

یەكەم: بۆ وەزیر هەیە هەریەك لە سزاكانی (سەرنج راكیشان و بەئاگاهینانەو برینی موچەو سەرزەنشت كردن ) كەسەپێندرابێت بە سەر فەرمانبەر هەلیانبوەشێنێتەوە ئەگەر ئەم مەرجانەی لای خوارەوە هاتە دی:

أ- بە سەر چوونی ماوەی سالێك بە سەر سەپاندنی سزاكە.

ب- هەلسانی فەرمانبەر بەكاری نایاب كە جیاواز بێت لە كاری هاوەلەكانی خۆی.

ج- هیچ سزایەكی بە سەردا نەسەپێندرابێ لەو ماوەی لە بەندی (أ) لەم برگەیە ئاماژەی بۆ كراوە. وە بەرای من ئەم برگەیە دووبارە بووی برگەیەی (ب) یە چونكە ئەگەر فەرمانبەر كارەكانی بە باشی وجیاواز لە هاوەلانی ئەنجام دا بێت شایستەی سزادان نیە بەلكو شایستەی سوپاسنامەیە ئاراستەی بكرێت.

د – سزاكانی سەرنج راكێشان و بە ئاگا هێنانەوە بە ئاراستەكردنی سوپاسنامە بۆ فەرمانبەر هەلدەوەشێنەوە (سزای سەرنج راكێشان بە یەك سوپاسنامە لادەچێت وە بە ئاگاهێنانەوە بە دوو سوپاسنامە

هەڵدەوەشێتەوە لە سەرۆکایەتی یان وەزیر یان ئەوەی وەزیر دەسەڵاتی پێداوە .

هـ – سوپاسنامە لە سەرۆك کۆمار ئاراستەی فەرمانبەر بکرێت (٦) پێشخستن پ ێ دەدرێت بە مەرجێك لە ساڵێك زیاتر نەبێت.

دووەم: بڕیاری هەڵوەشانەوە هەموو کاریگەریەکانی سزاکە نـاهێڵێ ئەگەر هاتوو پێشتر ئەو کاریگەریانە تەوا ونەبوو بێ.

# باسی حەوتەم

# تانەگرتن لەسەر سەپاندنی سزایەکان / الطعن بقرار العقوبة

بە پێی حوکمی مادە (١٥ ) لە یاسای ڕێککاری فەرمانبەرانی گشتی فەرمانبەری سزا دراو بەیەکیك لە سزایەکانی (سەرنج ڕاکێشان ، بە ئاگاهێنانەوە ، بڕینی مووچە ، سەرزەنشت کردن ، کەم کردنەوەی مووچە ، دابەزاندنی پلە ، دەرکردن ، جیاکردنەوە ) تانە بگریت لە بڕیاری سەپاندنی سزایەکان بەم شێوەی خوارەوە:

یەکەم: تانە لێدان لە بڕیاری سزادان لە لایەن ئەو لایەنەی بڕیارەکەی دەرکردوە ، ئەوەش لەماوەی (٣٠ ڕۆژ) لە ڕۆژی ئاگادارکردنەوەی فەرمانبەر بە بڕیاری سەپاندنی سزا وە لەسەر لایەنی ناوبراوە بڕیار لەم بێدادیە بدات لە ماوەی (٣٠ ڕۆژ) لە ڕۆژی پێشکەش کردنی تانەکە وە ئەگەر بڕیاری لەسەر نەدا سەرەڕای کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیە وا دادەنرێت کە بێدادیەکەی (تانەکەی) ڕەت کراوەتەوە.

دووەم: ئەگەر داوای تانەگرتنی ڕەت کرایەوە لەلایەن ئەودەسەلاتەی سزایەکەی سەپاندبوو فەرمانبەر مافی هەیە تانە بگریت لەلای ئەنجومەنی ڕێککاری گشتی لە ماوەی سی ڕۆژ(٣٠) لە مێژووی ئاگادارکردنەوەی فەرمانبەر بە ڕەت کردنەوەی بێدادی بە شێوەی ڕاستی

یان حوکمی وە بۆی هەیە بڕیار بەڕاستاندن یان کەم کردنەوەی سزایەکە بدات یان هەڵیبوەشێنێتەوە.

سێ یەم : دەکرێ تانە لەبڕیاری ئەنجومەنی ڕێککاری گشتی بدرێ لە دەزگای گشتی ئەنجومەنی راوێژکاری دەوڵەت لەماوەی (٣٠ ڕۆژ) لە مێژووی ئاگادار کردنەوەی یان وا دادنرێ ئاگادارکراوەتەوە ، وە ئەو بڕیارەی لە دەزگای گشتی دەردەچێ بە کۆتایی دادەنرێت و پابەندی دەبێ.

چوارەم : ئەو بڕیارەی تانەی لێنە درێ لەو ماوەی دەقی بۆ داڕێژراوە لە هەردوو بڕگەی (یەکەم و دووەم ) بەکۆتایی ( قطعي) دادەنرێ.

پێنجەم: ئەنجومەنی ریککاری گشتی لە کاتی تەماشاکردنی تانە لێدان رەچاوی حوکمەکانی یاسای بنەما داد بینیە سزایەکان دەکات بە شێوەیەك بگونجێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە وە دادبینی کردنی بەشێوەی نهێنی دەبێ.

شەشەم: دەزگای گشتی ئەنجومەنی راوێژکاری دەوڵەت تایبەت مەندیەکانی دادگای تەمیز پەیرەو دەکات کە لەیاسادا بنەما دادبینیە سزایەکە دەقی بۆ دارێژراوە لەکاتی تەماشاکردنی ئەو تانەیەی پێش کەشی کراوە لەسەر بڕیارەکانی ئەنجومەنی ڕێککاری گشتی بە شێوەیەك بگونجێ لەگەڵ حوکمەکانی یاسای ریککاری فەرمانبەران .

# باسی حەوتەم

## دەست کێشانەوە ( سحب الید )

دەست کیشانەوەی فەرمانبەر ( سحب ید الموظف ) : بریتیە لە دوورخستنەوەی فەرمانبەر لە فەرمانگەکەی بۆ ماوەیەکی دیاری کراو لەبەر بەرژەوەندی گشتی بیت یان لەبەر دەستگیرکردنی لەلایەن لایەنیکی پەیوەندار وە لەم ماوەیەدا نیوە موچەی بۆ خەرج دەکریت تاکو هۆیەکانی کۆتای دیت .

## حالەتەکانی دەست کیشانەوە:

لەبەشی چوارەم لە مادەکانی شانزە و حەڤدە لە یاسای رێککاری فەرمانبەرانی گشتی هاتوە فەرمانبەر دەست کێشانەوەی لەکار دەکرێت لەم حالەتانەی خوارەوە:[1]

یەکەم :ئەگەر فەرمانبەر دەستگیرکرا لەلایەن لایەنێکی پەیوەندی دار لەسەر فەرمانگەکەی پێویستە دەستی بکێشێتەوە لەفەرمانبەرایەتیەکەی بۆ ماوەی دەستگیرکردنی.

دووەم: بۆ وەزیر یان سەرۆکی فەرمانگە هەیە دەستی فەرمانبەر لە کاربکێشنەوە بۆ ماوەیەك لە (٦٠)رۆژ زیاتر نەبێ ئەگەر بۆیان

---

[1] قانون انضباط موظفي الولة والقطاع العام رقم ١٤ لسنة ١٩٩١ المعدل

Scanned with CamScanner

دەرکەوت مانەوەی لە ئەرکەکەی زیان بە بەرژەوەندی گشتی دەگەیێنێ یاخود کاریگەری لەسەر بەرێوەچوونی لێکۆلینەوەکان دەبێ لەو کردەوەیەی لە پێناوی دراوەتە لێژنەی لێکۆلینەوە وە دەگەرێندرێتەوە بۆ هەمان ئەرکەکەی خۆی پاش کۆتایی هاتنی ئەو ماوەییەی باس کراوە جگە لەوەی ئەگەر هاتوو رێگریەك هەبوو دەکرێت کارێکی تر بە فەرمانبەر بسپێردریت و نەگەرێتەوە سەر کاری پێشوی.

سێ یەم : بۆ لێژنە هەیە راسپاردەی دەست کێشانەوەی فەرمانبەر بکات لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی لێکۆلینەوە ئەگەر هاتوو بۆ لێژنە دەرکەوت مانەوەی لە فەرمانگە زیان بە رەوشی لێکۆلینەوە دەگەیێنێت.

## چۆنیەتی کۆتای هاتنی دەست کیشانەوە

**دەست کێشانەوەی فەرمانبەر لە کاری لەم حالەتانەی خوارەوە کۆتای دێت:**

یەکەم: ئەگەر ئەو فەرمانبەرەی دەستی لە کار کێشراوە (دەرکرا یان جیاکرایەوە) ئەوا هیچ شتێکی لە موچەیەی راگیراوی نادرێتێ بەبێ رەچاوکردنی ئەوەی گەر دەرکردنی یان دوورخستنەوەی پشت بەیاسای ریککاری فەرمانبەران یان هەر یاسایەکی تر ببەستێ.

دووەم: ئەگەر ئەو فەرمانبەرەی دەستی لە کار کێشراوە سزا درا بە سزای( کەم کردنەوەی موچە یان داگرتنی پلە) ئەم سزایانە جێ بەجێ دەکرێ لە رۆژی دەست لەکار کێشانەوەی وە نیوە موچەکانی پی دەدریتەوە پاش برینی بەشی سزایەکان.

بۆ نمونە : فەرمانبەریك فەرمانی دەست کیشانەوەی بۆ دەرچو بۆ ماوەی دوو مانگ وە موچەی بنەرەتی مانگانەی ٣٦٨٠٠٠ دیناربوو وەدوای تەواوبونی ماوەکە سزا درا بە سزای کەمکردنەوە موچە بە ریژەی ٥٪ بۆ ماوەی یەك سال

وە دەست بەكاری فەرمانبەرایەتیەكەی بۆتەوە وە داوای گەراندنەوەی نیوە موچەكانی كرد؟

شیكار : نیوە موچەی مانگانەی = موچەی ÷ ٢ =٣٦٨٠٠٠ ÷٢ =١٨٤٠٠٠

كەم كردنەوەی موچەی = موچەی مانگانەی X ریژەی برین

=٣٦٨٠٠٠ X ٥% = ١٨٤٠٠ دینار مانگانە موچەكەی كەم دەكریتەوە

پاشماوەی موچەی مانگانەی لە نیوە موچەكەی دوای كەم كردنەوەی =

١٨٤٠٠٠ — ١٨٤٠٠ = ١٦٥٦٠٠ دینار دەبیت بۆی خەرج بكریت لە نیوە موچەی هەر مانگیك

كۆی پاشماوەی نیوە موچەكانی هەردوو مانگ = ١٦٥٦٠٠ X ٢ =٣٣١٢٠٠ دینار

سێ یەم: ئەگەر ئەنجامی لێكۆلینەوە یان دادگایی كردن ئەوەی لێكەوتەوە كە فەرمانبەرەكە هیچ شتێكی لەسەر ساغ نەبۆوە یان ئازادكرا یان سزادار بە سزایەك جگە لەوەی لە برگەی (٢)دا هاتووە ئەوا نیوە موچە راگیراوەكەی پێ دەدریتەوە.

چوارەم: ئەگەر فەرمانبەری دەست كێشراوە كۆچی دوایی كرد پێش دەرچوونی بریاری كۆتایی لێكۆلینەوە یان دادگایی كردن ئەوا نیوە موچە راگیراوەكانی دەدرێتە ئەوانەی مافی وەرگرتنی خانەنشینیان هەیە بەپێ ی حوكمەكانی یاسای خانەنشینی شارستانی ، وە كاتی نەبوونیان دەدرێتە میرات گرانی.

Scanned with CamScanner

# باسى هەشتەم

# سوپاسنامە/ الشكر

ئەگەر هاتو فەرمانبەر ئەركەكانى فەرمانبەرايەتى بەباشى ئەنجام دا يان زياتر لە فەرمانبەرانى تر خۆى ماندوو دەكات وە خزمەتى باشتر لەوان پيشكەش دەكات وە بۆ هاندان و ريزليننان لە ماندوبونى دەكريت سوپاس بكريت ئەويش بە ئاراستەكردنى سوپاسنامەيە بۆى لەسەروكايەتى يان ئەنجومەنى وەزيران يان لە وەزير يان ئەوەى دەسەلاتى پى دراوە.

## سودەكانى سوپاسنامە بۆ فەرمانبەر

جگە لەوەى كەسوپاسنامە ئارامى دەرونى بە فەرمانبەر دەبەخشيت لەرووى فەرمانبەرايەتيشەوە ئەم سودانەى خوارەوە ى بۆ دابين دەكات:

يەكەم :ئەگەر فەرمانبەر سوپاسى ئاراستەكرا لە سەرۆكايەتى يان ئەنجومەنى وەزيران يان وەزير يان ئەوەى دەسەلاتى پێ دراوە وە هيچ سزايەكى نەبوو ياخود سزا درابوو بەلاّم كاريگەرى تەواو بوو بوو ئەوا بۆ ماوەى يەك مانگ پێشخستنى پێ دەدرێ لە برِى هەر سوپاسێك كە ئاراستەى دەكرێ بەمەرجيك لە سێ پێش خستن زياتر نەبێ لە ماوەى يەك سالّ.بۆ نمونە ئەگەر فەرمانبەرێك لەماوەى ساليكدا( ٤ )سوپاسنامەى ئاراستە كراوە وە هيچ كاريگەرى سزاكانى لەسەر نيە

ئەوا تەنها ٣ مانگ پێشخستنی پێ دەدرێ بۆ سەرموچە یا برزکردنەوە ی داهاتو.

دووەم: بۆ فەرمانبەری سزادارو کاریگەری سوپاسنامە بەم شیوەیەی خوارەوە دەبیت:[١]

أ - یەك سوپاسنامە سزای سەرنج راکێشان هەڵدەوەشێنێتەوە

ب - دوو سوپاس نامە سزای بە ئاگا هێنانەوە هەڵدەوەشێنێتەوە

ج - سێ سوپاس نامە یان زیاتری وەرگرت و سزا درا بوو بە سزایەك لە بەئاگا هێنانەوە قورستر بوو ئەوا ماوەی دواخستنی پلە بەرزکردنەوەی کەم دەکرێتەوە ماوەی یەك مانگ لە بەرامبەر هەر سوپاسنامەیەك بەلام لە سێ مانگ زیاتر نەبێت لە سالێك دا. بۆ نمونە فەرمانبەریك سزادرا بە سزای سەرزەنشت کردن وە لە ماوەی جێ بەجێ کردنی سزایەکە بەسەر فەرمانبەر ٤ سوپاسنامەی وەرگرت تەنها ٣ سوپاسنامە کاریگەریان دەبێت وە ماوەی دواخستنی بەرزکردنەوەی پلەی یان سەرموچەی دەبێتە ٩ مانگ لەجیاتی سالێك.

# باسی نۆیەم

## زیان لی‌سەندنەوە لە فەرمانبەر / تضمين الموظف

لە برگە یەکی مادەی (٦١) یاسای راژەی شارستانی ژمارە٢٤ سالی ١٩٦٠ هەموارکراودا هاتوە کە وەزیری پەیوەندار دەسەلاتی پێدراوە کە قەرەبوی ئەو زیانانە لەفەرمانبەر وەربگرێتەوەکە بە گەنجینەی دەولەتی گەیاندوە بەهۆی کەمتەرخەمی یان سەرپێچی کردنی یاساو ریساو رێنمایەکان کە پەیرەو دەکرێن وە فەرمانبەریش دوای ئاگاداربونەوەی بە بریاری وەزیری پەیوەندار بەسەپاندنی زیانەکان لەسەری مافی تانە گرتنی هەیی لە لایەن دادگاکانی شارستانی لە ماوەی (٣٠) رۆژ لە ئاگادارکردنەوەی بە بریاری وەزیر وە دادگا کێشەکە یەکلا دەکاتەوە.

وە بە پێی مادە (٦٢) لەیاسای جێ بەجێ کردنی(قانون التنفيذ) ژمارە ٤٥ سالی ١٩٨٠ کە دەست نیشانی ئەو سامانانەی کردوە کە نابێت دەستیان بەسەر دابگیرێت کە لە برگە (١٠) هاتوە نابێت زیاتر لە پێنج یەکی موچەی فەرمانبەر دەستی بەسەردابگیرێت وە بۆمان دەردەکەوێت لەکاتی سەپاندنی قەربوکردنەوەی زیان بەسەر فەرمانبەر نابێت زیاتر لە پێنج یەکی کۆی موچەی فەرمانبەر دەستی بە سەر دابگیرێت بۆ ئەم مەبەستە[١].

ئەگەر فەرمانبەر لە خزمەت دەرچو بەهۆی خانەنشین کردن یان دەست لەکار کێشانەوە یان مردن یا هەر هۆیەکی تر بێت دەربازی نابێت لە دانەوەی

---

[١] الوقائع العراقية ٢٧٦٣ في ١٩٨٠/٣/١٧

Scanned with CamScanner

ئەو زیانانەی کە بە دەوڵەتی گەیاندووە بە سەری سەپێندراون لە لایەن وەزیری پەیوەندار.

بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە یاسا دانەری عێراقی یاسای بیمە کردنی فەرمانبەرانی ژمارە (١٠٤) سالی ١٩٦٠ ی دەرهێنا بۆ بیمە کردنی ئەو وەزیفانەی کە ئەرکیان پارە دان و وەرگرتنە یان پاراستنی یان ئامادەکردنی شێکە یان ئەمینداریەتی کۆگایە، ...هتد بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو کەسە کە فەرمانبەرایەتیەکە بەڕێوەدەبات بۆ ئەوەی کۆمپانیای بیمە کردن قەرەبوی دەوڵەت بکاتەوە لەو زیانانەی کە فەرمانبەر بە دەوڵەتی گەیاندوە.

# سەرچاوەکان

قورئانی پیرۆز

صحيح البخاری

کتێبەکان:

١ – اسس وضوابط الخدمة ، من منشورات وزارة المالية والاقتصاد لاقليم كوردستان ، اربيل،٢٠٠١

٢ – د. جميل جودت ابو العينين ، اصول الادارة في القرأن والسنة، دار ومكتبة الهلال، بيروت،٢٠٠٢

٣ – د. شاب توما منصور ، القانون الاداری،ج١، مطبعة جامعة بغداد، بغداد،١٩٧١

٤ – د. شوقي ناجي جواد ، مبادىء الادارة ، دار التقني ، بغداد، ١٩٨٨

٥– صباح المفتي ، قانون الخدمة المدنية ، المكتبة القانونية ، بغداد، ٢٠٠٦

٦ – د. عبدالقادر الفار، احكام الالتزام /اثار الحق، مكتبة دار الثقافة للنشر، عمان، ١٩٩٧

٧ – وائل النور بندق ، التنظيم الدولي لحقوق الانسان، دار الفكر الجامعي ، الاسكندرية، ٢٠٠٤

٨– د. يوسف الياس ، المرجع العملي في شرح قوانين الخدمة والانضباط والتقاعد، دار التقني ، بغداد،١٩٨٣

الدساتير

الدستور العراقی لسنه ٢٠٠٥

Scanned with CamScanner

## القوانين

١ - قانون الخدمة المدنية رقم ٢٤ لسنة ١٩٦٠ المعدل

٢ – قانون الملاك رقم ٢٥ لسنة ١٩٦٠ المعدل

٣ – قانون انضباط موظفي الدولة والقطاع العام رقم ١٤ لسنة ١٩٩١ المعدل

٤ – قانون التقاعد الموحد رقم ٢٧ لسنة ٢٠٠٦ المعدل

٥ – قانون رقم ٢٢ لسنة ٢٠٠٨

٦ – قانون رقم ٢٣ لسنة ٢٠٠٨ المعدل قانون الخدمة الجامعية

٧ – قانو العجز الصحي رقم رقم ١١ لسنة ١٩٩٩

٨ - قانون الخمة المدني الاماراتي

## الصحف

الوقائع العراقية العدد ٢٧٦٣ في ١٩٨٠/٣/١٥

الوقائع العراقية العدد ٤٠٨٤ في ٢٠٠٨/٨/٢٥

Scanned with CamScanner

# سوپاس و پێزانین

پر بە دل سوپاسی هەر شارەزاو پسپۆڕێك دەکەم کە ئاگادارم بکاتەوە لە هەر کەم کورتیەك کە لە بابەتەکانی ئەم کتیبە هاتوون یان هەر زانیاریەکی تازە کە لە بەردەستم نەبووە لە کاتی ئامادەکردنی کتێبەکە وە بەم ناونیشانانەی خوارەوە:

ژمارەی مۆبایل: ٠٧٥٠٤٩٣٠٢٧٠

٠٧٧٠٦٥٠٣١٥٥

پەیمانگەی تەکنیکی کارگێری هەولێر / بەشی کارگێری یاسایی

ئیمایل: dindarhussain@yahoo.com

Scanned with CamScanner




Scanned with CamScanner